# پێنج توێژینەوەی ئەدەبی

پ.د. هاوژین صلیوە

# پێنج توێژینەوەی ئەدەبی

پ.د. هاوژین صلیوە

٢٠٢٤

* ناوی کتێب: پێنج توێژینەوەی ئەدەبی

* بابەت: ڕەخنە

* پ. د. هاوژین صلیوە

دیزاینی ناوەوە: نووسەر

* دیزاینی بەرگ: شیاو سەرتیپ

* چاپ: چاپخانەی حاجی کامیل ـ سلێمانی

* ساڵ: ٢٠٢٤

* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (٢٠٤)ی ساڵی (٢٠٢٤)ی پێدراوە.

## ناوەرۆك:

پێشەکی.............................................................................................٥
١. مێژووی وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبی لە نێوان زمانی (کوردی و سریانی)دا ......................................................................... ٧
٢. بەراوردی پەند و ئیدیۆمی سریانی و کوردی...................................٤٣
٣. ئیستاتیکا لە شیعری چەپکە گوڵێك بۆ ست فاتیمەی (هەردی)دا........................................................................٦٥
٤. ڕەنگدانەوەی کەلەپووری میللی لە شیعری گۆراندا......................١١٩
٥. مەبەستەکانی شیعری منداڵان لە گۆڤاری کەکۆندا...................١٤٨
ژیاننامەی نووسەر.............................................................٢٠٠

## پێشەکی:

ئـەم کتێبـەی لەبـەر دەسـتی ئێـوەی بـەڕێزە، لـە پێـنج توێژینـەوە پێکهاتووە، کە پێشتر لە گۆڤارە ئەکادیمییەکانی زانکۆکانی کوردستان بڵاوکراونەتەوە، بەپێویستم زانی کۆیان بکەمەوە و لە دوتوێی کتێبێک بە چاپیان بگەیێنم. هەریەک لـەم توێژینەوانـە لـە بـوارێکی ئـەدەبی و فکـری مێژوویـی دەدوێـن و پشـت بەسـتن بـە مێتـۆدێکی ڕەخنـەیی و ئەمانەن:

یەکەم: مێژووی وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبی لـە نێوان زمـانی کـوردی و سـریانیدا: ئـەم توێژینەوەیـە لـە مێـژووی وەرگێڕانـی ئـەدەبی زمـانی کـوردی و سـریانی دەدوێ و ئـەو کتێـب و دەستنووسـانە خراونەتـە ڕوو کە لەنێوان ئەم دوو زمانە وەرگێڕدراون، دواتـر باسـی ئاستەنگ و ڕێ و شوێنەکانی بۆ بەرەو پێشچوونی بواری وەرگێڕان لـەنێو ئـەو دوو زمانە باس کراوە، بەهاو گرنگی دان بە بـواری وەرگێـڕان لـەنێو هەردوو زمانەکەدا خراوەتەڕوو.

دووەم: بـەراوردی پەنـد و ئیـدیۆمی سـریانی و کـوردی: لـەم توێژینەوەیەدا بەراوردی کۆمەڵێ پەند و ئیدیۆمی سریانی و کوردی کراوە و ڕووی پێکچوو و جیاوازییەکان خراوەتە ڕوو.

سێیەم: ئیستاتیکا لە شیعری چەپکەگوڵێک بۆ ست فاتمـەی هەردیدا: ئـەم شـیعرەی ئەحمـەد هـەردی لـە ڕووی ستاتیکاوە خراوەتـە ڕوو و لایەنی جوانی لەڕووی زمان و مۆسیقا و وێنـە و بیرۆکـەی شـیعرەکە باس کراوە.

چوارەم: ڕەنگدانەوەی کەلەپووری میللـی لـە شـیعری گۆراندا: گـۆرانی شاعیر زۆر کاریگەرە بە فۆلکلۆری کوردی، بـەڵام زیرەکانـە سـوودی

لەم فۆلکلۆرە وەرگرتووە، ئێمەش لە چەند ڕووەوە بەراوردی دەقەکانی گۆران و بابەتگەلێکی کەلەپووری و فۆلکلۆری کوردیمان کردووە و ڕووی پێکچوون و خاڵی گەشە و گۆڕان و داهێنانەکانی گۆرانمان خستۆتە ڕوو.

پێنجەم: مەبەستەکانی شیعری منداڵان لە گۆڤاری کەکۆندا: گۆڤاری کەکۆن ئەو گۆڤارەیە کە لەساڵی ٢٠٠٨-٢٠٢٤ هەربەردەوامە و کە تا ئەو ڕێکەوتە (٧٥)ژمارەی لێدەرچووە، گۆشەی نەوەکانمان وەرگرتووە، کەتایبەت بووە بە جیهانی منداڵان، لەنێو ئەوانەشدا تەنها شیعرمان وەرگرتووە و قسەمان لەبارەی کردووە.

هیوادارم توانیبێتم کلاورۆژنەیەکی نوێم لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی کوردی کردبێتەوە و تیشکم خستبێتە سەر کۆمەڵێ بواری ئەدەبی و فیکری و مێژوویی و بەراورد و هاوسەنگی ئەدەبی و مێژووی ڕۆژنامەنووسی.

کۆیە – هەرمۆتە

٢٠٢٤/٣/٣

## مێژووی وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبی لە نێوان زمانی (کوردی و سریانی)دا

کورتەی باس:

وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبی لە نێوان زمانی (کوردی و سریانی) بنەمای توێژینەوەکەمانە، نەتەوەی کورد و سریان بەسەدان ساڵە پێکەوە دەژین، بەڵام بەرکەوتنی کەلتووری لە نێوانیان زۆر کەمە. بە تایبەتی لە بواری وەرگێڕانی ئەدەبییەوە. بەدواداچوونم بۆ کەمی وەرگێڕان لە نێوان ئەم دوو زمانە کردووە و ڕێگا چارەشم پێشنیاز کردووە. چەند هەوڵێکی سەرەتایی لەلایەن چەند کەسێکەوە هەیە، لەوانە کەسێکی نادیار؟! کە لە کۆتایی سەدەیی نۆزدەهەم مەمۆزینی ئەحمەدی خانی کردووە بە سریانی. قەشە سلێمان شێخۆ لە ساڵی ١٩١٥ توانیوەیەتی ٨٩١ پەندی پێشینانی کوردی کۆبکاتەوە و سەرجەمیشیان وەربگێڕێتە سەر زمانی سریانی. ئەمانە و چەند هەوڵێکی تر بووین بە بنەمای توێژینەوەکەمان.

## پێشەکی:

وەرگێڕان بەهایەکی زۆر گرنگی هەیە، بۆ تێگەیشتن لەدید و بۆچوونی دیکە و گەشەکردن و برەودان بە شارستانییەت. هەموو ئەو گەلانەی کە لە کۆنەوە بزووتنەوەی وەرگێڕانیان زۆر بووە توانیویانە هەمیشە زانینی نوێ بەدەست بهێنن و خۆیان بەجیهان بناسێنن و جیهانیش ئەوان بناسن.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، هەست کردنی من بوو بۆ ئەو بابەتە هەستیارە کە بە سەدان ساڵە گەلی کورد و کلدان و سریان و ئاشوور(سورایا – سریان)، پێکەوە دەژین، بەڵام لە بواری وەرگێڕانی نێوان ئەم دوو زمانەدا ئیشی کەم کراوە، بۆئەوەی هۆکارەکان بدۆزینەوە و هەنگاوە ڕژدەکان دەست نیشان بکەین و بیانخەینە ڕوو.

سنووری لێکۆڵینەوەکە: سنوورەکەمان لە چوار چێوەی ساڵ و سەردەم کەمەربەند نەکردووە، بەڵکو بە قۆناغەکانی مێژوو داهاتووین و سەرچنێکمان کردووە و ڕەنگ و ڕووی بابەتەکەمان خستۆتە ڕوو.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: تیشک خستنە سەر ئەم بابەتە گرنگ و هەستیارەیە، خستنە ڕووی ئاستەنگەکان و چۆنیەتی چارەسەر کردن و هەنگاو هەڵێنان بۆ برەودان بە بواری وەرگێڕان لە نێوان زمانی کوردی و سریانیدا.

گیر و گرفتی لێکۆڵینەوەکە: کەمی بابەتی وەرگێردراوی ئەدەبی لە نێوان زمانی کوردی و سریانی، پاش بە دواگەڕانێکی زۆر و پرسین هەندێ سەرەبابەتمان دەست کەوت.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە: میتۆدی وەسفی مێژووی ئەدەبمان گرتۆتە بەر.

ستراکتۆری لێکۆڵینەوەکە: توێژینەوەکەمان لە(پێنج)تەوەرە پێکهاتووە.

تەوەرەی یەکەم: کورتە مێژووی زمانی سریانی و دیالێکتەکانی، لەم تەوەرەیەدا مێژووی سەرهەڵدان و گەشەکردنی زمانی سریانی خراوەتە ڕوو، لەگەڵ ئەو دیالێکتانەی سەر بەزمانی سریانین و دواتر کێشەی زاراوەی کلدان و سریان و ئاشوور خراوەتە ڕوو و هەموومان لە بۆتەی زمانی ئارامی نوێ (سریانی) کۆکردۆتەوە.

تەوەرەی دووەم: مێژووی وەرگێڕان لە نێوان زمانی کوردی و سریانی: لەم تەوەرەیەدا باسی سەرەتاکانی وەرگێڕانی زمانی سریانیمان کردووە، لەنێوان زمانی یۆنانی و عەرەبی و ناوی ئەو کەسە پێشەنگانەمان خستۆتە ڕوو کە لەم بوارەدا دەست ڕەنگینییان نواندووە.

تەوەرەی سێیەم: هۆکارەکانی کەمی وەرگێڕان لە نێوان زمانی کوردی و سریانی: لەم تەوەرەدا گرنگترین ئەم هۆکارانەی وای کردووە کە زۆر بەکەمی وەرگێڕان لەنێوان زمانی کوردی و سریانی بکرێ خراوەتە ڕوو.

تەوەرەی چوارەم: زمانی سریانی هەوڵ و ئاستەنگەکانی: لەم تەوەرەیەدا باسی زمانی سریانیمان کردووە، هەروەها ئەو ئاستانگانەمان خستۆتە ڕوو کە وای کردووە بەشێکی زۆری تەنانەت سریانی زمانەکانیش نەتوانن دەقە سریانییەکان بخوێننەوە، ئەو هەوڵانەش خراوەتە ڕوو کە بەرەو بوژانەوەی زمانی سریانی هەنگاوی ناوە.

تەوەرەی پێنجەم: نموونەی وەرگێڕانی ئەدەبی لە نێوان زمانی کوردی و سریانیدا: لەم تەوەرەیەدا هەوڵمان داوە ئاماژە بەو دەست نووس و کتێبانە بکەین کە لە سریانییەوە کراون بە کوردی یان

بەپێچەوانەوە. دواتر ئەنجام و پێشنیازەکانمان خستۆتە ڕوو، لەگەڵ لیستی ئەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێوەرگیراوە.

## ١- کورتە مێژووی زمانی سریانی و دیالێکتەکانی:

زمانی سریانی یەکێکە لەو زمانانەی سەر بە خێزانی زمانە سامییەکانە (( بنەچەکەی بۆ زمانی ئارامی دەگەڕێتەوە، مێژووەکەی بۆ هەزار ساڵی پێش میلاد دەگەڕێتەوە، سەدەی شەشەمی دوای میلاد بە زمانی ئارامی ناسرا، بەڵام زمانی سریانی لە سەدەی چوارەمی میلادی ناوی دەرکرد، لەوکاتەی کە ئاینی مەسیحی لە وڵاتی شام بڵاو دەبووەوە.))( https://mawdoo3.com/%D9%85%D8%A7) دەتوانم بڵێم ئێستاش بیر و بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێک پێیان وایە ئارامی نوێ دیژە پێدەری زمانی سریانییە، هەندێ لە ڕۆشنبیرانیش بەو زمانەی کە مەسیحییەکانی عێراق و وڵاتانی دەور و بەر پێی دەدوێت بە زمانی (سوورەت) ناودەبەن.

((زمانی سریانی، تەنها هەر ئارامی نییە، بەڵکو لەبنەچەی زمانی سامییە، ناشتوانین جەوهەری ئارامی و سریانی لێکدابېڕێنین)) ١٨٨٧،https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=536585 چونکە ئەو شێوە پێشکەوتووەی زمانی ئێستای مەسیحییەکانی عێراق و ئێران و بەشێکی مەسیحییەکانی سویا و تورکیا و لوبنان... دەگرێتەوە، هەموو زمانێکیش ڕۆژانە لە گەشە و گۆڕان دایە، هۆڕاس دەڵێت: زمان وەکو دارستان وایە بە بەردەوامی خۆی نوێدەکاتەوە.((زمانی سریانی لەلایەنی ئاینییەوە گرنگییەکی زۆری هەیە، لە کۆندا زۆر بەگرنگییەوە باسی سێ زمان کراوە لەوانە: سریانی، یۆنانی، لاتینی. هەروەها زمانی ئارامی زمانی حەزرەتی مەسیح بوو، لەوەشەوە گرنگییەکی زۆری هەیە)) (https://mawdoo3.com/%D9%85%D8%A7) موسا

پێغەمبەر بەزمانی عیبری دواوە، ئەو زمانەش لە خێزانی زمانی سریانییە، چونکە جولەکەکانی کوردستان بەرلەوەی بڕۆن بۆ فەلەستین بە زمانی سریانی دواون مەسیحییەکانی کوردستان لێیان حاڵی بووین، مسیۆنێری فەرەنسی ژاک ڕێتۆری لە ساڵی ١٨٧٨ گەشتێکی بۆ کوردستان کردووە و سەبارەت بە جولەکەکان دەڵێت: ((جولەکەکان بە کلدانی بازاڕی قسەدەکەن، کە زمانی هاوبەشە لەگەڵ مەسیحییەکانی هەموو کوردستاندا))(ڕێتۆری، ٢٠٠٨: ٢٦) هەڵبەتە زمانی کلدانیش کە زۆر جار بە سریانی ناودەبردرێت و لە بۆیەکگرتنی دیالێکتەکان، ئێستا لە قوتابخانەکان بەزمانی سریانی ناوزەد کراوە. ئاماژە وەش کراوە کە پەیامبەری ئیسلام لەپاڵ زمانی عەرەبی زمانی سریانیشی زانیوە. بۆیە دەتوانین بە زمانی پێغەمبەرەکان ناوی ببەین. هەروەها زمانی لاتینی و سریانی ئەلف و بێی خۆیان هەبووە، زمانەکانی تر سوودیان لەم ئەلف و بێیانە وەرگرتووە... بۆیە دواتر میللەتی عەرەب سووی لە ئەلف و بێی سریانی وەرگرتووە، ئەم ئەلف و بێی عەرەبیەش فارس و کورد و تورک... سودیان لێوەرگرتووە و لەگەڵ تایبەتمەندی زمانی خۆیان گونجاندویانە. ئەو کۆمەڵە زمانانەی کە بە زمانی سامی ناودەبرێن، ناوەکەی بۆ سامی کوڕی نوح دەگەڕێتەوە. بە زمانی ئارامی تەورات نووسراوەتەوە، ئینجیلیش بە زمانی سریانی نووسراوەتەوە. بۆیە لەلایەن ئەورووپییەکانیش زمانی سریانی جێگای تێڕامان بووە و گرنگییان پێداوە. زمانی ئەکەدی و ئەهمەری و ئەغرینی و چەندان زمانی دیکە سەر بە بنەچەی سامین.

زمانی عەرەبی سوودی لە زمانی سریانی وەرگرتووە، سەدان وشەی سریانی هاتۆتە ناو زمانی عەرەبی و بەتەواوی دەناسرێنەوە، دەتوانم بڵێم مەسیحییەکانی لوبنان زمانی سریانی خۆیان لە نێو زمانی

عەرەبی تواندۆتەوە، چونکە بنەچەی هەردوو زمانەکە زۆر لێکنزیکن بۆیە بە ئاسانی قبووڵی وشەی یەکر دەکەن و زۆر جوان جێی خۆیان دەکەنەوە. عەرەبی لوبنان وشەی (ناتور) لە بری (حارس) بەکار دەهێنن، ناتور وشەیەکی سریانییە. وشەی (مرحبا)، سریانییە و چۆتە نێو زمانی عەرەبی بەواتای (الله محبة)، واتا خوا خۆشەویستییە.مار: واتا خودا. حەبا: واتا خۆشەویستی. جگە لەوەی بە هەزارەها وشە هەیە کە بنچیینەکەیان یەکەم.

| سریانی | عەرەبی | کوردی |
|---|---|---|
| ئیدە | ید | دەست |
| ڕێشە | رأس | سەر |
| لیشانە | لیسان | زمان |
| مۆیێ | ماء | ئاو |
| نورە | نار | ئاگر |
| شمەیا | سماء | ئاسمان |
| شمشە | شمس | خۆر |
| ئنوێ | عینب | ترێ |
| ملخە | ملح | خوێ |
| ڕزە | رز | برنج |
| ڕیخە | ریح | بۆن... |

بە سەدان وشەی تر...لێکنزیکی زمانی سریانی لە زمانی عەرەبی وەک لێکنزیکی زمانی کوردی و فارسی دێتە پێش چاوم. بۆیە هەست دەکرێ مەسیحییەکانی ڕۆژهەڵات بە هەوڵێکی کەمتر و زوو فێرە زمانی عەرەبی دەبن. ئەمە چەند وشەیەکی عەرەبی و سریانی بوو

خستمە ڕوو، بۆئەم مەبەستە وشەکان لە (گوندی هەرمۆتە ـ کۆیە) وەرگیراون.




دیالێکتەکانی زمانی ئارامی نوێ (سورەت) هەندێ جار بە سریانیش ناودەبردرێت، بەڵام چەند و چونی زۆری لەسەرە، چونکە پێیان وایە کە زمانی سریانی زمانێکی کۆنە و کتێبە دینییەکانی پێنووسراوەتەوە، ئەو زمانەی کە خەڵک قسەی پێدەکەن شێوەیەکی پێشکەوتووی ئەو زمانەیە، بنەچە و بنەوانی لە زمانی سریانی وەرگرتووە، بەڵام بە زمانی ئارامی نوێ (سوورەت) ناودەبردرێت.

زمانی سریانی هەزار ساڵ پێش زاین لە هەناوی زمانی ئارامی لەدایک بووە، سەر بە خێزانی سامییە.

<u>سامی</u> ئەم لقانەی لێدەبێتەوە: (١ـ عەرەبی، ٢ـ عیبری، ٣ـ فینیقی، ٤ـ ئارامی ٥ـ ئەکەدی....)، زمانی سریانی درێژکراوەی زمانی ئارامییە. عەرەب سوودی لە ئەلف و بێی سریانی وەرگرتووە، دواتر مشت وماڵیان کردووە. تەنانەت پاش ئەم هەموو گۆڕانکاریانەی پیتی عەرەبی، سیمای هاوبەش و پێکچوو لە نێوان ئەلفبێی سریانی و عەرەبی هەیە.

ئەلفبێی سریانی لە سەربنەمای: أبجد، هوز، حطي، کلمن، سعفص، قرشت. بنیاد نراوە و هەمووی ٢٢ پیتە.



ئەگەر سەیری پیتەکانی زمانی سریانی بکەین کە لەسەرەوە خراوەتە ڕوو، زۆر بەئەشکەرایی سیمای هاوبەشی پیتی عەرەبی و سریانی دەبینین. بەتایبەتی لە دەنگەکانی: گ،د، و، ز،ی،م، ص، ش. هەندێ پیتی تر هەیە کە پێویستی بە وردبوونەوە هەیە بۆئەوەی سیماکانیان بدۆزرێنەوە: بۆنموونە: ن، لە سریانی سێ شێوەی هەیە بەتایبەتی (ن)بزمار کە نوقتە و خەتێکە بۆخوارەوە، ئەوەی عەرەبی نووقتە و قاپێکە، ت لە زمانی سریانی وەک (ت) عەرەبییە بەس سەراوبن کراوە...

ئەو زمانەش دەبێتە سێ دیالێکت:

١ـ <u>زاری کلدان</u>: کریستیانەکانی: عەنکاوە، شەقڵاوە، کۆیە، سلێمانی، هەندێک لە کریستیانەکانی ئورمیە، ئەلقوش، موسڵ، تلکێف، کرەملێس، هەندێ لە مەسیحییەکانی دهۆک... قسەی پێدەکەن.

٢- زاری سریان: لە عێراق: بەرتلە، بعزان، بەغدیدێ. لەتورکیا: ناوچەی چیای عابدین، سوریا: دیمەشق، بەخعە، مەعلولە...قسەی پێدەکەن.
٣ـ زاری ئاشوور: دیانە، زاخۆ، دهۆک، هەندێ لە مەسیحییەکانی ئورمیە. هەندێ لە مەسیحییەکانی تورکیا...پێی دئاخفن.
دەتوانین بڵێین لە ئێستادا نموونەی هەر سێ زارەکە لە عەنکاوە هەیە و تێگەیشتن و تێکەڵاویشیان زۆرە. ساڵانێکی زۆرە مەسیحییەکانی عێراق و کوردستان بەرەو هاندەران ڕۆیشتوون و دەڕۆن. پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس ٢٠٠٣ ژمارەی مەسیحییەکانی عێراق ملیۆن و نیوێک بوو، کەچی لە ساڵی ٢٠٢٢ مەزەندە دەکرێ دووسەد هەزار تا دووسەد و پەنجا هەزار مەسیحی لەتەواوی عێراق مابێ. واتا لە ماوەی ئەم بیست ساڵە نزیکەی ٠/٠(٨٠)ی مەسیحییەکانی عێراق کۆچیان کردووە. ورتر بدوێن. ساڵی ٢٠٢٢((ژمارەی دانیشتوانی عێراق ٤٠ ملیۆنە ژمارە کریستیانەکان ٢٠٠-٣٠٠هەزار کەسە. ئەمەش پیشانی دەدات ئەم پێکهاتەیەی عێراق بەشێوەیەکی زۆر فراوان بەرەو هاندەران کۆچی کردووە، بۆیە ژمارەو ڕێژەیان بەشێوەیەکی دراماتیکی دابەزیوە))(کارێزی، گۆڤاری بانیبال، ژ٤٦: ١١٦)
هەرسێ زارەکەی زمانی سریانی(سورەت) لە هەموو جیهان پەرت بوونەتەوە، چونکە حاڵی سوریاش لە عێراق باشتر نییە. بەهۆی ژن و ژنخوازی و تێکەڵاویان لەگەڵ یەک ئاستی تێگەیشتنی هەرسێ زارەکە تاڕادەیەکی زۆر بۆ تاکی مەسیحی عێراق و کوردستان ئاساییە. هەندێ مەسیحی عێراق هەیە زمانی سریانی نازانن و تەنها بە زمانی عەرەبی دەپەیڤن، بەتایبەتی مەسیحییەکانی موسڵ و هەندێ لە مەسیحییەکانی بەغدا. ڕێژەیەکی کەمی مەسیحییەکانی سلێمانی، زمانی سریانی نازانن و بە زمانی کوردی دەپەیڤن.

هەندێ کەسیش بەهەڵە ئەرمەنییەکان لەگەڵ زمانی (سووورەت) تێکەڵ دەکـــەن، لەڕاســـتیدا زمـــانی ئەرمـــەنی زمـــانێکی ســـەربەخۆیە و شـیوەزارێکی زمـانی سـریانی نییـە، هۆکـاری ئـەو تێکـەڵ کردنـەش ئەوەیـە، لەبـەر ئـەوەی ئـەوانیش مەسـیحین بەشێکیشـیان لـە عێراق و کوردستان دەژین، بەهۆی ژن لێکتری هێنان لەگەڵ سریانی زمانەکان تاڕادەیەک تێکەڵ بووین.

**٢- مێژووی وەرگێڕان لە نێوان زمانی سریانی و زمانەکانی دیکە:**

وەرگێڕان ئەو ئاوە پاک و سازگارەیە دەڕژێتە نێو گۆمی مەعریفەی گەلان و نوێبوونەوەیەکی پێدەبەخشێ. بەرلەوەی باسی وەرگێڕانی لە نێوان زمانی کوردی و سریانی بکەین بە پێویستی دەزانین پێشینەی وەرگێڕان لە نێوان زمانی سریانی و زمانەکانی تر بخەینە ڕوو، ئینجا تیشک بخەینـە سـەر وەرگێـڕان لـە نێـوان زمـانی کـوردی و سـریانی. خەلیفـە مـەئموون ٨٣٠ ز گرنگییـەکی زۆری بـە بـواری ڕۆشـنبیری و وەرگێـڕان داوە. چەنـدین کەسـی سـریانی زمـان، کـە لـەپاڵ زمـانی سـریانی چەنـد زمـانێکی دیکـەیان زانیـووە. لـە مـاڵی حیکمـە (بیـت الحكمة)کاریان کردووە و بوونەتە کەسانی بلیمەتی مێژوویی لەوانە:

١ـ حـەنینی کـوڕی ئیسـحاق (حنين بن اسحق)لە حیرە لـەدایک بـووە، ٨٠٩-٨٧٣ وانەی پزیشکی لـە (جند يسابور) خوێنـدووە، زمـانی یۆنـانی فێربووە، پاشان گەڕاوەتەوە عێراق، زمانەکانی: سـریانی و عـەرەبی و یۆنـانی و فارسـی زانیـوە. لـە تـەواوی ژیـانی ٩٥ کتێبـی وەرگێڕاوەتـە سەر زمانی سریانی. ٩٣ کتێبیشی وەرگێڕاوەتە سـەر زمـانی عـەرەبی. چەنـدان کتێبیشـــی لـــەبارەی زانســـتی پزیشـــکی دانـــاوە. کتێبـــەکانی ئەرەستۆ و ئەفلاتوونی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی سریانی.

٢ـ ثابت بن قرة الحراني٨٦٣ ـ ٩٠١م  لە بواری زمانی عەرەبی و سریانی کاریکردووە. بە وەرگێڕان و نووسینەوە ١٥٠ کتێبی هەیە بەزمانی عەرەبی. وە ٢٥ کتێبیشی بەزمانی سریانی هەیە. ناوی زۆر کەسی دیکەش دێ کە لەبواری وەرگێڕان دەست ڕەنگینی خۆیان نواندووە، لەوانە: يوحنا بن البطريق، قسطا بن لوقا البعلبكي ٨٢٠ـ ٩٠٠. أبو بشر متى بن يونس ٣٢٨.

( www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=536585)

کۆنترین وەرگێڕ (خانەی قوبادی)یە ١٧٥٤ـ١٦٧٢کە خەسرە و شیرینی (نیزامی گەنجەوی) لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. واتا نزیکەی ٣٠٠ساڵ بەر لە ئێستا لە نێو کورد ئیشی وەرگێڕان کراوە.

د. قەشە یوسف حەبی دەڵێ: شتێکی گرنگ هەیە لە دراسەی سریانی لە ئەوروپا وایلێهاتووە گرنگی بەو زمانە بدەن بەهۆی پاراستنی دەست نووسەکانی سریانی کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بەدەستیان گەیشتووە و لە کتێبخانەکانیان پاراستوویانە. یەکەم کۆمەڵە وەزیری فەرەنسی کۆڵبێر لەو ساڵی کە مردووە ١٦٨٣ واتە ماوەک بەر لە مردنی ١١٤ دەست نووسی پەیداکردووە، ئەوە بووە ناوکی کتێبخانەی نیشتمانی لە پاریس، بەراود بە کتێبخانەی فاتیکان لەوکاتەدا تەنها ٤٩ دەست نووسی سریانی لە فاتیکان هەبووە، پاپا (اكليمينضص)ی یازدە چەندان دەست نووسی هێنا، لەوانە ٣٤ دانەیان لەبارەی دەروونزانی بوون لە دێری نەترۆنی سریانی لە میسر کڕیویەتی. فەهرەستی دەست نووسەکانی سریانی کە لە کتێبخانەی فاتیکان پارێزراون، کە سەمعانییەکان فەهرەستەکەیان نووسیوە لە ساڵی ١٧٥٩ ژمارەیان ١٥٠ دەست نووسی سریانی بووە. لە دوایدا کتێبخانەی سەمعانیشیان

تێکەڵ بەم دەست نووسانەی فاتیکان کرد، ژمارەکەیان لە ٣٠٠ دەست نووسی سریانی ڕەتی کرد. دروست کردنی کتێبخانەی بەرلینی سریانی لە سەدەی نۆزدە لە ساڵی ١٨٩٩ کە ٣٥٠ دەست نووسی سریانی لەخۆ دەگرت. زۆربەی ئەودەست نووسانەبوو کە ئیدوارد ساخۆ دەستی کەوتبوو لە ماوەی سەردانی کردن و گەشتەکانی بۆ ڕۆژهەلآت. دەتوانین بڵێن ئینگلتەرا زۆرترین ژمارەی دەستنووسە سریانییەکانی هەبوو. ژمارەی دەست نووسەکانی سریانی لە زانکۆی ئەلبۆدلیانییە لە ئۆکس فۆرت ٢٠١ دەست نووس بووە. زانکۆی کەمبەردج ٢١٥ دەست نووسی تێدابووە. ژمارەی دەست نووسەکان لە مۆزەخانەی بەریتانیا لە ٦٨ دانە بووە، دواتر زیادی کردووەبۆ ٨٠٠ دەست نووسی سریانی بەپێی ساڵی ١٨٣٨ ، کتێبخانەی برمنهام زیاتر لە ٦٠٠ دەست نووسی سریانی تێدایە. (دوفال، ت: قساب، ١٩٩٢: ل٩٨) لە کوردستان مەدرەسەی دینی مەسیحی زۆر بووە، بەتایبەتی لە موسڵ، لە هەولێر و شەقلاوە و کۆیە ـ هەرمۆتە و زۆر شوێنی تر. دێری مەربێنە قەدیشەی کۆیە فێرگەی پێگەیاندنی قەشە و ڕەبەنەکان بووە، شوێنی خوێندنیش دەبێ کتێب و دەست نووسی تێدابێ. ئەگەر چی جگە لە تێنووسی ئاوەمۆر (تعمید)ی کڵێسەی حەزرەتی مەریەم کە مێژووەکەی بۆساڵی ١٩١٩ دەگەڕێتەوە، لەگەڵ چەند کتێب و دەست نووس کە تەراتیلی ئاینی تیانووسراوەتەوە. هیچی ترمان بەرچاوناکەوێ.

کڵێسەی ماریوسف لە کۆیەش ئەرشیفێکی وای نییە مێژووی کۆن بێ. عیسا کەریم ١٩١٩-٢٠٠٩ کە شەماسی کڵێسە بوو، لەبارەی حەرس قەومییەکانەوە وتی: ((ساڵی ١٩٦٣ حەرەس قەومییەکان دەرگای کڵێسەی هەرمۆتەیان شکاند و تالآنیان کرد، دەست نووس و کتێبی

باشی تێدابوو هەموویان سووتاند. تەنها سجلی ئاوەمۆر و چەند کتێبێک مانەوە کە کەوتبوونە بن کەل و پەل)) (دیدەنی هاوژین سلێوە لەگەڵ عیسا کەریم، ٢٠٠٧) ئەو هەموو دەست نووسە سریانییەی لە نێو عێراق و لە دەرەوەی عێراق پارێزراون، بێگومان بابەتی زۆریشیان تێدایە لەبارەی ئەدەب و مێژووی کورد، بەڵام ئەوکەسانەی کە دەتوانن دەقەکان بخوێننەوە زۆربەیان مەسیحین، هەندێکیشیان عەرەبن. بۆیە زیاتر وەریاندەگێڕنە سەر زمانی عەرەبی. ئەرکی ئەو نووسەرە مەسیحییانەیە کە زمانی کوردی باش دەزانن و شارەزاییان لە زمانی سریانی هەیە، ئەو ئەرکەی وەرگێڕانە بگرنە ئەستۆ. بۆ مەسیحییە سریانی زمانەکانیش ئاستەنگ هەیە، هەیە کوردییەکەی باشە زمانی سریانیش بە قسەکردن دەزانێ، بەڵام شارەزای ئەلفبێیەکان نییە. هەشە سەرەتایەک لە ئەلفبێیەکە دەزانێ، بەڵام پێویستی بە شارەزاییەکی باشتری هەیە لە بارەی ڕێنووسەکانی زمانی سریانی و فەرهەنگ و وشەی سریانی، بەڵام ئەم کارەش زۆر قورس نییە بۆ ئەوانەی بیانەوێ ئەم کارە ئەنجام بدەن. مەسیحییەکی سریانی زمان و کوردی زانێکی باش، دەتوانێ بەشداری خولێکی یەک دوو مانگی بکات و گرنگی بە جۆرەها فەرهەنگی زمانی سریانی بدات و خۆی بۆ ئەم پرۆسەیە ئامادەبکات. یاخود کەسێکی سریانی زمان و کوردی زانێکی باش بەهاوکاری قەشەیەک یان کەسێکی زۆر شارەزا لە زمانی سریانی دەتوانێ ئەم ئیشە جێ بەجێ بکات. ئەم جۆرە کارانە بەگرووپی سێ تا چوارکەسیش بکرێ پوختە و جوانتر دەردەچێ. خوازیارم ڕۆژێک دابێ بتواندرێ شەن و کەوێکی باشی دەست نووسەکانی زمانی سریانی بکرێ و زانیاری لەبارەی میللەتی

کـورد و ئـەدەبی کـورد کۆبکرێتـەوە و وەربگێڕدرێتـە سـەر زمـانی کوردی.

بەردیسان ١٥٤ـ٢٢٢ز بە یەکەم، یان شاعیرە یەکەمینەکانی زمانی سـریانی دادەنـدرێت، لـە ڕەهـا لـەدایک بـووە و شـیعر و ژیانامەکـەی ڕوونـە. کەواتـە کەرەسـتەیەکی زۆر لـە شـیعر و بابـەتی ئـەدەبی و مێژوویـی لـە زمـانی سـریانی هەیـە و شـایەنی وەرگێـڕانن. مێـژووی وەرگێڕان لەنێوان زمانی یۆنانی و سریانی، عەرەبی و سریانی پتر لـە هەزار ساڵە، بەڵام سەبارەت بە وەرگێڕانی لە سریانییەوە بۆ کوردی و بەپێچەوانـــەوە، پێشـــینەیەکی وامـــان نییـــە، بەهـــەزارەها ســـاڵە نەتـەوەکانی: کـورد و کەلـدان و سـریان و ئاشـوور (سـورایا)، پێکـەوە دەژیـن و پەیوەنـدی کۆمەڵایـەتی و پێکـەوە ژیانیـان بـەهێز و پتـەوە، لەڕووی فۆلکلۆریشەوە هەست بەو بەرکەوتن و کەلتوورە هاوبەشە دەکرێ، بەڵام تاکو ئێستا بەوردی توێژینەوەی زانستی لەمبارەیەوە ئـەنجام نـەدراوە، لـەڕووی وەرگێڕانیشـەوە بەرکەوتـە و ئاوێتـەبوونی کەلتووری کەمە، ئەوەی دەبیندرێ چەند هەوڵێکی سەرەتاییە.

### ٣ـ هۆکارەکانی کەمی وەرگێڕان لەنێوا زمانی کوردی و سریانی:

یەکەم: لەکۆندا دێر و قوتابخانـەکانی ئاینی مەسـیحییەکان خوێندنیان بـە زمـانی سـریانی و عـەرەبی بـووە. واتـا تـەنها کەسـانی ئـاینی خوێندەواربوویین.

دووەم: لەسـاڵی ١٩٧٠کانـەوە ڕژێمـی بـەعس لـە عێـراق بـە فـەرمی سنووری بـەکارهێنانی زمـانی سـریانی بەرتەسـک کـردەوە، کـە تـەنها لە نێو دێرەکان دەخوێندرا.

سێ: قوتابیانی سریانی زمان ئەوانەی لە قوتابخانەی عەرەبی یان کوردی دەیانخوێند، فێری ئەلفبێی زمانی سریانی نەدەبوون. واتا تەنها قسەیان بە زمانەکە دەکرد.

چوار: بەرتەسکی و کەمی وێستگەکانی بڵاوکردنەوە، ڕۆژنامە و گۆڤار بە زمانی سریانی.

پێنج: سەختی زمانی سریانی، چونکە زمانی سریانی هەر ئەو شێوە زارە نییە کە مەسیحییەکانی عەنکاوە و کۆیە و گوندی هەرمۆتە... پێی دەدوێن، بەڵکو پێویستی بە زانینی زمانێکی باش و بوونی ڕۆشنبیرییەکی فراوان لە بارەی فەرهەنگ و مێژوو و زمانی سریانی هەیە.

شەشەم: خوێندنەوەی دەست نووسی کۆن پێویستی بە پسپۆڕی ورد و خۆبۆتەرخان کردن هەیە.

## ٤ ـ زمانی سریانی و هەوڵ و ئاستەنگەکانی:

زمانی سریانی نەک هەر بۆ نا سریانییەکان قورسە، بەڵکو بۆ سریانی زمانەکانیش ئەستەنگی زۆرە،((بەکارهێنەرانی زمانی سریانی کەمدەبێتەوە، چونکە عەرەبی بۆتە زمانی سەرەکی لای زۆربەی سریانییەکان، ئەوەش وایکردووە لە زمانی دایکدا شارەزا نەبن، یان توانای خوێندنەوە و نووسینیان نەبێت. بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی سریانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە، چەندین خولی ڕاهێنان دەکاتەوە تا کریستیانەکان بتوانن بە زمانی سریانی بخوێننەوە و بنووسن، جگە لە کردنەوەی ناوەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری تایبەت بەو زمانە.)) (https://peregraf.com/ku/report/3197 زمانی سریانی هەوڵی مانەوە دەدات) ڕژێمی پێشوتری عیراق بە سەرۆکایەتی سەدام حسێن (١٩٧٩-٢٠٠٣) بەکارهێنانی زمانی سریانی لە هەشتاکانی

سەدەی رابردودا تا ڕووخانی حکومەتەکەی قەدەغە کرد، تەنیا لە مەراسیمە ئاینییەکانی کڵێساکان ڕێگا پێدراوبوو. ئەمە هۆکار بوو بۆ کەمبونەوەی ژمارەی بەکارهێنەرانی ئەو زمانە. تەنانەت وایلێهات خەڵکی سریانی زمان پشت لە زمانی زگماکی خۆیان بکەن و خزمەتی زمانی عەرەبی بکەن. )( https://peregraf.com/ku/report/3197 ) لە سوریا و ئێرانیش زمانی سریانی پەراوێز خراوە، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا، کە لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ حوکمی ئۆتۆنۆمی هەبوو، فێربون بە زمانی سریانی نەوەستا و لە هەندێک خوێندنگەی ناحیەکانی سەرسەنگ و نەهلەی پارێزگای دهۆکیش زمانی سەرەکی بووە.

زۆرینەی سریانی ئەرسۆدۆکس و کاسۆلیک دەکەونە ناوچەکانی موسڵ و دەشتی نەینەوا (قەرەقوش)، بەشێکشیان لە ناوچەکانی بەغدا، کەرکوک، بەسرە، شنگال، هەولێر و عەممارە نیشتەجێن.

سریانی عێراق بە درێژایی چەندین ساڵ ڕووبەڕووی پێشێلکاری جۆراوجۆر بونەتەوە و لە بارودۆخێکی ناهەمواردا بوون، بۆیە بەشێکی زۆریان بە تایبەت لە دوای ڕووداوەکانی ٢٠٠٣ وە کۆچیان کردووە، ئەم کۆچ کردنەش وادەکات نەوەکانی کەسانی کۆچ کرد و لە خاکەکەی خۆیان بتەرێن و کلتوور و داب و نەریت و تەنانەت زمانیشیان بکەوێتە مەترسییەوە. بنچینەی زمان، ڕەگ و ڕیشەی لە خاک و ئاو و هەواو و کەلتووری خۆیتی، لێی دوور بکەوێتەوە مەترسی بۆ پەیدا دەبێ.

( https://peregraf.com/ku/report/3197)

لە ساڵی ٢٠١٥دا، ناوەندی مار یەعقوب بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری لە ناحیەی عێنکاوە لە خۆرئاوای شاری هەولێر کراوەتەوە و زنجیرەیەک خولی فێرکاری بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری ئەو زمانیان

کردۆتەوە، دوای دەستبەسەرداگرتنی نەینەوا لەلایەن داعش و ئاوارەبونی زۆربەی دانیشتوانەکەی و ئەوانەش تینووی فێربوونی زمانی سریانی بوون و بۆیە بەشێکی بەرچاویان بەشداری ئەم خولانەیان کردووە.

عیسا یاکۆ بەڕێوەبەری ناوەند دەڵێت: ((لە کاتی ئاوارەییدا ئەو ناوەندەمان دامەزراند، بارودۆخی ئاوارەکان زۆر قورس و نالەبار بوو، بەلام سەرباری ئەوەش فێری زمانی سریانی بوون و سەرکەوتنی باشیان بەدەستهێنا))( https://peregraf.com/ku/report/3197 )

ژمارەی فێرخوازانی یەکەم ساڵی ناوەندی نەهێشتنی نەخوێندەواری زمانی سریانی گەیشتە دەوروبەری ١٦٧ فێرخواز، کە ١٠٧یان توانییان لە ماوەی خولێکی نۆ مانگیدا قۆناغی بنەڕەتی تەواو بکەن.

دوای کۆنترۆڵکردنەوەی تەواوی پارێزگای نەینەوا لە دەستی داعش و دەستپێکردنەوەی پرۆسەی گەڕانەوەی ئاوارەکان لە کۆتاییەکانی ٢٠١٧دا، ناوەندەکە جارێکیتر خولەکانی فێرکاری لە قەزای حەمدانییە کردەوە و توانییان لە شاری قەرەقوش سێ خولی تایبەت بە زمانی سریانی بەڕێبکەن.

یاکۆ دەڵێت: ((ناوەندەکە هەموو ساڵێک پێشوازی لە فێرخوازان دەکات، هەوڵی تەواویش دەدات لە پێناو سەرکەوتنی پرۆسەی فێربوونی زمانی سریانی و نەهێشتنی نەخوێندەواریدا)) (https://peregraf.com/ku/report/3197)

بەهنا سونی، پیاوی ئایینی کریستیانی دەڵێت: ((پەرەپێدانی پرۆسەی فێربونی زمانی سریانی و نەهێشتنی نەخوێندەواری بەو زمانە بەڵگەی هەبوون و مانەوەی مەسیحی و سریانییە لە ناوچە ڕەسەنەکانی خۆیان لە مێژوودا...

تەزیزیە شۆرجی، هاوڵاتی کریستیانی قەرەقوش، داوا دەکات بەردەوامی بە پرۆسەی فێرکاری زمانی سریانی بدرێت و هانی سریانییەکانیش دەدات قسەی پێبکەن.))( https://peregraf.com/ku/report/3197 )

لەم مەوەیە بارودۆخی مەسیحی عێراق و زمانی سریانی دەبینین، کە لەلایەن دوژمنە سەرسەختەکان زمانیان لێقەدەغە کراوە. ئەوانەی کە بەشداری ئەم خولانە دەکەن، وەنەبێ نەخوێندەوار بن زۆربەیان خاوەن بڕوانامەن، بەڵام هەموو قۆناغەکانی خوێندنیان بە زمانی عەرەبی یان کوردی خوێندووە. بەتایبەتیش زمانی عەرەبی، بۆ قەرەبووکردنەوەی دابڕان لە کەلتوور و زمانی نەتەوایەتی و هەوڵی مانەوە و حەز و خولیایان بۆ زمانەکەیان بەشداری ئەم خولانە دەکەن، لە ساڵی ٢٠١٠ لە گوندی هەرمۆتەی شاری کۆیە، خولێکی یەک مانگی زمانی سریانی کرایەوە، زیاتر لە بیست فێرخواز بەشداری ئەم خولە بوون، جگە لەو کەسانەی حەزیان لەفێربوونی ئەلف و بێی زمانەکە و قوڵبوونەوە لەفەرهەنگ و ئەدەبی ئەوزمانە بووە، لە هەرمۆتە شەماس یوسف تۆما هاوکاری ئەو کەسانە بووە.

لە ڕووی هونەری ئاواز و گۆرانی و مەقاماتەوە، سوود لە زمانی سریانی وەرگیراوە، بەبێ دوو دڵی دەیڵێم تەنها کڵێسەی کۆیە و هەرمۆتە بە سەدان ئاوازی تێدایە کە لەکاتی وتنی سروتە ئاینییەکانی دەبیسترێن، سێوەی هونەرمەند سوودی لە ئاوازەکانی کڵێسە وەرگرتووە ئاوێتەی شیعرە کوردییەکانی کردووە و هەست و سۆزی خۆی دەربڕیوە. ویلەم یۆحەنا توانیویەتی بەشێکی ئاوازەکانی کڵێسەی سلێمانی بە نۆتە بنووسرێتەوە، بەڵام سەبارەت بەکڵێسەکانی تری کوردستان شتێکی وا نەکراوە. ((سەبارەت بە شانۆ، ئەگەر یەکەم نمایشی کوردی لە کوردستانی عێراق بەدیارکراوی لە شاری

هەولێر لە ساڵی ١٩٢١ نمایش کرابێت ، ئەوا یەکەمین نمایش بە زمانی سریانی لە ساڵی ١٩١٢ لە شارۆچکەی ئەلقۆشی سەر بە پارێزگای موسڵ لە ژێر ناوی (الملکة استر) نمایش کراوە کە لەلایەن (مەتران ئستیڤان کجۆ) کاری نووسین و دەرهێنانی بۆ کردبوو، واتە ئەم شانۆگەرییە، بە ٩ ساڵ پێش شانۆی کوردی نمایش کراوە)) (https://kurdistantv.net/ku/2021/12/15مێژووی شانۆی سریانی) ئەگەر ئەو شانۆگەریانەی کە بە زمانی عەرەبی لەلایەن پیاوانی ئایینی، لە موسڵ کە لە کڵێساکان نمایش کراون بە نمایشی سریانی لە قەڵەم بدەین ئەوا یەکەم نمایشی سریانی مێژووەکەی بۆ ساڵی ١٨٨٠ دەگەڕێتەوە کە شانۆگەرەیەک بووە بە ناوی (ئادەم و حەوا) لە نووسینی (شماس حنا حبش) بووە، هەرچەندە (سەباح هورمز) دەڵێت: ئەو شانۆگەریانەی کە بەزمانی عەرەبی پێشکەش کراون بە شانۆیی سریانی هەژمار ناکەم.( https://kurdistantv.net/ku/2021/12/15)

هۆکاری ئەوەی کە پیاوانی ئاینی بیریان لە شانۆگەری کردۆتەوە، ئەوەیە کە لە کڵێسا ساڵانە چەندان نمایشی شێوە شانۆیی هەیە، لەوانە نمایشی (گەیاسە) کە ململانێی نێوان هێزی خێر و هێزی شەڕە، ململانێی شەیتان و فریشتەیە. حیوار و گفت و گۆ و جل و بەرگی تایبەت بەکاردێت. ئەم نمایشانە نزیک دەبنەوە لە کاری شانۆیی، بۆیە دەتونین بڵێن کڵێسە ڕۆڵی هەبووە لە بەرهەمهێنانی شانۆدا.

لە سەرچاوەکانی سۆمەری، بابلی، میتانی، ئاشوری، سریانی، ساسانی دوایی بە عەرەبی بە ناوی جیاواز باسی نیسیبین کراوە، ئەوەی لێرەدا گرنگە باسی بکەم بە پێی مێژووی کەنیسەی سریانی لە سەرەتای (٣٠٠)ی زاینی لەسەر دەستی یەعقوبی نیسیبینی

(ماریەعقوب) خوێندنگایەک دروست کراوە کە تیایدا چەندین بابەت و وانەی جیاواز لە بوارە جیاوازەکانی وەک پزیشکی، ئەستێرەناسی، لاهوت، فەلسەفە، ماتماتیک بە زمانی سریانی یۆنانی پەهلەوی دەخوێندرێن، بە ماوەیەکی کەم ئەم ناوەندی خوێندنە لە نیسیبین دەبێتە بەناوبانگترین ناوەندی خوێندن، بۆیە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە باکور و باشور بە مامۆستا و فێرخواز ڕووی تێدەکەن بەپێی هەندێک لە سەرچاوەکان ژمارەی فێرخوازان تیایدا گەیشتۆتە ٨٠٠ فێرخواز، بەوەش جارێکیتر پەیوەندی نێوان فەلسەفە و زانستی یۆنانی گرنگی زانکۆی نیسیبین بەر لە ١٧٠٠ ساڵ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە زمانی سریانی خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ هەموو سەرچاوەکانی ڕۆشەنبیری ئەو کات دەکات و دەبێتە سەرچاوەی ڕووناکی کەڵەکەبوونی ئەم هەموو زانیاریانەش وای کردووە دەست نووسێکی زۆر گرنگ بەرهەم بێت.

https://www.facebook.com/handren69/posts/

ئەم نووسینانەش بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگی جیهانی، بۆیە وڵاتانی جیهان بیریان لەوە کردۆتەوە کە بەشێک لە لاوەکانیان دنە بدەن بۆ فێربوونی ئەو زمانە و وەرگێڕانی بابەتی بەسەوود بۆسەر زمانەکەیان، تەنانەت ساڵانە چەندان لاوی بێگانە بەتایبەتی لە ئەوڕووپاوە دێنە کوردستان و لە سنووری مەسیحی نشینەکان توێژینەوە دەکەن و خۆیان فێری زمانی سریانی دەکەن، بۆیە زۆرگرنگە لە کوردستانیش گرنگی بەو زمانە بدرێ.

بۆ گرنگی دان بەو زمانە، بەشی زمانی سریانی لە ساڵی ٢٠٠٤ لە زانکۆی بەغدا کراوەتەوە، هەروەها((سێشەممە، ٦ دیس ٢٠١٦ لە زانکۆی سەلاحەدین لە کۆلێژی پەروەردە شاری هەولێر بەشی خوێندنی زمانی سریانی کرایەوە، کە زمانێکی کۆنی کوردستان و

ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتە. بـە مەراسـیمێکی شایەسـتە بـە ئامـادەبوونی ڕۆشنبیرێکی زۆر و بەگرنگییەوە د. ئامانج سـەعید، بـە نوێنەرایـەتی د. یوسف گۆران وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی وتارێکی پێشـکەش کـرد و ڕایگەیانـد: کردنـەوەی بەشـی زمـانی سـریانی ڕەنگدانـەوەی تایبەتمەنـدی هەرێمەکەمانـە لـە فرەیـی و ڕێزگـرتن و جیاوازی پێکەوەژیان پێشان دەدات)).( https://rojnews.news



لەکاتی کردنەوەی بەشی زمانی سریانی ٢٠١٦

ساڵی ٢٠١٦ لە زانکۆی سەلاحەدین بەشی زمانی سریانی کراوەتەوە، بـەڵام فێرخـوازان مـەیل و ڕەغبـەتی زۆریـان بـۆی نییـە. سـاڵی ٢٠١٩ـ٢٠٢٠ حەوت خوێندکاریان هەبووە، ساڵی ٢٠٢١ـ٢٠٢٢ تـەنها ٨ خوێندکاریان وەرگرتووە، ئەگەر چی بە کۆنمرەی ٥٥ خوێنداریشیان وەرگرتـووە، لـە سـاڵی(٢٠٢٢) تـەنها یـەک کچـی کـوردی موسـوڵمان وەرگیراوە، حەوتەکەی تر مەسیحین.

ئـەو کەسـانەی کـەوا زۆر متـووی زمـانی سـریانین و دەسـت نووسـی زۆریان کۆکردۆتەوە ئەمانەن:

١. مەتران نەجیب دۆمەنیکی، سەرچاوەیەکی گرنگی عێراقە لە دەست نووس، لەدوای ساڵی ٢٠١٤زۆربەی دەست نووسەکانی هێناوەتە عەنکاوە – هەولێر.

٢. قەشە سامر دێرایا لە ئەرشیفی دەست نووسی سریانی دەوڵەمەندە و زۆربەی هێناوەتە کوردستان. ئەمەش کارئاسانییەکی زۆرباشە بۆ توێژەران کە بە ئاسانی دەتوانن دەستیان بگاتە ئەم دەست نووسانە.

٥. نموونەی وەرگێڕانی ئەدەبی لە نێوان زمانی کوردی و سریانی:

هەنگاوە سەرەتاییەکانی وەرگێڕان لە نێوان زمانی کوردی و سریانیدا، چەند هەوڵێک دراوە حەزدەکەم بە کورتی لێیان بدوێم. بەر لەوەی باسی وەرگێڕانی ئەدەبی بکەین دەبێ ئەوە بخەینە ڕوو کەسانێک هەبووین کەم و زۆر هەوڵی وەرگێڕانیان داوە لەنێوان زمانی کوردی و سریانی، یان بە پێچەوانەوە.

ئینجیل بە زمانی کوردیی کرماشانی کە ساڵی ١٩٠٠ز لە شاری لەندەن چاپ کراوە.

ئەم ئینجیلە بریتییە لە مزگێنی مەتا. (٣٠٠) لاپەڕە زیاترە. لە زمانی سریانییەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی و ناوی وەرگێڕەکە نەنووسراوە. نموونەی ئەم ئنجیلە لە کتێبخانە کەسییەکانی هەرێمی کوردستان دەست دەکەوێت.




لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی نۆزدەهـەم مـەمۆزینی ئەحمـەدی خـانی وەرگێردراوەتـە سـەرزمانی سـریانی، بەتـەک دێـرە سـریانییەکان نووسین و وەرگێڕانـی عـەرەبی هەیـە، پرسیارێک هەیـە، ئایـە هـەمان وەرگێری سریانی عەرەبییەکەشی نووسیوە، یان یەکێکی ترە؟ ئایە لە کوردییـەوە کردوویـەتی بەعـەرەبی، یـان هـەر لەسـریانییەوە کراوەتـە عـەرەبی؟ ئـەم وەرگێرانـەی کـە بەشـێوەی وێنـە لەبەرگرتنـەوە و بەشێوەی ئەلکترۆنی هەیە، سەرەتا و کۆتایی مەمۆزینەکەی ئەحمەدی خانی تیا پچڕاوە، لە دێڕی ١٨٩ وە دەست پێدەکات و کۆتاییەکەشی زۆری دیار نییە، دەست نووسەکە لە کتێبخانەی بەرلین پارێزراوە.

(جان دۆست، لە ٢٢-٢-٢٠٢٢ وەرگێراوە)

ئەم دەست نووسـە پێویسـتی بـە دیراسـەیەکی ورد هەیـە، بۆ هـەوڵی بەدەسـت هێنـانی پارچـە پچڕاوەکـانی و چۆنیـەتی وەرگێرانـی و

تایبەتمەندییەکانی و دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ناوی وەرگێڕ و شوێنی وەرگێڕانی.



مەمۆزینی ئەحمەدی خانی بە زمانی سریانی

(قەشە سلێمان شێخۆ)، لە ساڵی ١٩١٥ توانیویەتی ٨٩١ پەندی پێشینانی کوردی لە ناوچەی بادینان کۆبکاتەوە، کە پەندەکان بە زمانی کوردی زاری کرمانجین، بەڵام بە ئەلف و بێی سریانی نووسیویەتییەوە، بەتەک هەر پەندێکیش دانە دانە وەریگێڕاونەتە سەر زمانی سریانی، واتا کۆکردنەوە و وەرگێڕانە لە یەککاتدا، ئەمەش دەبێتە یەکەم وەرگێڕانی پەندی کوردی بۆ زمانی سریانی. لەم کتێبە لە توێژینەوەی: بەراوردی پەند و ئیدیۆمی سریانی و کوردی، باسم کردووە و نموونەم لێهێناوەتەوە و لاپەڕەیەکم لە دەستنووسەکە لەگەڵ داناوە.

شیعری هاوچەرخی سریانی، وەرگێڕانی مەهداوی ئەحمەد، پێداچوونەوەی فەریدوون سامان، هەولێر، ٢٠١٠

ئـەم کتێبـە لەلایـەن وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرایـەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونـەری سـریانی چاپ کراوە، بەرهـەمی هەشت شـاعیری نوێخـوازی سـریانی لـەخۆ گرتـووە، کـە بۆ هـەر شـاعیرەی شـیعرێک تـا سـێ شـیعر بڵاوکراوتـەوە، لەوانـە: ڕۆبـن بیـت شـموئیل، شـاکر مەجیـد شـیفۆ، نهـی لازار، کـەوثر نـەجیب، ئیبـراهیم گـوڵان، پەترۆس نەباتی، ئیڤان جانی، مەتیێ ئیسماعیل. ئەوەی ڕاستی بێ ئـەم کتێبـە هـەوڵێکی باشـە بۆخستنە ڕووی جیهـانبینی شـاعیرانی سـریانی زمـان، بـەڵام دەتـوانم بڵـێم ئـەم کتێبـە ڕووی ڕاسـتەقینەی شـیعری سریانی نییـە، چونکە ڕاستە شـاعیرەکانی ئـەم کتێبـە سریانی زمـانن، بـەڵام ڕۆشـنبیرییەکەیان زمـانی عەرەبییـە، واتـا لـەپاڵ شـیعر نووسـین بەزمانی سریانی بـە زمـانی عـەرەبیش دەنووسـن، هەندێکیشـیان تـەنها بـە عـەرەبی دەنووسـن. ئـەو دەقانـەی کـە (مهـداوی احمـد) تەرجومـەی کردوون، لەعەرەبییەوە کردوونی بـە کـوردی، (فەرەیدون سـامان)یش پێداچۆتەوە، واتا وەرگێڕ و پێداچونەوەکار زمانی سریانی نازانن.



کتێبـــی: چیرۆکنووســـه ســـریانییه عێراقییـــەکان، پێشـــەکی و ئامادەکردنی، هیثم بردی، وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، هەولێر، ٢٠١٢. ئەم کتێبە لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی رۆشنبیری و هونەری سریانه، ١٢٦ لاپەڕەیه. نووسەری ئەم کتێبە لە دەستپێکی پێشەکییەکەیدا دەڵێ: ((لەبەر ئەوەی دەتوانم بە باشی بە زمانی سریانی بئاخڤم، بەڵام نووسین بەو زمانه بنەماو رێزمانەکانی شارەزا نیم، بۆیه لێکۆڵینەوەکەم تەنها لە بارەی ئەوانەوەیە چیرۆکەکانیان بە زمانی عەرەبی نووسیوه.))(بردی، ٢٠١٢: ٥) نووسەر کارێکی زۆر باشی کردووه، توانیویەتی جیهانبینی کۆمەڵێ چیرۆک نووسی سریانی وەربگرێ و توێژینەوەیان لەبارەوە بکات، بەڵام ئەو دەقانەی وەرنەگرتووه، کە بە زمانی سریانی نووسراون، (ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل)یش لە زمانی عەرەبییەوە کردویە بەکوردی. ئەو چیرۆک نووسانەی کە لە بارەیەوە دواوە ئەمانەن: یوسف متی، دەقی (تێکشکاو). ئەدمۆن سەبری، دەقی باخچەکە، ئەدمۆن سەبری بەزمانی عەرەبی و سریانی دەنووسێت، بەڵام توێژەرە، تەنها دەقه عەرەبییەکانی وەرگرتووه. یوسف یعقوب حداد، دەقی ڤیزا ...بەرەو جیهانێکی نوێ. سەرگۆن پۆڵس، دەقی پەناگە. سەعدی المالح، دەقی بەخت، دەقی فێنکی بەفر، نووسەری ناوبراو دەقی بە زمانی سریانی نەنووسیوه. د. سهی رسام، دەقی ئاوازێکی سەیر. هەیسەم بەهنام بوردە، دەقی نەورەس. بنیامێن حەداد، دەقی شمشێر، نووسەری ناوبراو دەق بە زمانی سریانی و عەرەبی دەنووسێت، دیارە لێرە دەقە عەرەبییەکان وەرگیراون، دوریش نییە بنیامێن حەداد دەقەکەی خۆی لەسەریانییەوە کردبێتە عەرەبی بۆئەوەی هەلی ئەوەی هەبێ کە وەرگێردرێتە سەر زمانی

کوردی، چونکە پێشتر ئاگادار کراوەتەوە کە پڕۆژەیەکی لەو شێوەیە هەیە و پێویستیان بە دەقێکی عەرەبی هەیە، بنیامێن حەداد سریانی زانێکی کارامەیە لە ساڵی ٢٠٠٥ فەرهەنگی دوو بەرگی (روض الكلم) نووسیوە، فەرهەنگێکی (عەرەبی ـ سریانی)یە، فەرهەنگێکی گەورەیە کە بە هەردوو بەرگەکەی نزیکەی دوو هەزار لاپەڕە دەبێ. فازل نووری، دەقی چاوەکانت و خەم لە ئێوارە. بەترۆس هرمز، دەقی دوا وێنەی شانبونائید. جوزێف حەنا، دەقی خاوەنی جلە شڕەکان. پۆلس ئادەم، دەقێکی سینەمایی. سەعید یاقۆ شامایا، دەقی کاغەزەکە. بەشی زۆری ئەو دەقانە تایبەتمەندی تاکی مەسیحی و موعاناتی مەسیحییەکانی لە خۆ گردووە و لە کەش و هەوایەکی خودی و کلتووری تایبەت نووسراون.




ساڵی ٢٠١٢ لەلایەن د. هاوژین صلیوە، کۆمەڵێ حیکایەتی فۆلکلۆری سریانی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و بەناوی (خوشکە

نەسیمۆ) لەلایەن ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد چاپکراوە، کتێبەکە ١١٢ لاپەڕەیەو ٩ حیکایەتی لەخۆگرتووە.




ساڵی ٢٠١٥ د. هاوژین صلیوە ٤٠ لە پۆستەرە شیعرەکانی شێرکۆبێکەسی لە زمانی کوردییەوە وەرگێڕاوەتە سەرزمانی سریانی و لە دووتوێی کتێبێکی ١٠٤ لاپەڕیی چاپکراوە. لەلایەن سریانی زمانەکانی عەنکاوە و ئورمیە و و دهۆک...پێشوازییەکی گەرمی لێکراوە، دەقە کوردییەکە و دەقە وەرگێڕدراوەکە بەرامبەر یەک دانداون و پێکەوە چاپکراون.




بڕوانـە ئـەم دەقـەی خـوارەوە، دەقـی (کەمانجـە)ی شـێرکۆ بێکـەس بـە زمانی کوردی و سریانی خراوەتە ڕوو.



ساڵی ٢٠١٨ د. هاوژین صلیوە لەگەڵ م. شادان شکر توێژینەوەیەکی هاوبەشیان نووسیوە بەناوی: ئاوێتەبوونی زمانی کوردی و زمانی سریانی لە شاری کۆیە (شیعر بە نموونە)، بەشە تیۆرییەکەی چەمک و پێناسەی ئاوێتەبوون، تیۆرەکانی ئاوێتەبوون، جۆرەکانی ئاوێتە بوون...لە خۆگرتووە. بەشە پراکتیکییەکەی گرنگی بە شیعری فۆلکلۆر دراوە ئەو گۆرانییانەی کە بە تێکەڵی بەزمانی کوردی و سریانی وتراون، دواتر نموونەی شیعری شاعیرانی تریان هێناوەتەوە، لەو کتێبەدا سەرجەم شیعرە سریانییەکان کراونەتە کوردی، واتا بە سریانی و کوردی نووسراونەتەوە و قسەیان لەبارەوە کراوە.




لە کتێبی دایک لە جیهانبینی شیعری لەتیف هەڵمەتدا، ساڵی ٢٠١٩، کە لەلایەن فازیل شەورۆ و د. هاوژین صلیوە نووسراوە، لە لاپەڕە ٨٨-٩١دوو شیعری تێدیە کە د. هاوژین صلیوە ڕاستەوخۆ لە زمانی

سریانییەوە کردوویەتییە کوردی، ئەوانیش شیعری (دایکم) نائیل حەنا و شیعری (هەیکەلی خۆشەویستی)ی نوها لازار.




د. هاوژین صلیوە لەساڵی ٢٠١٠ کەم کەمە بابەتی ئەدەبی سریانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بە پێچەوانەوەش، بەتایبەتی شیعر. ساڵی ٢٠٢١-٢٠٢٢ژێر نووسی کوردی بۆ پێنج گۆرانی سریانی کردووە، لەوانە سێ گۆرانییان هی (جولیانە جندۆ)ن، دانەیەکیان هی سەرگون گابریل، ئەوەی تریش گۆرانییەکی ساندی ڕێکانییە، سەرجەم گۆرانییەکانیش لە لایەن سەهەند کۆیی مۆنتاژ کراون و لە ئینتەرنێت لە جناڵێکی تایبەت بەناوی ژوانی هونەری بڵاوکراونەتەوە. ئەمەش بۆیەکەم جارە ژێرنووسی کوردی بۆگۆرانی سریانی بگرێت. خوازیارم لە داهاتوو ئیش لەسەر ئەم بوارە بکرێ و لیژنەی تایبەت بۆ بواری وەرگێڕانی کوردی و سریانی پێکبهێندرێ.

بەتایبەت وەرگێڕان لە سریانییەوە بۆ زمانی کوردی. بڕوانە وێنەی خوارەوە.




پێشنیازەکان:

١ـ کردنەوەی بەشی سریانی لە زانکۆکان، یان کردنەوەی بەشێک بەناوی زمانەکان خوێندکارەکان بەشێوەی گروپ وەربگیرێن، واتا بەشەکە زمانی سریانی، تورکی، ئیسپانی... لەخۆ بگرێ، بەتاقی کردنەوە ئەو کەسانە وەربگرن کە حەزیان لەو زمانەیە، با ساڵانە چوار پێنج قوتابی وەربگیرێ، گرنگ ئەوەیە ئەو کەسانە ئیش بکەن و بەهرەمەندبن.

٢ـ کۆپی کردنی دەست نووسەکانی زمانی سریانی کە ئێستا لە عەنکاوە بە سەدان دەسنووسی سریانی هەیە و بەر لە شەڕی داعش لە موسڵ و ناوچەکانی تری عێراق هێناویانەتە عەنکاوە، هەوڵی بەدەست هێنانی ئەو دەست نووسە سریانییانەی لە دەرەوەی کوردستانن و باس لە کورد و ئەدەبی کوردی دەکەن.

٣ـ کردنەوەی خولی فێرکردنی زمانی سریانی و دنەدانی فێرخوازان بۆ کارکردن لەسەر دەست نووسەکان و دۆزینەوەی شتی هاوبەش لە مێژوو و ئەدەبیاتی ناوچەکە و وەرگێڕانی بۆسەر زمانی کوردی.

٤ـ پێکهێنانی لیژنەی پسپۆڕ و ناردنیان بۆ دەرەوەی وڵات، بۆ کۆکرنەوە و وەرگرتنی زانیاری لە بارەی میللەتی کورد و ئەدەبەکەی، لە دەست نووسەکانی زمانی سریانی.

**ئەنجام:**

١ـ زمانی سریانی زمانێکی کۆنە و لە ڕووی بابەتی ئەدەبی و مێژوویی و ئاینییەوە گرنگی خۆی هەیە، بەڵام ڕۆشنبیری کورد هەوڵی نەداوە بە باشی فێرە ئەو زمانە بێت و بەهرەی لێوەوربگرێت و بابەتی ئەدەبی لێوە تەرجومە بکات.

٢ـ سریانی زمانەکانیش کەم تەرخەم بووین، بە تایبەتی ئەوانەی زمانی کوردی دەزانن، هەوڵێکی وایان نەداوە کە بابەت لە زمانی سریانییەوە بۆ زمانی کوردی و بە پێچەوانەشەوە وەربگێڕن.

٣ـ قەشە و ڕەبەنەکان کاتێ کە لە دێرەکان خوێندوویانە ڕۆشنبیرەکەیان زمانی سریانی و عەرەبی بووە، گرنگی بەزمانی کوردی نەدراوە، بۆیە ئەو بەرکەوتنە کەلتوورییە لە نێوان ئەم دوو زمانە کەم دەبیندرێ.

٤ـ چەند هەوڵێکی سەرەتایی لەلایەن چەند کەسێکەوە هەیە، لەوانە کەسێکی نادیار؟! کە لە کۆتایی سەدەیی نۆزدەهەم مەمۆزینی ئەحمەدی خانی کردووە بە سریانی. قەشە سلێمان شێخۆ لەساڵی ١٩١٥ توانیوەیەتی ٨٩١ پەندی پێشینانی کوردی کۆبکاتەوە و سەرجەمیشیان وەربگێڕێتە سەر زمانی سریانی. د. هاوژین صلیوەش توانیویەتی چەند ئیشێک ئەنجام بدات لەوانە وەرگێڕانی نۆ حیکایەت لە زمانی سریانییەوە بۆ زمانی کوردی لە کتێبی خوشکە نەسیمۆ چاپی کردووە، هەروەها چل شیعری شێرکۆ بێکەسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی سریانی بەناوی هەڵبژاردەیەک لە

شـیعرەکانی شـێرکۆ بێکـەس چـاپی کـردووە، لەگـەڵ وەرگێـڕان و ژێرنووس کردنی پێنج گۆرانی سریانی، لەگەڵ وەرگێڕانی چەند دەقە شیعرێکی شاعیرانی کورد بۆ زمانی سریانی، کە لە فەیس بوکەکەی خۆی بڵاوی کردۆتەوە.

**سەرچاوەکان:**

سەرچاوەی کوردی:

١.ئەحمـــەد، مەهـــداوی، پێداچوونـــەوەی فەرەیـــدوون ســـامان،٢٠١٠، شیعری هاوچەرخی سریانی، هەولێر.

٢.بردی، هیثم ، و. ئیسماعیل، ئەحمەد محەمەد ،٢٠١٢ ،چیرۆکنووسە سریانییە عێراقییەکان، پێشەکی و ئامادەکردنی، هەولێر.

٣. ڕێتۆری، ژاک ٢٠٠٨، وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە نەجاتی عەبدوڵڵا، گەشتنامەی مسیۆنێریک بۆ ناوچەکانی کەرکووک و سلێمانی ساڵی ١٨٧٨، بنکەی ژین، سلێمانی

٤.صلیوە، هاوژین، شکر، شادان، ٢٠١٨، ئاوێتە بوونی زمانی کوردی و سریانی لە شاری کۆیە(شیعر بە نموونە).

٥.صـــلیوە، هـــاوژین، ٢٠١٢، خوشـــکە نەسیمۆ ــ کۆمـــەڵێ حیکایـــەتی فۆلکلۆری سریانی، چاپخانەی کەمال.

٦. صلیوە، هاوژین-شەورۆ، فازیل، ٢٠١٩، دایک لە جیهانبینی شیعری لەتیف هەڵمەتدا،چاپخانەی سارا، سلێمانی.

٧. صـلیوە، هـاوژین، دیـدەنی لەگـەڵ عیسـا کـەریم شەماسـی کڵێسـە، هاوینی ٢٠٠٧.

٨.کارێزی،تـارق، مـاهیر حـەربی راپـەڕەکانی مێژوو هەڵدەداتـەوە، گ. بانیبال، ژ٤٦، ٢٠٢٢.

٩.https://rojnews.news)

١٠.https://peregraf.com/ku/report/3197 زمانی سریانی هەوڵی مانەوە دەدات)
١١. https://kurdistantv.net/ku/2021/12/15 مێژووی شانۆی سریانی
١٤. https://rojnews.news
١٢. https://www.facebook.com/handren69/posts
١٣.شێخۆ، قەشە سلێمان، دەست نووسی سریانی، کۆدی دەست نووس ٩٦٤، لە (قەشە د. سامر دێرایا)وەرگیراوە.

## سەرچاوەی عەرەبی:

١. اللبناني، تأليف القس جبرائيل القرداحي الحلبي اللبناني، المطبعة الكاثوليكية بيروت ١٨٨٧،
لمقدِّمة https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=536585.
٢. دوفال، روبنس، ١٩٩٢، ت: الاب لويس قساب، تاريخ الادب السرياني، العراق، غداد.
٣. https://mawdoo3.com/%D9%85%D8%A7
٤. (https://mawdoo3.com/%D9%85%D8%A7 )
٥. https://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=536585
٦. https://www.facebook.com/handren69/posts/
٧. فيس بک جان دۆست، مموزين بلنسخه السريانيه: لغز يحتاج اله اصل اكاديمى، له ٢٢-٢-٢٠٢٢.

## The Summary of the Research

Our research entitled: The history of translating literary subjects is between Kurdish and Syriac languages. This title is chosen because Kurdish and Syrians have been living together for hundreds of years, but the literary and mental outcomes between them are seldom seen, particularly in the translation field. Therefore, we think it is necessary to: display the performed works, and to discuss the reasons for the slowness of translation between these two languages, and to suggest a solution.

The research consists of an introduction, conclusions and a summary in Arabic and English. The content of the research consists of five topics:

Topic 1: A brief history of the Syriac language and its dialects.

Topic 2: History of translation between Syriac and other languages.

Topic 3: Reasons for the lack of translation between Kurdish and Syriac.

Topic 4: Syriac its efforts and obstacles.

Topic 5: Examples of literary translations between Kurdish and Syriac.

## بەراوردی پەند و ئیدیۆمی سریانی و کوردی[١]

**پێشەکی:**

فۆلکلۆر کەڵەکەچنی گوتراوی هەزارەها ساڵەی میللەتە کە زۆر بەشی لێدەبێتەوە، پەندی پێشینان یەکێکە لە پێکهاتە گرنگەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر. کوردستان لانکەی شارستانییەت و شوێنی ژیان و ژیاری نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تر بووە، بەتایبەتی کرستیانەکان کە بەزمانی سریانی دەدوێن. هەموو زمانێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئاین ڕاستەوخۆ ڕۆڵی دەبێت لە فەلسەفەی بەرهەمهێنانی بابەتی ئەدەبی، ئاینی مەسیحی کاریگەری هەبووە لەبەرهەم هێنانی پەند و ئیدیۆمی سریانی. هەروەها ڕۆژهەلاتناس و گەڕیدەکان سەرسامی خۆیان بەرامبەر فۆلکلۆری کوردی دەربڕیوە، هەریەک لە: ڤاسیلی نیکتین و ق.دیتێل و خ. ئابۆڤیان و لێرخ و مینۆرسکی و چەندانی تر. سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەحیقاری حەکیم٤٥٠ ساڵ پێش زاین پەند و عیبرەتەکانی بە زمانی ئارامی نووسیوە، زمانی ئارامیش بنەچەی زمانی سریانییە، ئایە ئەو پەندانە هەموو ئەحیقای دایهێناون یان هەندێکی بیستووە و تۆماری کردوون؟ ئەفرام مەتیَ ساڵی ٢٠٠٥ توانیویەتی ٤٠٠ پەندی پێشینانی عەنکاوە کۆبکاتەوە، قوسەی مەسلوب توانیویەتی تاساڵی ٢٠٠٦ نزیکەی ٢٠٠٠ پەندی پێشینانی سریانی لە ناوچەی ئەلقوش و شوێنەکانی تر کۆبکاتەوە و چاپیان بکات، لە چەندان ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبی تر شت کۆکراوەتەوە.

---

١ـ تێبینی: ئەم بابەتە لە: (دیداری پیرەمێرد بۆ پەندی پێشینان) پێشکەش کرا، کە لە ڕێکەوتی ٣ـ٢٠٢٣/٥/٤ لە لایەن: (یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی) لە هۆڵی یانەی کۆمەلایەتی سازدرابوو.

سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لەدوای سالآنی ١٩٣٠ پەندی پێشینانی کورد کۆکراوەتەوە، کە چەندان کەس ڕۆڵیان لەم بوارە بینیوە.

توێژینەوەکەمان کردووە بەسێ تەوەرە، تەوەرەی یەکەم: پێناسە و چەمکی ئیدیۆم و پەندی پێشینان. تەوەرەی دووەم: مێژووی کۆکردنەوەی پەندی پێشینانی سریانی و کوردی. تەوەرەی سێیەم: بەراوردی کۆمەڵێ پەندی سریانی و کوردی.

**تەوەرەی یەکەم: پێناسە و چەمکی ئیدیۆم و پەندی پێشینان:**

ئیدیۆم ئەو جوتە وشە، یا ڕستەیەکە بۆڕازاندنەوەی قسە بەکار دێت و نزیک دەبێتەوە لە پەندی پێشینان. پەندی پێشینان چیرۆکێک ڕووداوێکی لەپشتە، بەڵام ئیدیۆم ئەم ڕووداوەی لەپشت نییە، ڕۆژانە ئیدیۆم زۆر بەکار دێنین، هەر لە گوتەی فڵانە کەس دەست کورتە و فڵان دەست درێژە و فڵان دەم پیس و زمان درێژە...ئەمانە هەموو ئیدیۆمن. پەندی پێشینان ئەو گوتراوە فۆلکلۆرییە لە ئەنجامی ئەزموونی ژیان بەرهەم هاتووە و تەعبیر لە دیاردەیەک بابەتێک دەکات، کە بە چەند وشەیەک کە زۆرجار لە شێوەی پەخشانە، هەندێ جاریش لەشێوەی ڕستەیەکی ئاوازەدار، یان وەک دێڕە شیعرێک خۆی پیشان دەدات. بە زانی ئینگلیزی apothegm ، بەزمانی عەرەبی: (امثال الشعبية)ی پێدەڵێن. بەزمانی فارسی: امثال وحكم. بە زمانی سریانی: (مثلة عماية)ی پێدەڵێن. بەزمانی کوردی پەند+ پێشینان= واتا ئەو گوتراوانەی کە لە کۆن وتراون. پەند((بە زمانێکی ڕوون و ساکار نووسراوە، ئەوپەڕی ڕەوانبێژی تێدا بەکارهاتووە، تاوەکو ئەوکەسەی ئاراستەی دەکرێ، بتوانێ لەلای بمێنێتەوە و کاری تێبکات، چونکە پەندی پێشینان ئامۆژگاری و ڕێنمایی ژیانە، لەڕێگەی

زمانێکی ناڕاستەوخۆ و زمانێکی ڕێک و پێکەوە دەردەبڕدرێت و لای وەرگریش سوودبەخش دەبێت.))(مستەفا، ٢٠٢٢:٨١)

جۆرە تەقدیس کردنێکی تێدایە، چونکە گوێگر هەست دەکات لە کۆنەوە ئەم پەندە وتراوە و بەسەدان جار دەگوترێتەوە.((پەند گێڕەوە مەبەستی وشیارکردنەوە و فێرکردنی بەرانبەرە، بۆئەوەی بەرانبەرەکەی جارێکی تر هەمان هەڵەی پێشووی نەکات یان ئەگەر ویستی کاری پێبکات بزانێ چۆن و لەکوێ دەست پێبکات))(عەبدوڵلا، ٢٠١٤ : ٧)

پەندەکانیش فرە ڕەهەندن و جۆراوجۆرن، هەندێکیان لە بارەی ڕووەکن، هەندێکی دیکەیان لەبارەی ئاژەڵ و مرۆڤن بەنێر و مێوە، بەلام هەمووشیان بۆ عیبرەت وەرگرتن وتراون، هەرچەند هەندێ پەند هەیە بیرتەسکی و نامەعقوڵی تێدایە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی کەلتووری ئەم میللەتەیە.

((پەندی پێشینان ئەو وتەو گەوهەرە جوانانەن کە لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و ئەزموونی ژیان هاتوونەتە بوون))(صليوه، ٢٠٠٩: ٢٦٦)زۆر جاریش مرۆڤەکان دەڵێن پەندی پێشینان وەک نەخشی سەر بەرد وایە، ((کۆمەڵێ تاقیکردنەوەی خۆشی و ناخۆشی چینەکانی گەل دەردەبڕێ و لە شارەزایی و پسپۆڕی پێشینانەوە سازبووە))(العكيدي،٢٠٠٥: ٤٦)

لە ئێستادا ئیدیۆم و پەندی پێشینان تەنها لە قسەی ڕۆژانە بەکار نایەن، بەڵکو چونەتە نێو بوارەکانی نووسینەوە، بەتایبەتیش چونەتە ناو بابەتە ئەدەبییەکان، ((سەرچاوەیەکی ڕۆشنبیری ترە بۆ شاعیرەکان لە شیعرەکانیان بەرجەستەی دەکەن ))( ڕەسوول، ١٩٨٤: ٤٧)چیرۆک نووس و ڕۆمان نووسەکانیش پشتی پێدەبەستن. پەندی پێشینان ((بەرهەمێکی ئەدەبی فۆلکلۆرییە بریتییە لەچەند قسەیەکی

کورت واتایەکی زۆر فراوان دەگرێتە خۆ))(گەردی، ٢٠٠٤: ٣٢٦) زمانی دەربڕینی پەند چڕ و کورتە و ئابووری کردنی تێدایە بە وشەی کەم مانای زۆر دەدات بەدەستەوە((گوتەیەکی ڕێک و ڕەوانی هونەری گشتییە))(علی، ١٩٨٠ : ٦) زۆر کەس پێناسەی پەندی پێشینانیان کردووە، ڕەزا شوان دەڵێ: ((پەندی پێشینان ، لقێکی گرنگە لە ئەدەب و بەشێکی گەورە و بەنرخە لە فۆلکلۆر و کەلەپووری ڕەسەنی نەتەوایەتی و گەنجینەیەکی لەبنەهاتووی ڕۆشنبیرییە و فەرهەنگێکی فرە دەوڵەمەندی زمان و وشە و پڕ لە زانست و زانیای و تاقیکردنەوەی هەموو بوارەکانی ژیانی گەلە .. ئاوێنەیەکە ڕادەی شارستانی و ڕۆشنبیری و ژیری و لێهاتوویی هەر گەلێک دەخاتە روو.))( کچان و ژنان لە پەندی پێشینانی کوردیدا ــ ڕەزا شوان) هەڵبەتە لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر پەندەکانیش دەگۆڕێن هەریەک لە ئاین و زمان و تۆپۆگرافیای زەوی و جۆری پیشە و کار، کاریگەری هەیە لە چۆنیەتی ڕەنگڕێژبوونی پەندەکان. ((پەندی پێشینان ، بابەتێک نییە بۆ سوعبەت و خۆشی، یا بیکەین بە شەوچەرەی شەوارەی شەوانی درێژ و تاریکی زستان و کاتی پێ بەسەر بەرین، بەڵکو بایەخێکی ڕەوشتی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گرنگی هەیە، کە بیرتیژی و فەلسەفەی مرۆڤ دردەخات ، تا ئەو ڕادەیەی کە گەلان بە پیرۆزی و ڕێزەوە دەڕواننە پەندی پێشینان.. گەلێ لە لقەکانی تری ئەدەب سوودیان لە پەندی پێشینان وەرگرتووە..تەنانەت لە گەلێ لە کتێبە ئایینیەکانیشدا ، پەندی پێشینان یان هاوشێوەیان بەکارهێناوە.))(کچان و ژنان لە پەندی پێشینانی کوردیدا ــ ڕەزا شوان)

هەموو مرۆڤێک لە کاتی قسەکردن ئیدیۆم و پەندی پێشینان بەکار دەهێنێ، چونکە منداڵ لەگەڵ فێربوونی زمان و گەیشتنە قۆناغی مێرمنداڵی زمانەکەی باشتر گەشە دەکات و ئەوکات زیاتر گرنگی بەئیدیۆم و پەندی پێشینان دەدات و وەک هونەری دەربڕینی وتەکانی لە زۆر شوێن تێهەڵکێشی قسەکانی دەکات.

**تەوەرەی دووەم: مێژووی کۆکردنەوەی پەندی پێشیانی سریانی و کوردی:**

مێژووی پەندی پێشیان سەرەتای دیار نییە، چونکە پەیوەستە بە زمانەوە، بەڵام هەندێ پەند بە هۆی ناوهێنانی کەرەستە، یان باس کردنی ڕەمزی سەردەمێکی ژیان مێژووەکەمان بۆ بەدەردەکەوێت. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هونەری زارەکی شیعر و حیکایەت و گۆرانی پەند و ئیدیۆم... مێژوویەکی دیاریکراویان نییە، بەڵکو مێژوویان لەگەڵ سەرهەڵدان و پەیدابوونی خودی زمانەکەیە. سەبارەت بە مێژووی کۆکردنەوەی پەندی پێشینان ئەوا هەر نەتەوەیەک مێژوویەکی هەیە لە سەرەتای کۆکردنەوەی پەندی پێشینان.

لە ساڵی ١٩٠٦-١٩٠٨ تیمێکی ئەڵمانی لە جەزیرەی فیلە لە نیل کۆمەڵێ کاغەزی بەردیان دۆزییەوە، مەبەستمان شێوەی ئەو وەرەقە بەردیانەیە کە فیرعەونەکانی میسر بەکاریان هێناوە، مێژووی ئەم نووسینە دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی ئیمپراتۆری فارسی و سەردەمی ئەخمینی کە بۆ ساڵانی ٤٥٠ـ٥٥٠ پ.ز سەردەمی داریۆسی ئەخمینی، ئەم کاغەزانە جیاوازییان لەگەڵ کاغەزەکانی تر ئەوەیە، بە خەتی هیرۆغروفی نەنووسراون، بەڵکو بەزمانی ئارامی نووسراون،

قەڵەمڕەوی زمانی ئارامی ئەوکات هەتا میسریش ڕۆیشتووە، تەنانەت ئەوکات یەهودییەکانیش بەو زمانە دواون، ئەو کاغەزە بەردیانەش لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی (ساخۆ)خراوەتە ڕوو، ئاماژە بەوە دەکرێ ئەحیقارِ خەڵکی موسڵ بووە، کۆمەڵێ حیکەم و پەندی ئاراستەی کوڕەکەی کردووە، ئەوەی لەسەر ئەو کاغەزە بەردیانە تۆمار کراوە ٧٣ پەندە.( احيقار الحكيم الاشوري-(https://us.search.yahoo.com/search?fr=yhs

زمانی ئارامی بنەچەی زمانی سریانییە، ئاماژە بەوە کراوە کە ٤٥٠-٥٥٠ پێش زاین بە زمانی ئارامی نووسراونەتەوە، کە مەبەستی زمانی سریانییە، چونکە ئەو زمانەی کە ئێستا مەسیحییەکانی کوردستان پێی دەدوێن و لە هەرسێ دیالێکتی (سریان، کلدان، ئاشوور) پێکهاتووە، بە زمانی ئارامی نوێ و زۆر جاریش بە زمانی سریانی دەخرێتە ڕوو.

ئیسماعیل حەقی شاوەیس ساڵی ١٩٣٣ زاینی کتێبی قسەی پێشینان کە ٦١٢ پەندی پێشینانی گرتۆتە خۆ لە بەغدا چاپی کردووە، دواتر پەندی پێشینان و مەتەڵی لە ساڵی ١٩٣٨ لە دیاری بۆلاوان بڵاوکردۆتەوە.( نووردین، ٢٠٠٥: ١٥) کتێبی: هەزا بێژ و پەند - کۆکردنەوەی - مەعروف جیاووک - بەغدا - ١٩٥٧ چەندان هەوڵی کۆکردنەوەی پەندی پێشینان دراوە. ڕەزا شوان ئاماژە بەوە دەکات:((ئەگەرچی تا ئێستا نزیکەی بیست هەزار پەندی پێشینانی کوردیمان نووسراونەتەوە)) .( کچان و ژنان لە پەندی پێشینانی کوردیدا ــ ڕەزا شوان). تائێستا زیاتر لە بیست و پێنج کتێبی کۆکراوەی پەندی پێشینانی کورد لە چاپ دراوە) هەریەک لە (حاجی جندی و ئەمین عەبداڵی) تێدا بەشدار بووین و لە ساڵی ١٩٣٦ لە یەریڤان کتێبێکیان

بەناوی (فۆلکلۆری کورمانجی)یان پێکەوە لە دووتوێی پەرتووکێکی ٦٦٣ لاپەڕیی ئامادە کردووەو بڵاویان کردۆتەوە(نورەدین، ٢٠٠٥: ١٥)ئاماژە بە زۆر ناوی دیکە کراوە کە لەسالآنی سییەکانی سەدەی بیستەم هەوڵی کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیان داوە لەوانە مامۆستا مەعروف جیاوک دوای ئەوانیش پیرەمێرد لەم بوارەدا هەوڵێکی زۆری داوە بۆ کۆکردنەوەی پەندی پێشینان، محەمەد تۆفیق وەردی و چەندانی تر هاتوونەتە مەیدانەکەوە، بەلآم ئەوەی ئێمە بەسەرە قەڵەمێک دەمانەوێ لێی بدوێین ئەوەیە پەندی کوردی بەرێنووسی سریانی(قەشە سلیمان شێخۆ)، کە خەڵکی ئەلقۆش بووە، لەساڵی ١٩١٥- ١٩٧٢ لە دێری ئەلقۆش ژیاوە، لە ساڵی ١٩١٥ توانیویەتی ٨٩١ پەندی پێشینانی کوردی لە ناوچەی بادینان کۆبکاتەوە، کە پەندەکان بە زمانی کوردی زاری کرمانجین، بەلآم بە ئەلف و بێی سریانی نووسیویەتییەوە، بەتەک هەر پەندێکیش دانە دانە وەریگێڕاونەتە سەر زمانی سریانی. ئێمە تەواوی دەست نووسەکەمان لەبەردەستە، کۆدی دەست نووسەکە (٩٦٤)ە، بۆ بەڵگەمەندی بابەتەکە وێنەیەک لە لاپەڕەی دەست نووسەکەمان داناوە و چەند دانەیەک لەو لاپەڕەیەمان هێناوەتەوە سەر رێنووسی کوردی و وەرگێڕانە سریانییەکەش بە ئەلف و بێی کوردی دەخەینە ڕوو، ئەم پەندانەی کە لەم لاپەڕەیە نووسراونەتەوە زیاتر تایبەتن بە خۆراکەکان، لەوانە:

١.کوردی: نان و زەیتوون، تشتێن خاتوون.

سریانی: لوخمە و زیتە، مخەلتە ئەمێرتە.

٢.کوردی: نان و پەنیر، تشتێت میر.

سریانی: لوخمە و گوپتە، یخالت ئەمیرە.

٣.کوردی: نان و پیاز، تشتێت بەراز.

سریانی: لوخمە و بصلە، لوخمت خەزوورە. (دەست نووسی قەشە سلێمان شێخۆ، ل٣٣)

لە هەمان لاپەڕە پەندێکی تێدایە لە بارەی خواردنەکان نییە و بەم شێوەیە: ناوێک گران، گوندێ وێران. بەشێوەی کرمانجی ناوەڕاست ئەو پەندە هەیە، کە بەم شێوەیەیە: ناو گەورەی گوند وێران. ئەمەش بۆکەسێک یان بۆشتێک بە کاردێ کە ناوبانگی هەیە، بەڵام هیچیشی پێناکرێت، یاخود خەڵک وادەزانن ئەوە شتێکی گرنگە، کەچی لەناوەوە وێرانە و ئەو شتە نییە کە پێشبینی بۆ دەکەن.

وەرگێڕانەکەی بۆزمانی سریانی بەم شێوەیەیە: شما تاوە، ماتە خروتە. لە گوندی هەرمۆتەی شاری کۆیە پەندە سریانییەکە بەم شێوەیەیە: بێتە ڕابە، ماتە خەرابە. واتا دەبینین ئەم پەندە لە هەردوو زمانی کوردی و سریانی هەیە، بۆیە لەتەواوی دەست نووسەکە چەندان پەندی لێکنزیک و هاوبەش لەنێوان هەردوو زمانەکە دەبینین کە دەکرێ لە ڕووی بەراوردەوە توێژینەوەیان لە بارەوە ئەنجام بدرێ.

بڕوانە ئەو لاپەڕە سریانییەی کە ئەم زانیارییانەی سەرەوەی لێخراوەتە ڕوو.



لەم کورتە نووسینە ویستم تەنها سەرەتای نووسینەوەی پەندی پێشینانی سریانی و کوردی بخەمە ڕوو، دەنا بەقۆناغەکانی مێژووی دابێین ناوی دەیان کەس دەبینین کە لەم بوارە کاریان کردووە و پەندیان کۆکردۆتەوە.

**تەورەی سێیەم: بەراوردی کۆمەڵێ پەندی سریانی و کوردی:**

بواری بەراورد بوارێکی فراوانی ڕەخنەی ئەدەبییە، کە چەندان قوتابخانەی بەراوردی هەیە و لە زۆر بواری ئەدەبی ئیشی لەسەر کراوە، لەوانە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و فۆلکلۆر، ((بێگومان فۆلکلۆر، ئاوێنەیەک لە فەرهەنگ و ئەدەبی هەرکۆمەڵگایەک ک ئاخێزگەی بیر و بۆچوون مەردم ئەو سەردەمەسە چ ئەو باوەتە شێعر بوو یا چەوە یا پەند پێشینان))(جەلیلیان، ٢٠٠٩: ٩)ڕۆستەم باجەلان دەڵێ: ((هەرچەندە زانیان و پسپۆڕانی فۆلکلۆر لە جیهاندا وادەگەیێنن کە پێچوون و یەکێتییەک هەیە لەنێوان جۆرەها فۆلکلۆری میللەتان

سەرەڕای ئەوەش دانیان بەوە ناوە کە هەر میللەتێک خاوەنی کەلەپووری تایبەتی خۆیەتی کە ڕەنگدانەوەی باری ڕیالیستی میللەتەکە نیشان دەدا))(باجەلان، ١٩٨٥: ٢٨) توێژینەوە لە پەندی پێشینان، توێژینەوە و قوڵبوونەوەیە لە بارەی ژیان و فەلسەفە و بیرکردنەوەی ئەم گەلە، چونکە لە دەربڕینێکی کورت ئەزموونی ژیان دەبینین، بۆیە زۆرجار وەک دەقێکی پیرۆز سەیری پەندی پێشینان کراوە و پشتی پێبەستراوە. لەکاتی قسەکردندا کاتێ ئیدیۆم و پەندی پێشینانیان بەکار هێناوە قسەی قسەکەر بە توێکڵتر و جوانتر و کاریگەرتر بووە و خەڵک حەزیان پێکردووە.

شەن و کەوکردن و قوڵبوونەوە لە پەندی پێشیان و بەراورد کردنی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، شتێکی زۆر گرنگە بۆئەوەی جیهانبینی مرۆڤی کورد و نەتەوەکانی ترمان بۆدەربکەویت. هەرچەندە مرۆڤەکانی هەموو جیهان لە حەز و مەیل و خۆشی و ناخۆشی و کۆمەڵێ هەست سۆز هاوبەشن، بۆیە زۆر ئاساییە، پەندی پێشینانی ئینگلیز و کورد لێکنزیک بن، چ چای ئەوەی کورد و کلدان و سریان و ئاشوور(سوورایا - سریان)ساڵەهای ساڵە لە یەک خاک ژیاون و مەشاعیرێکی هاوبەش و خاکێکی هاوبەش و مێژووی هاوبەش پێکەوەیان دەبەستێتەوە، بەڵام وەک دەزانین زۆرجار ئاین ڕەنگڕێژی پەندی پێشینانە، یان ئاین لەپشت پەندەکانە، هەروەها زمانیش تایبەت مەندی خۆی هەیە. ئەگەر پەندەکان لێکنزیک بنیش تەعبیر و کەرەستەکانی دەربڕینیان جیاوازە.

زۆر بەگرنگم زانی بەراوردێکی پەندی پێشینانی سریانی و کوردی بکەم و ڕووی پێکچوو و جیهانبینی ناخی پەندەکان بخەمە ڕوو.

سـەرەتا دەمـەوێ لـە پەنـدەکانی ئـەحیقاری حـەکیم دەسـت پێبکـەم و چەند پەندێکی بخەمە ڕوو و لەگەڵ پەندی کوردی بەراوردیان بکەم. هەڵبەتە لە قورئانیش گوتەکانی لوقمانی حەکیم جێی گرنگی پێدانە.

ئەحیقار ئەلحەکیم دەڵێ: چاو کوێری باشترە، لە دڵ کوێری.

چونکە ئەگەر کەسێک چاوی کوێربێ، ئەشێ مرۆڤێکی باش بێ، بەڵام دڵکوێری بێویژدانی و زاڵمیەت دەگەیێنێ.

لەبەرامبـەر ئـەم پەنـدەی ئـەحیقار لـە زمـانی کـوردی زۆر ئیـدیۆم لـە بـارەی دڵــەوە هەیــە، لەوانــە: دڵ ڕەق، دڵ پیس...چـاوی دڵ و بینـین لـەڕێی دڵــەوە ڕەهەنـدێکی ئـاینی هەیــە و شــاعیرانی کــوردیش زۆر گرنگییان پێداوە.

ئـەحیقار ئەلحـەکیم دەڵـێ: ئـەوەی چـاڵ بـۆ براکـەی خـۆی لێبـدات، بـە جەستەی خۆی پڕیدەکاتەوە.

کورد دەڵێت: ئەوەی قوڵت بۆخەڵک لێبدات، خۆی دەکەوێتە ناوی.

ئـەحیقار الحـەکیم دەڵـێ: کـوڕە دەوڵەمەنـد مـار بخـوات، خـەڵک دەڵێن: بۆچارەسەری نەخۆشی خواردوویەتی. کوڕە فەقیر بیخوات، دەڵێن: لە برسان خواردوویەتی.

کورد دەڵێت: بانێک و دووهەوایە.

ئەگەر کوڕە دەوڵەمەندێک پۆشاکێکی جوان لەبـەربکات، خـەڵک دەڵێن: دەوڵەمەند پیرۆزت بێ. ئەگـەر فـەقیرێک پۆشـاکێکی جوان لەبـەربکات خەڵک دەڵێن: فەقیر لەکوێت بوو.(دەوڵەمەند پیرۆزبێت، فـەقیر لـەکوێت بوو.)

لە ئینجیلیش زۆر بابەتی پەندئامێز هەیە بۆنموونە:

ئینجیــل: ئــەوەی جنێــو بــە دایکــی بــدا ڕوونــاکی لــەتاریکایی دەکوژێتەوە.(سفر الامثال: ٢٠-٢٠)

ئینجیل: نانی درۆ خۆشە بۆ مرۆڤ، بەڵام دوای ئەوە دەمی پڕ دەبێ لەبەرد. (سفر الامثال١٧-٢٠) مەسیح دەڵێ: ((مندیت شەمیتولێ نادم گاویۆ ڕێژ گارێ).وەرگێڕانەکەی لەزمانی سریانییەوە: ئەوەی دەیبیستن لەسەربانەوە بانگەوازی بۆبکەن.

لەڕاستی دا ئەو پەندە لەنێو مەسیحییەکان باوە، هەرچەندە بەواتا ڕاستەقینەکەی خۆی بەکارنەهاتووە، چونکە پەیامی مەسیح بۆبڵاوکردنەوەی ئاشتی و پەیامە دینییەکەیە، بەڵام مەسیحییەکانی کوردستان بەو واتایە بەکاری دەهێنن، کە قسەیەکیان بیستبێ و باسی دەکەن و کوێی پێنادەن، بۆیە بەرامبەر ئەم ئیدیۆمەی کوردی دەوەستێتەوە کە دەڵێ: زگم عەباری بابی(باوکی) کەس نییە.

مەسیح بەزمانی سریانی: ویمن حەکیمێ موخ خواوێ و شێنایێ موخ یۆنێ. واتاکەی: زیرەک بن وەک مار، ئاشتی خوازبن وەک کۆتر.

لەم دەروازەیەوە شۆڕدەبمەوە نێو بابەتەکەمان و هەندێک لە ئیدیۆم و پەندەکان ڕووبەڕووی یەک دەکەینەوە و لێکیان دەدەینەوە.

١. سریانی: ئیدە کتۆرە بێتەلتە کەسیالە.

وەرگێڕانەکەی:(دەست دەشکێ و کەلانگۆچک(فەقیانە) دەیشارێتەوە.)بۆ کەسێک بەکار دێت کە تووشی شکستێک دێت، خزم و کەس عەیب و عاری دەشارنەوە و بۆی پینەدەکەن و وادەکەن خەڵک بەو عەیبەی نەزانن.

کوردی: عەیبی یەکتر بشارنەوە.(ئیدیۆم)

٢. کپنا کخار و گودانێ دکێپا.(یەلدا:٧٤)

وەرگێڕانەکەی: (برسی دیواری بەرد دەڕوخێنێ.) واتا برسییەتی موسیبەت و تاوان و زۆر شتی خراپی بە دواوەیە.

کوردی: برسییەتی ڕێی هارییە.

٣. سریانی: کومی بش قەڕیوە من هیمی.

وەرگێڕانی بۆکوردی:دەمم لە دایکم نزیکترە.

کوردی: شەرت ماڵە، مزگەوت بەتاڵە.

ناوەرۆکی هەردوو پەندەکە ئەوەیە: خۆت پێویستیت بەشتێک هەبێ نایدەیتە کەسی تر، چونکە خۆت لەپێشتری.

٤. ئەخالت لوخمە و سەلاخت سفرە.

وەرگێڕانی بۆکوردی: نانخۆری سفرە دڕ.

کوردی: سفرەی نان دڕ. واتای بێسفەتی و بێنمەکی دەگەیێنێ.

٥. سریانی: ئیتوو پلیمە و دووز مەحکی. وەرگێڕانی بۆکوردی: خوار دانیشە و ڕاست بدوێ. واتا: شێوە و شکل گرنگ نییە قسە و کردار گرنگە.

٦. سریانی: قوقتە کخەپیە کومەو براتە کشەبیە هیمەو. وەرگێڕانی بۆکوردی: کوپە لە سەر لێوی خۆی دەنیشێتەوە، کچ لە داکی خۆی دەچێ.

کوردی: داکێ ببینەو دۆتە بخوازە.

٧. سریانی: ئەڕخێل مایێ (مۆییێ)قەلەبلیلە، بەترت جەقجەقتە غەدرێوە. وەرگێڕانی بۆکوردی: ئاو ئاشی برد، لە دوای جەقەنەکەی دەگەڕان.

کوردی: گاڕانیان بە خڕەوە دەبرد، پیرەژن لە کۆلکە سۆری دەپرسی.

٨. سریانی: تێتە نخرێتە، کتەڕدە مەربێتە.

وەرگێڕانی بۆکوردی:مریشکی بێگانە، مریشکی خاوەن ماڵی دەرکرد.

کوردی: هەرەکان هاتن، بەرەکانیان دەرکرد.

٩. سریانی: شوقتوخ لە مەلبشتیلە.

وەرگێڕانی بۆکوردی:کراسەکەی خۆت لەبەر من مەکە.

کوردی: دەستەچەورەکەی خۆت بەمن مەسڕەوە.کڵاوی خۆت لەسەری من مەنێ.

١٠.سریانی: گوما کێلتە پێشە قاتوخ کلێتە. وەرگێڕانی بۆکوردی:بەچی بۆخەڵکی بپێوی بەو نەوعە بۆتدەپێونەوە.

کوردی: ئەوەی قۆرت بۆ خەڵک لێبدا بۆخۆی دەکەوێتە ناوی.

١١.سرینی: قەپۆخت کمەخیالێ دایی، بشتۆن من مشخت نخڕایێ.

وەرگێڕانی بۆکوردی: ئەو چەپۆکەی دایکم لێمبدا، باشترە لەو ڕۆنەی بێگانە تێمهەڵدەسوێ.

کوردی: ئەوەی بدگرێنێ، باشترە لەوەی بەپێکەنینت دێنێ.

١٢.سریانی: ئالەها کجاول گۆزێ قە ئۆد کاکێ لتلێ. وەرگێڕانی بۆکوردی:خودا گوێز دەداتە کەسێک کە ددانی نییە.

کوردی: لەبۆ گوکەران هەردەکەوێ، لە بۆ ڕاوکەران هەڵناکەوێ.

١٣.سریانی: قەمخە لتلە گو کوارە، لبەو کتاڵب گوارە. وەرگێڕانی بۆکوردی:ئاردی نییە لە کەندوو، دڵخوازی مێردکردنە.

کوردی: ماڵی نەنە نانیان نەبوو، داوای تەڕەپیازیان دەکرد.

١٤.سریانی: پریکە گو تەمایت شواوێ پەرکتێ، لەکتارێ و لەکپایش پریکە. وەرگێڕانی بۆکوردی: بەتەمای جیرانان نان بقرمێنی، نانەکەت تەڕنابێ.(وەک ئەوەی نان حازر دەکەی بۆتێکوشە، بەڵام تەشریبەکە وجوودی نییە وماڵە جیرانیش بۆتناهێنن.)

کوردی: پشت بە خۆ بەستن: کەچەڵ بە دەستی خۆی سەری نەخورێنێ خورشتی بەکەس داناکەوێ.

١٥. سریانی: کەرتت خاصی و دەردەمتت بەترێ. وەرگێڕانی بۆکوردی: کۆرە پشتم و پرتە پرتی تۆش.

کوردی: مار بۆخۆی نەبوو میوانی بۆ پەیدابوو.

کوردی: خەمی خۆم و کێشەی تۆش سەربار و بن بار.

١٦.سریانی: میتەمتلێ ڕووخلە لخاییو. وەرگێڕانەکەی: (کابرا مرد، خەڵکی خەنی کرد)واتا کەسێک کە دەوڵەمەند بێت و میراتی زۆربێ دوای خۆی نەوەکانی خەنی دەکات. کوردی: کەندەران ڕما کۆنە شیو خەنی بوو.

١٧.سریانی: خۆلە قتیلێ و کەرتە بربزلە. وەرگێڕانەکەی:(پەت پسا و کوڵەپشتەکە پەرت و بڵاوبووەوە). واتا شتەکان تێکچوون و کۆتاییان پێهات.

کوردی: دۆر دڕاو تەقەی بڕا.

کوردی: ئیشکەرت بمری، مشوور کەرت نەمری. زۆر جار پەندە سریانییەکە بۆئەوە دێتەوە، کە مشوور کەر دەمرێت. چونکە مشوور کەر ڕاگری شتەکانە، وەک چۆن ئەو پەتەی

کۆڵەپشتەکەی پێ بەسراوە و پێچراوەتەوە، کە پەتەکە بپچڕێ
کۆرە پشت بەگۆڕێ وەردەبێ.

١٨.یەپشاتێ کۆمێ و تموو حەلوویێ. وەرگێڕانەکەی: (مێژ ڕەشە، بەس تامی شیرینە.)(ئیدیۆم)

کوردی: زێڕ کچکەیە، بەس بەقیمەتە.(ئیدیۆم)

١٩.سریانی: ئەخالت پلگە و دەماخت پەرگە.

وەرگێڕانەکەی: لە نانخواردن لە ناوەڕاتی سفرە دادەنیشێ، بۆخەوتنیش لە لاپەڕگی ژوور دەخەوێ. واتا: کەسێک کە لەبەردەم سیفرەی نانخواردن شوێنی ناوەند بێ، ئەوا دەستی بەهەموو لایەک ڕادەگات و دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی بخوات، کەسێکیش لە ژورێکدا بخەوێ شوێنەکەی لاپەرگ بێ، ئەوا باشتر دەخەوێ و جێگاکەی فراوانتر دەبێ، چونکە لەکۆندا کەسانی زۆر لەیەک ژوور نووستوون.

کوردی: نانخۆری جێگر.

لەسریانییەکە ئەوەیە ئەو کەسە لەناوەڕاستی دامەنی سیفرەی نانخواردن دادەنیشێ و لایەکی ژوورەکەش دەگرێ بۆنووستن.

٢٠.سریانی: خەسەپا بەسیما گاو خەتوورە کۆما. وەرگێڕانەکەی: پاوەکی خۆش لەنێو چیایەکی ڕەش. واتا: هەرچەندە بارودۆخ ناخۆش بێ، زرووفی تۆ خۆش بێ دەگوزەرێ.

کوردی: هەموو دونیا گیربێ، بستەک لەمن بەدووربێ.

٢١.سریانی: یۆما گو شرمت یۆما. وەرگێڕانەکەی: ڕۆژ بە قونی ڕۆژێ.واتا: بەکەسێک دەڵێن ئیشەکانی ناکات و هەردەڵێ سبەینێ و هەمووی بەسەر خۆی کەڵەکە دەکات.

کوردی: ئیشی ئەمڕۆ مەخە سبەینێ.

٢٢.سریانی: ئۆدوکتت ئەرە ئیتن مۆیێ لیتت، ئۆدوکتت مۆیێ ئیتت ئەرە لیتن. وەرگێڕانەکەی: لەوشوێنەی زەوی هەیە و عارد نییە، لەو شوێنەی ئاو هەیە، عارد نییە.

کوردی: هەتا ددان هەبوو پلاو نەبوو، ئێستا پلاو زۆرە و ددان نییە.

٢٣.سریانی: ئیتیلێ خمارە، بتلێ زمارە. وەرگێڕانەکەی:کەرهات و گۆرانی گوتن وەستا. واتاکەی: بۆئەوە بەکاردێت جاری وا شتی وا دێتە پێش، کابرای خاوەن هەیبەت و ویقاڕ و لێزان لێدەخرێ و کەسی ناشایستە سەردەخرێ کە نە لەشتەکە دەزانێ و نە ئەزموونی هەیە. وەک ئەوەی زەڕینی کەر گۆرانی بێژی دەنگخۆش ڕابگرێ. کوردی: لە جێی شێران، ڕێوی دەکەن گێران.

٢٤.سریانی: ئێنت لە غزێلە لەحتێلە.

وەرگێڕانی بۆکوردی:ئەو چاوەی نەیبینی گوناحبار نەبوو. واتا: کاتێ کە شتێکی خۆش دەخۆی کەست لەدەور و بەر نییە گوناحبار نی، بەس لەکالتێکدا لەماڵەوە شتێک دەخۆیی و بەشی ئەوانی تر نادەی، ئەم گوتەیەی پێدەڵێن.

کوردی: ئاهی نەفسان کلیلی دەستان.

٢٥.سریانی: خەگیانە کبە خەپتانە.
وەرگێڕانی بۆکوردی:یەک گیان، یەک جووتی دەوێ.واتا وەک چۆن جووتکردن بە کەر و هەوجار بۆگێلآنی پارچە زەوییەک زۆر قوورس بووە، بەهەمان شێوەش مامەڵە کردن لەگەڵ هەرکەسێک وەک ئەو جوتکرنە وایە کە دەبێ سەبڕ و ئارامیت هەبێ.
کوردی: ئیدیۆمێکی لەو شێوە هەیە دەڵێ: دڵێکی گەورەی دەوێ.
__تێبینی__: ئەو چەند دانەیەی خوارەوە کوردییەکەمان لە بەرامبەری دانەناوە، هەوڵبدە بۆی بدۆزەوە:
٢٦.سریانی:تێتا ببیاتا ئێنەو سولیاتە. وەرگێڕانەکەی:مریشک تا دەمرێ، چاوی لە گوفەکە. واتا: بۆئەوە بەکاردێ، بۆنموونە کابرا دەوڵەمەندە و موحتاج نییە، کەچی هەر سەرقاڵە و زیاد لە پێویست خۆی ماندوو دەکات و تەنانەت لەسەرەمەرگیش هەر بیر لە ئیشەکەی خۆی دەکاتەوە.
٢٧.سریانی: دمۆخ کپینا، قۆم شەمینا. وەرگێڕانەکەی:بەبرسییەتی بخەوە و بە پڕتەوی و بەهێزی لەخەوە هەڵسەوە.واتا: شەوان بەبرسییەتی بخەوی سحەتت باشتر دەبێت و بەزەوق و بە سەلامەتی لە خەو هەڵدەستیتەوە.
٢٨.سریانی: ئاود بشمشا د قێتا لە شاخن، بشمشا دستوا لەکشاخن(یەلدا: ٧٥). (ئەوەی بە هەتاوی هاوین گەرم نەبێتەوە، بە هەتاوی زستان گەرم نابێتەوە.)
٢٩.سریانی: لە پەست گو ئیداتوخ، لەکیەدت قەدرت ئەقلاتوخ. وەرگێڕانی بۆکوردی: هەتا بەدەست نەڕۆی، قەدری قاچەکانت نازانی.

٣٠.سریانی: لە ڕەتخا برمتونی، لەکسەوە کاسۆنی. وەرگێڕانی بۆکوردی: مەنجەڵی خۆم نەکوڵێ، سکم تێر نابێ.

٣١.سریانی: بیتۆنی، کساکر ئێبی و عەجەبۆنی. وەرگێڕانی بۆکوردی:ماڵۆکەی خۆم، دەشارتەوە عەیب و عاری خۆم.

**ئەنجام:**

١. ئیدیۆم و پەندی پێشینان مێژوویەکی لەمێژینەیان هەیە و پەیوەستن بەزمانەوە، بەڵام کەلتوور و ئاین ڕۆڵی هەیە لەڕەنگرێژکردنیان. بۆیە لە بەراورد کردنی پەندەکانیش ئەوەمان بۆبەدەرکەوت.

٢. کورد و سریانی مێژوویەکی لەمێژینەیان هەیە و لە شوێنەی کوردی لێژیابێت سریانی زمانی لێژیاوە، بۆیە لە پەندی پێشینان و قسەی نەستەقیش نزیکایەتییان زۆرە.

٣. پەندی پێشینان بۆ زۆر بابەت و دیاردە گوتراوە، بۆیە پەندی پێشینانی کوردی و ئینگلیزی و هەرنەتەوەیەکی تر بەراورد بکەی ئەوا بیرۆکەی هاوبەش و پەندی لێکدی نزیک دەدۆزینەوە، چ چای ئەوەی کە کورد و سریان پێکەوە ژیاون.

٤. لە ڕووبەڕوو کردنەوەی ئیدیۆم و پەندەکان، شتی هاوبەشمان خستەڕوو، بەڵام جیهانبینی و جۆری دەربڕینەکان لە هەردوو زمان جیاوازبوون، خاڵی هاوبەش لێکنزیکی بیرۆکەی پەندەکان بوو.

٥. لەکاتی وەرگێڕانی پەندە سریانییەکە بۆ زمانی کوردی، بەتایبەتی ئەو پەندانەی لەشێوەی دێڕە شیعرێک، واتا قافیە

دارن، نەتواندراوە لە زمانی کوردی قافیەکان بێنەوە، چونکە ئەم دوو وشەیەی کە قافیەکەیان لە ئەستۆ بوو لە زمانی سریانی، دوو وشەکەی زمانی کوردی ئەو مۆسیقایەیان تێدانەبووە.

## سەرچاوەکان:


ئینجیلی پیرۆز

١. https://a5dr.com/wiki/%D8%A3%D8%AD%D9%8A%D9%82%D8%A7%D8%B1-/%D8%A7%D9%84%D8%AD%D9%83%D9%8A%D9%85

٢. احيقار الحكيم الاشوري

٣. https://us.search.yahoo.com/search?fr=yhs-

٤. ئیدریس عەبدوڵڵا، ئەدەبی میللی کوردی، بەرگی دووەم، چ:جاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.

٥. سەدرەدین نوورەدین، پەرتوکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری،هەولێر، ٢٠٠٥

٦. سەردار ئەحمەد گەردی، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی،٢٠٠٤.

٧. شوکریە ڕەسوڵ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤

٨. شوکریە ڕەسووڵ(د)، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، هەولێر، ١٩٨٤.

٩. عمر شێخ لله علی، پەندی کوردی، بەغدا، ١٩٨٠.

١٠.عـــەباس جـــەليليان، زەڕينـــە و ســـيمينە، ب١، ئينســـتيتيوتی كەلەپووری كورد، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،٢٠٠٩

١١.عەبدولمەسيح سەلمان، هەندێ پەند و ئيديۆمی سريانی، گۆڤاری كەلتووری كورد، ژ٢، ٢٠١٦.

١٢.قەشە سلێمان شێخۆ، دەست نووس.

١٣. كچان و ژنان لە پەندی پێشينانی كورديدا ــ رەزا شوان
http://www.kurdzhin.net/index.php?option=com_content&id=5657:2012-01-08-13-27-06&Itemid=26

١٤.كۆمـەڵێ نووسـەر، فۆلكلـۆری، كۆمەڵـە بەرهـەمێكی فۆلكلۆرييـە، ب٢، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨٥.

١٥.محمد نوری عباس العكيدي، الصورة الشعرية في شعر المولدين حتى نهاية القرن الثاني الهجري، رسالة ماجستير، في اللغة العربية وادبها، كلية التربية، جامعة الانبار، ٢٠٠٥.

١٦.مەسعود عەبدوڵڵا مستەفا، تايبەتمەندييەكانی فۆلكلۆری دەشتی هەولێر، ماستەرنامە، زانكۆی سەلاحەدين ـ هەولێر، ٢٠٢٢.

١٧.هاوژين صليوە، بنياتی وێنەی هونەری لە شيعری شێركۆبێكەسدا، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.

Abstract

Title of the research: (Comparison of proverbs and idioms between Kurdish and Assyrian).

It is a new title for the research that's why I chose this topic. Our research contains an introduction, three chapters, conclusion, and the sources that have been taken benefit from.

The chapters are:

The first chapter: consists of the definition of idiom term and proverbs.

The second chapter: the history of collecting Kurdish and Assyrian proverbs.

The third chapter: comparison between a group of Kurdish and Assyrian proverbs.

Five literary researches.

# ئیستاتیکا لە شیعری چەپکە گوڵێك بۆ ست فاتمەی(هەردی)دا

## کلیلە وشەکان: key words

ئیستاتیکا Aesthetic، چەپکە گوڵ A bunch of flower، زمانی شیعریی poetic language، خەیاڵ Fantacy، وێنەی شیعریی poetic image، مۆسیقای شیعریی lyrical poem.

## پوختە

ئیستاتیکا زاراوەیەکی فەلسەفی ئەدەبی فرە لایەنە، چونکە ئیستاتیکا پەیوەستە بە ڕوئیە و ڕوانینەوە، ئەم بابەتە لە نێو دەقە ئەدەبییەکانەوە و لەڕێی زمانەوە بنەماکانی ئیستاتیکا دیاریدەکرێت. ئەو زمانەش هەڵگری دال و مەدلوول و وێنەی شیعری و مۆسیقای شیعرییە، بۆیە قسەکردن لەسەر دەقی چەپکەگوڵێک بۆ شیعری ست فاتمەی هەردی قسەکردنە لەسەر جوانی ناسی دەقەکە، کە لەم توێژینەوەیە خراوەتە ڕوو. شاعیر هەستی ڕۆمانسی و کەتواری تێکەڵ کردووە، لەڕووی ڕۆمانسییەوە وەسفی جوانی ست فاتمە دەکات، دواتر بەدیدێکی ڕیالیزمی واقعی کێشەی هەژاری و دەوڵەمەندی دەخاتەڕوو و خۆشەویستی باڵاتر دەکات لە چاو سامان و ماڵی دونیا.

## پێشەکی:

ئەحمەد هەردی یەکێکە لەو شاعیرە بەهرەمەندانەی، کە بە ژمارە شیعرەکانی کەمن، بەڵام لێوان لێون لە داهێنان و جوانکاری، هەتا بیانخوێنیتەوە ئەوەندەیتر شیرینیت پێدەبەخشن و خۆیان لە دیواری دڵ دەسون و دەچنە ناخی دڵ و دەروونەوە. لە دیوانە شیعرەکەی ڕازی تەنیای شازدە شیعری بە زمانی کوردی و یەک شیعریش بەزمانی عەرەبی لەخۆگرتووە، لەگەڵ کۆمەڵێک شیعری تاک دێری و دوو دێری، کە بۆ کێلی گڵکۆی ئازیزان دایناون، چەند شیعرێکی دیکەشی هەیە، لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی وەختی خۆی بڵاوکراونەتەوە و نەخراونەتە دوتوێی ئەم دیوانەوە.

ناونیشانی توێژینەوەکەمان: ئیستاتیکا لە شیعری چەپکە گوڵێک بۆ ست فاتمەی هەردیدایە.

سنووری لێکۆڵینەوەکەشمان تەنها ئەم شیعرەیە، بەپێی پێویستی و زیاتر ڕوونکردنەوەی شیعرەکە جار جار ئاوڕمان لە شیعرەکانی دیکەی داوەتەوە.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: خستنەڕووی لایەنی جوانکاریی و داهێنانی ئەم شیعرەیە، بۆ کەشفکردن و دۆزینەوەی نهێنی جوانی ئەم شیعرە.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە: هێرمۆنۆتیکا، میتۆدی شێوازناسی و شێواسناسی ئاماری بەکارهاتووە.

ستراکتۆری لێکۆڵینەوەکە: لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بریتییە لە سێ تەوەرە:

تەوەرەی یەکەم: زاراوە و چەمکی ئیستاتیکا: لەم تەوەرەیەدا هەوڵماندا وە لە پێکهاتە و بنەمای زاراوەکە بدوێین، دواتر پێناسە و

چەمکی ئیستاتیکا بخەینەڕوو، بیر و ڕای فەیلەسوف و زانایان لەم بارەیەوە بهێنینەوە.

تەوەرەی دووەم: هۆکاری نووسینی ئەم شیعرە: لەم تەوەرەیەدا هۆکاری نووسینی ئەم شیعرەمان خستۆتەڕوو، کە هەر لە دیوانەکەدا ئەحمەد هەردی ئاماژەی بۆ کردووە، دواتر پشتمان بە چەند سەرچاوەیەکیش بەستووە بۆ قسەکردن لەبارەی ئەم تەوەرەیە.

تەوەرەی سێیەم: ئیستاتیکای شیعرەکە لە دیدی شاعیران و نووسەراندا: ئەم شیعرە کاتێک لەلایەن عەلی مەردانەوە کرایە گۆرانی خەڵکێکی زۆر شەیدای بوون و مقۆمقۆی لەسەر پەیدابوو، بۆیە بیر و ڕای چەند کەسێکی ئەدەبیمان وەرگرتووە، بۆئەوەی لە بەهای شیعرەکە بدوێن.

بەشی دووەمیش لە دوو تەوەرە پێکهاتوە:

تەوەرەی یەکەم: ئیستاتیکای زمان و وێنەی شیعری لە دەقەکەدا: ئەم دەقە فرە لایەنە، چونکە زمان وەک تەنێکی بارگاوی زۆر شتی لەخۆ گرتووە، بۆیە لەڕێی زمانی شیعرییەوە، باسی خەیاڵی شعرەکە و لایەنی واقعیەت و سۆز و هەست و نەست و وێنەی شیعری کراوە، بەمەبەستی پیشاندانی لایەنی جوانیناسی دەقەکە.

تەوەرەی دووەم: ئیستاتیکای مۆسیقا لە شیعرەکەدا: لەم تەوەرەیاندا هەوڵمانداوە باسی مۆسیقای ناوە و دەرەوەی شیعرەکە بکەین و کێش و سەروا و مۆسیقای ناوەوەی بخەینەڕوو. ئینجا ئاماژەمان بەو سەرچاوە زانستییانە کردووە، کە لە میانەی توێژینەوەکەمان سوودمان لێوەرگرتوون، پاشان بە چەند خاڵێک ئەنجامی توێژینەوەکەمان خستۆتەڕوو، لەگەڵ کورتەی باس بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## ١.١ زاراوە و چەمکی ئیستاتیکا:

جوانی، یاخون جوانی ناسی زانستێکی فەلسەفییە و پشت بە کۆمەڵێک بیر و بۆچوون دەبەستێت و ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە، کە پێش زاین لای یۆنانییەکان مشتومڕێکی زۆر لەبارەی زانستی جوانیناسی کراوە. لای یۆنانییەکان زاراوەی Aisthesis بەکارهاتووە. زانای ئەڵمانی ئەلکسەندەر بۆمگارتن (١٧١٤-١٧٦٤ز) لە ساڵی ١٧٣٥ کتێبێکی بەچاپگەیاندووە بەناوی Aesthetic (مستەفا، ٢٠٠٣: ٦). لە زمانی ئینگلیزی زاراوەی Aesthetics بەکارهاتووە. لای عەرەب بە (علم الجمال)ناوی هاتووە. لە زمانی فارسیدا زاراوەی (زیبایی شناسی) بەکارهاتووە.

پێناسە و مەفهومی جوانیناسی ئاڵۆزە و لە یەک پێناسە لە بۆتە نادرێت، چونکە جوانیناسی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دی و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی و لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی دیکە دەگۆڕێت. خۆی جوانی نسبییە. هەموو مرۆڤێک دایکی خۆی پێ جوانە. جوانی مرۆڤ زۆر جار کەلتوور ڕەنگ ڕێژی دەکات. لە نێو هەندێک هۆزی ئەفریقی ئافرەت هەتا گەردنی درێژ بێت بەلایانەوە جوانە. بۆیە ئافرەتان ڕشتەی هەلقەی ئاسن لە گەردنیان دەکەن، تاوەکو گەردنیان درێژ بێت. بۆ نەتەوەکانیتر پێوەرەکان دەگۆڕێن.

ئەوەی ئێمە دەمانەوێت لە بارەیەوە بدوێن جوانی ئەدەب و هونەرە، بەڵام ئەم جوانییەش هەر لە کۆنەوە ((زۆرانبازی لە نێوان ئایدیالیزم و ماتریالیزم بە ڕوونی لە مێژووی ئیستاتیکادا دەردەکەوێت، کە کاریگەرییەکی زۆری کردۆتە سەر چەمکی جوانی و ئیستاتیکا بە درێژایی ئەم مێژووە، چونکە هەریەک لەم دوو بۆچوونە لە

گۆشەنیگای جیاوازەوە دەڕواننە چەمکی جوانی و هەوڵی شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی دەدەن.)) (س.پ: ٧) هەریەک لە ئەفلاتوون و ئەرستۆ و هۆراس لە ژێر چەکی فەلسەفەی لاسایی کردنەوە باسی جوانی هونەریان کردووە. کە بەلای ئەفلاتوونەوە جوانی هونەر لاسایی لاسایی کردنەوەیە، چونکە هەموو بیرۆکەکان لە ئایدیا لای خواوەند هەنە، بۆنموونە وێنەی درەختێک لە جیهانی باڵا هەیە، بوونی درەختەکە لە سروشت لاسایی کردنەوەیە، وێنەکێشێک وێنەی درەختەکە بکێشێت ئیشەکەی دەبێتە لاسایی لاسایی کردنەوە. ئەرستۆ پێی وایە هونەر جوانکاری تێدایە و لاسایی کردنەوەش هەمان لاسایی کردنەوەی سروشت نییە، کە دەبێتە لاسایی لاساییکردنەوە. بەڵکو پێی وایە هونەر کەم و کوڕی ژیان پڕدەکاتەوە. کاری هونەری لاساییکردنەوەیەکی سەد لە سەد نییە. هۆراس داوادەکات، کە شەو و ڕۆژ هونەرکاران لاسایی بەرهەمی یۆنانییەکان بکەنەوە. مەسەلەی جوانی هونەر و چێژی هونەر زۆر باس و خواسی هەیە. ((لای یۆنانییەکان فێربوون و دروست بوونی جوانی ناسی لە شەش شت خۆی دەبینێتەوە، لەوانە: جەستە، عەقیدە و باوەڕ، هەست و سۆز، خولیاکان، گوتە و خواستەکان))(https://research.iaun.ac.ir ) دەبینین جوانی ناسی لە شتی مادیی و مەعنەوی، بیندراو نەبینداو دەبیننەوە، بۆیە چەمکەکە ئاڵۆزتر دەبێت بەوەی ئایە جوانی چییە؟ پێوەرەکانی چین؟ چۆن گوزارشتی لێبکەین؟ بەشێوەیەکی دیکەش باس لە جوانیناسی کراوە، ((دەتوانین جوانی ناسی بەچەند کورتە ڕستەیەک بخەینەڕوو: جوانی کەماڵە. هەموو بونەوەران جوانن. جوانی پێکهاتەیەکی گومانلێکراوە. جوانی خودا موتڵەقە. تەسەوری جوانی هۆکاری عیشقە. درککردن بە جوانی هۆکاری لەزەت بردنە...)) (نژاد،

نعمتی، https://jop.ut.ac.ir ) ئەم دەربڕینانەش زۆربەیان ناڕوونی تێدایە و لێکدانەوەی دیکە هەڵدەگرن. بنەماکانی جوانیناسی بە زۆر شێوە ڕاڤە دەکرێن، لەوانە لە دید و جۆری ڕۆشنبیری کەسەکان، کە ئەوانیش لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژوویی و ...ڕەنگرێژی دەکەن. بۆیە زۆر جار کە باسی جوانی کراوە هەندێک کەس لە ڕێی کەلتوورەوە لە جوانی دواوە، هەندێکی دیکە لەڕووی جوانی خۆیەوە لە جوانی ناسی دواوە، بۆیە ئاڵۆزی و بۆچوونی زۆر لە جوانیناسی هاتۆتە ئاراوە. مێژووی جوانی ناسی بە بۆچوونەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ پەیوەست دەبێتەوە، دواتر لای ڕۆحانییە مەسیحییەکان، بەتایبەتی لای ئۆگۆستین و سنت تۆماس درێژەی پێدرا. دوای سەدەی هەژدەهەم گەشەی کردووە و بۆچونەکانی فەیلەسوف(کانت) و (هیگل) زیاتر چووە ناوەخنی فەلسەفەوە. لای مارکس و ئەنگلس مەفهومی جوانیناسی دروشایەوە، لای ڕۆمانسیزمەکان و سوریالیزمەکان ئەم چەمکە بووە هۆی گرنگی پێدان و لە بواری ئەدەبیدا گەشەی کرد.(http://tahoor.com) وایلێهات چەمکی جوانیناسی ببێتە چەمکێکی بابەتی ڕەخنەیی و چەندان توێژینەوەی ئەدەبی لە بوارەکانی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و شانۆ و... لە ژێر ڕۆشنایی جوانیناسی لێکبدرێتەوە. ((هەر مرۆڤە و ئیدراکی جوانیناسی هەیە، کە بەدیتنی بابەتێکی هونەری بەدەستی دەهێنێت)) (https://www.honarist.com) بەدوای خودی ئەم جوانییەدا دەگەڕێ و هۆکاری جوانی و جۆری جوانی دەقەکان دەخاتەڕوو. ((هەموو ئەم پێناسانە و لێکدانەوانەی ئیستاتیکا جەخت لەسەر جوانی دەکەنەوە، جوانی یان هەستی جوانی یاخود چێژی جوانی بە بنەمای کاری هونەری و ڕەگەزی سەرەکی ئیستاتیکا دادەنێن.))(مستەفا، س.پ: ٨)

سەبارەت بە سەرهەڵدانی شیعر و سەرچاوەی ئیستاتیکا و چێژ((ئەفلاتوون شیعری پەیوەستکرد بە هێزێک لە دەرەوەی سروشتی ئادەمیزاد، کاتێک سەرچاوەی سەرهەڵدانی شیعری بە ئیلهام و سورووش بەستایەوە، بەڵام ئەرستۆ ئەمەی بە تەواوەتی ڕەتکردەوە و وتی: هاندەری مرۆڤ بۆ وتنی شیعر پەیوەستە بە سروشتی ئادەمیزادەوە. ئەوەی وادەکات شیعر لەدایک بێت ئەوەیە، مرۆڤ بە غەریزە حەز لە لاسایی کردنەوە دەکات و بە غەریزە حەز لە کێش ڕیتم دەکات)) (گەردی،٢٠١٠: ٣٧) لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، تێڕوانینی فەیلەسوفان بۆ جوانیناسی ئەدەب جیاوازە. سەبارەت بە لێکدانەوەی دەقێکی ئەدەبی بەپێی بنەماکانی جوانیناسی دەق کار لەسەر زمانی دەق دەکرێت، سەبارەت بە شیعر ئەم زمانە هەڵگری وێنەی شیعری و کێش و سەروا و هێمایە، کە ئەمانە کاریگەری خۆیان لە ڕەنگرێژکردنی دەقێکی ئەدەبی و لە دیاریکردنی شێوازی دەقەکە و جۆری سۆز و چێژی دەقەکە هەیە. ((پەیوەندی جوانی ئافرەت بە شیعر و ئەدەبیاتەوە، پەیوەندییەکی زۆر پتەو و بەهێز و کاریگەرە)) (فەتاح،٢٠٢٢ : ٢٠) ئیستاتیکای ئافرەت بەشێکی بەرچاوی دیوانی شاعیرانی کوردی ڕازاندۆتەوە، ئافرەت وەک هێزی ژیان و جوانی بەشێوەیەکی گشتی لە بوارەکانی هونەر ڕەنگیداوەتەوە. ((ئەرکی ئیستاتیکی ئەم ئەرکە کاتێک بەرجەستە دەبێت، کە شاعیر ئەو لادانەی لە ئەزموونی ئەدەبی دەقەکە ئەنجام دراوە، ڕەهەندێکی ئیستێتیکی بە بونیادی دەقەکە ببەخشێت))(ئەحمەد، ٢٠١٣:٣٩) مەسەلەی لادانیش لە ڕێی زمانی شیعری و جۆری وێنە شیعرییەکەوە بەدەردەکەوێت، دەبێ ئەو زمانە لە ڕێچکە ئاساییەکەی خۆی لابدات، بۆئەوەی ئیستاتیکا و شیعریەت بخوڵقێت.

### ١. ٢ هۆکاری نووسینی ئەم شیعرە:

لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەست دەکرێ، کە واقع و خەیاڵ زۆر لە یەکدی دوورن، کەچی لە بواری ئەدەبیاتدا یەکدی تەواودەکەن. شاعیر مێژوونوس نییە، بابەتەکان وەک خۆی پێشکەش بکات، خەیاڵ هێزێکی گەورەیە لەنێو شیعردا. ئەو خەیاڵەی بنەوانی لە واقیعەوە هەڵبەستبێ چێژبەخش و کاریگەرە، چونکە ئەزموونی ژیان و بەسەرهاتی شاعیر و کۆمەڵگاکەیەتی. (( کاریگەری مرۆڤانەی ئەزموونە خۆییەکەی خۆی بەخوێنەر دەگەیێنێ، بەجۆرێک کە خوێنەر وا لێبکا نەک تەنها نرخ و بایەخی ئەو ئەزموونەی ئەو بزانێ، بەڵکو لەگەڵیشیدا بژی، هەست بکا شاعیر هەر لەو کاتەدا باسی ئەزموونی خۆیی و هەست و خرۆشی ناخی ئەویش دەکا ))(میراودەلی، ٢٠٠٧: ٣-٤ )، چونکە ڕاستە شیعر شتێکی خودییە شاعیر لە هەست و سۆزی خۆی دەدوێت، باسی بەسەرهات و دڵداری خۆی دەکات، باسی جوانی یارەکەی یان ئافرەتێک دەکات، بەڵام مرۆڤەکان لەو هەست و سۆزە هاوبەشن، چونکە هەمان بابەت لەلای کەسانێتر هەن، خوێنەر کاتێک دەقێکی شیعری دەخوێنێتەوە ئەگەر خۆی تیا نەبینێتەوە کاری تێناکات، بۆیە زۆرجار، کە دەقێکی جوان و بەپێز دەخوێنینەوە واهەست دەکەین کە بۆ ئێمە نووسراوە و خۆمان داوامان لە شاعیر کردووە ئەو شتانەمان بۆ تۆماربکات. ئێمە لە ڕێی خەیاڵەوە ئیستاتیکای شیعر دەدۆزینەوە، چونکە خەیاڵ دەروونە تینووەکان تێردەکات. لەڕێی خەیاڵەوە شیعریەت دروست دەبێت، بەڵام خەیاڵیش هەر لەخۆڕا پەیدانابێت، ئەگەر زەمینەیەکی لە واقیع(کەتوار) نەبێ. ((ئەگەر زمان بۆ بنیادی کردەکانی خۆی پێویستی بە جۆرێک لە تێپەڕاندن هەبێت، ئەوا فەنتازیا باشترین دەستەواژەیە بۆ تێپەڕاندن)) (ئەحمەد، ٢٠٠٢:٩٩) شیعر درەختێکی

ڕەگ پەرشوبڵاوە، لە زۆر شوێنەوە ئاو و خۆراک دەمژێت، تاوەکو میوەی جوانی شیعریەت دروستبکات، شیعر لە کۆمەڵە ڕەگەزێک پێکهاتووە بەشێوەیەکی واچوونەتە ناویەک وەک سەدا و ئاوازی باندێکی مۆسیقا، کە ئاوازی چەندان ئامێری مۆسیقا چوونەتە ناویەک بەهەموویان هونەرێک پێشکەش دەکەن، کەواتە شیعر بەتەنها خەیاڵ نییە، بەتەنهاش سۆز نییە، بەڵکو ( سۆز و خەیاڵ و زمان و بیر و واقیع و هەست و نەست و مۆسیقاو... هتد) کۆمەڵێک پێکهاتە یەکدەگرن و شیعر دەرسکێت، شاعیر لە ئەنجامی وروژاندنێکەوە ئیلهامی بۆ دێت، بۆ دەربڕینی هەست و سۆزەکانی، ڕاستە واقیعیەت کار لە شاعیر دەکات و دنەی دەدات، کە شیعر بنوسێت، ئەم شتە واقیعیانەش بەئاوی خەیاڵ دەیانشێلێت و هونەریان لێ دروستدەکات (( واقیع و خەیاڵ لەڕووی مانەوە دوو شتی دژ یەکن، بەڵام لەڕووی کاری ئەدەبییەوە تەبان و هەمیشە شان بەشانی یەکتر دەڕۆن، چونکە ناکرێت شاعیر باس لە بەسەرهاتێکی واقیعی بکات، بەبێ ئەوەی خەیاڵی تیادا بەکاربهێنێت ))(عیسا،٢٠١٠: ٥٩-٦٠) هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی شیعری ست فاتمەی هەردی مقۆ مقۆی ئەوە پەیدابوو، دەبێ ئەحمەد هەردی ئەم شیعرەی بۆ کام ست فاتمە نوسیبێت؟ ئایا ست فاتمە خیاڵ دروستی کردووە یان واقیعە؟ بۆچی ئەو شیعرە جوانە؟ ئیستاتیکای شیعرەکە چییە؟ لەکاتی خۆی ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی هەردی کراوەتەوە، هەردیش لە چاپی دووەمی دیوانەکەی ڕوونکردنەوەی داوە، هەردی دەڵێت: (( ئەوەی ڕاستی بێت هۆی یەکەم ئەوەیە لەو کاتەدا، واتا لە ساڵی ١٩٥٠ کچێک سەرنجی ڕاکێشابووم بەپێچەوانەی ئەوەوە، کە لە شیعرەکەدا دەردەکەوێت، ئەو کچەش هەمان هەستی بەرامبەر من هەبوو، بەڵام هەستی

هەردووکمان دوران دوو بوو ))(هەردی: ١٩٨٤: ٢٢) کەواتە شیعرەکە لە سەر بنەمای واقعێک دروستبووە و و بە خەیاڵ مشتومالّ کراوە. تەنانەت لە نێو شیعرەکەشدا گوتەی: بوکی ڕازاوەی خەیالّم. هەیە، واتا خەیالّ رۆلّی لە ئارایشت کردنی ئەم بووکەدا هەبووە.

شیرکۆ بێکەس دەلّێت: (( بەلای منەوە ئەحمەد هەردی یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە ڕێچکە شکێن بوون لە شیعری تازەی کوردی، یا بە شێوازێکی جیاواز لەوەی گۆران، ئەگەر بەووردی شیعرەکانی هەردی بخوێنینەوە دەبینین کاریگەری شاعیرانی مەهجەری پێوە دیارە، هەر لە قاسم شابییەوە تا دەگاتە شاعیرانی مەهجەری عەرەبی، چونکە ئەو ڕیتم و فەزایانەی لە شیعرەکانی ئەواندا هەیە لەهی ئەویشدا هەیە، هەتا ئێستا وا هەستدەکات هەندێک لەوێنەکان تەواو لە ژێر کاریگەری ئەپۆلۆ مەهجەرە، دیارە ئەو شیعرانەی هەردیش دەچنە خانەی ڕۆمانسیەتی زاتییەوە)) (شێرکۆبێکەس، ٢/٨ /٢٠١٠) مەسەلەی کاریگەری ئەدەبی شتێکی ئاساییە، چونکە هەردی ئەگەر چی سوودی لە ئەدەبیاتی جیهانی بینیوە، بەلاّم شیعرەکانی لەسەر خاکی کوردەواری ڕواون و خۆراک و ئاویشیان هەر لەو کەلتوور و خاکە وەرگرتووە. لە شیعرەکەی وادەردەکەوێت، کە تەنها بەنیگای چاو ڕاز و مەیلی لەگەلّ کچەکە گۆڕیوەتەوە، چونکە یەکەم: خۆی دان بەوە دادەنێت، کە هەستی هەردووکیان دوران دوور بوو. دووەم: ئاماژە بەوە دەکات، بەژن و بالاّی بە نموونەی هەیکەلی یۆنان داناوە، کە دیارە ئەوەش بەلّگەی ئەوەیە، کە پەیکەر قسە ناکات و جەمادە، لە وەسفکردنەکەیدا دەردەکەوێت، کە تەنها وەسفی جوانی چاوەکانی کردووە، کاتی ڕۆیشتنیشی لار و لەنجەی بە مۆسیقا چواندووە.

سێیەم: لە کۆپلەی کۆتایی دان بەوە دادەنێت، کە قسەی لەگەڵدا نەکردووە. دەڵێت:

زۆر کەرەت هانم دەدات دەروونی پڕ گڕم
بۆتی هەڵڕێژم سکاڵای ناسکی گەرم و گوڕم
داخەکەم، کاتێ کە دێمە بەردەمت، واقی وڕم
وام ئەشێوێنێ بەجۆرێ نایەڵێ هیچ دەربڕم

(هەردی، ١٩٨٤: ٦٩)

هۆکارێکی دیکەی نوسینی ئەم شیعرە، هەردی دەڵێت: (( لە ساڵی ١٩٥٠ لە ئەنجامی چەند گفتوگۆ و قسە گۆڕینەوە و لێدوانێکی دوور و درێژی ئەوسادا، وام بەبیردا هات، کە چەند شیعرێکی دڵداری ڕێکبخەم، کە لە ناوەرۆکدا جیاوازی چینایەتی پیشان بدات، بەڵام بە جۆرێک بێت، کە لە گەڵ زەمینەی گشتی شیعرەکەدا بگونجێن، نەک بیرو ڕایەکی ناساز بێت و بە زۆر ئاخنرابێتە ناو شیعرەکەوە، لەم ڕووەوە هەر دوو شیعرم پێوترا، یەکەمیان شیعری (ست فاتمە) بوو، ئەوی تریان (دڵداری کچی تازە) بوو ))(هەردی، ١٩٨٤: ١٦)، کەواتە بەو پێودانە بێت هەردی ویستوویەتی شیعرێک بنوسێتەوە، کە جیاوازی چینایەتی ئەوکات بخاتە ڕوو و بزانێت چۆن نەبوونی نایەڵێت دڵدارێکی سەرمەست و شەیدای عیشق بە مەرام و ئاکامی دڵی خۆی بگات، ئەمەش پیشاندانی لایەنێکی ڕیالیزمی کۆمەڵگای ئەوسایە، کە ئێستاش ئەم جۆرە دیاردەیە هەیە. هەرچەندە شاعیر نکوڵی لەوەش ناکات، کە ئەو جیاوازییەی نەبووبێت لە نێوان خۆی و ئەو کچەی خۆشی ویستووە، شاعیر دەڵێت: (( لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە، کە ئەو جیاوازییەی نەبوو، چونکە لە ڕاستیدا ئەوکات من بێ ئیش بووم)) (هەردی، ١٩٨٤:١٧) واتا شاعیر وەکو گەنجێک بێگومان حەز و خولیای دڵداری هەبووە و خەو و خەیاڵی خستۆتە سەر کچێک، جا

ئەو کچە هەر ناوێکی هەبێت، دواتر شاعیر دەڵێت: (( ئەگەر ئەو کچە زۆر هەژاریش بوایە، من هەر وام پیشان ئەدا کە لە چینێکی لە خۆم بەرزترە ))(هەردی، ١٧:١٩٨٤)، چونکە شاعیر زیاتر مەبەستی دەرخستنی چینایەتی بووە، چونکە شاعیر دەڵێت: من بەتەنها هەر خۆشەویستی شک دەبەم خۆشەویستییەکی زۆر بەهێز، کە لە ناخی دڵمەوە هەڵدەقوڵێت، من پارە و پول شک نابەم، بەرامبەر ئەمەش سەروەتم ناوێت، تەنها بزەیەکت دەمگەێنتە ئەوپەڕی ئاواتەکانم، تاقە پرشنگێکی ئەم کچە، شاعیر دەگەێنێتە لوتکەی بەختیاری.

شاعیر هۆکارێکی دی دەهێنێتەوە، کە دنەی داوە ئەم شیعرە بنووسێت و دەڵێت: (( هاوڕێی بەڕێزم کاک (ئەکرەمی عیزەت نەجیب)، کە لەو کاتەدا لە کۆلیجی (حقوق) بوو، شیعرێکی بۆهێنام کە یەکێک لە شاعیرانی ئەو کۆلیجە، کە بەسەر کچە قوتابییەکانی ئەوسای ئەو کۆلیجەدا هەڵیدابوو، شیعرەکە زۆر جوان بوو، یەک بەیەک ناوی کچەکانی هێنابوو، جگە لەوە کە (جوانی) تایبەتی هەر یەکێکیانی وەک چەپکە گوڵێکی ڕازاوە پیشان دابوو، وەک خۆم بەبیرم داهات، یان کاک (ئەکرەم) پێشنیازی کرد ویستم شیعرێکی لەو بابەتە دابنێم، بەڵام ئەوسا واتا ساڵی ١٩٥٠ زۆربەی ئافرەتەکانی لای ئێمە پەچەیان ئەگرتەوە لەبەر ئەوە لە پێشدا ویستم ناوی چەند مامۆستایەک لەوانە کە پێی ئەڵێن (ست) بهێنم، هەر یەکە بەپێی ئەو جوانییەی تێیدایە پێیدا هەڵبدەم، بۆ ئەم مەبەستە چەند بەیتێکم دانا... لەپاشدا هاتمە سەر ئەوەی کە هەمووی بەسەر ئەو کچەدا هەڵبدەم کە لە پێشدا باسم کردووە ناوی (ست فاتمە )م لینا. )) (هەردی،١٩٨٤: ٢٣)

کەواتە دەبینین شاعیر هەرچەندە خەیاڵی بەربلاو بێت، دەبێت واقیعیەتی لەگەڵ تێکەڵ بکات، ئەوەتا دەڵێت: زۆربەی ئافرەتان

پەچـەیان دەگرتـەوە، واتـە شـاعیر وێنـەکانی دووبـارە و چەنـدبارە دەبوونەوە، چونکە ئافرەتەکان ئاڵ و واڵا نەبووین، بە بەژن و باڵای یـەکێکیان هەڵبدات و وەسفی قژ و وەسـفی بـازوو و قـۆڵی ڕووت و جـۆری جوڵـە و بـەرگ و گـەلێک شـتیتر بکـات، تـاوەکو شـیعرەکە جۆراوجۆر خۆی پیشان بدات، بەڵکو هاتووە وەسفی (ست فاتمـەی) کـردووە و جـوانی هـەموو ئـەو ئافرەتانـەی، کـە لـە ژیـانی خۆیـدا بینیویەتی و کاریان تێکردووە، لە نێو چاوە تەلیسماوی و قەد و باڵای کچێکـدا کـۆی کردۆتـەوە، وەک خـۆی دەڵێـت نـاوم لێنـا (سـت فاتمـە)، کەواتە دەبێت بۆخۆی ناوێکی دیکـەی هـەبێت یان ئـەو (ست فاتمە)یە ڕووخسـاری هـەموو ئـەو کچـە جوانانـەن، کـە لـە نەسـتی شـاعیر گیرساونەتەوە و لە یەک جەستە و یەک ڕوخسار ئاوێتەی کردوون.

شاعیر بەرپەرچی ئەوە دەداتەوە، کە ئەم شیعرە بەرەهایی بۆ کچێک نووسرابێت، کە ناوی (فاتمـە) بێت، دەڵێت: (( ئایا شـاعیر ئـەبێت وەک فۆتۆگرافیـک وێنـەی دەوروپشـتی خـۆی بگرێـت؟ یـان بـۆی هەیـە سەربەسـت بێـت لـە هـەڵبژاردنی وێنـە و تێکـەڵکردنی ئـەو ڕەنـگ و سـیفەتانەدا کـە ئەیـەوێ وێنـەیان بگرێـت))(هـەردی، ١٩٨٤: ٢٤) هـەروەها کاتێک لە ساڵی ١٩٥٧ بۆ یەکەمجار شیعرەکانی بڵاوکردۆتەوە، ئەوەی ڕوونکردۆتەوە، کەوا ناوی (ست فاتمە) نـاوێکی خواستراوە و شتێکی ڕاسـتەقینە نییـە، بـەڵام دان بـەوە دادەنێت، لـەو کاتـەدا واتـە لـە سـاڵی ١٩٥٠ کـە ئـەو کـات گـەنج بـووە، کچێـک سـەرنجی زۆر ڕاکێشـاوە و عاشقی بووە، جوانی ئـەو کچـە و هـەموو جوانـەکانیتر، کـە شـاعیریان تەزاندووە لە ژێر ناوی (ست فاتمە) کـەف و کوڵی دەروون و هەست و سۆزی ئاگرینی خۆی هەڵڕشتووە، چونکە ئـەوەتا هـەردی دەڵێت: (( نەموتووە ئەو کەسەی ئـەم شـیعرەی بۆ دانراوە شـتێکی ڕاسـت نییـە،

بەڵکو وتوومە ناوی فاتمە وە نەبێ ناوێکی ڕاستەقینە بێت.)) (هەردی، ١٩٨٤: ٢٥) بەم شێوەیە دەبینین ئەم شیعرە بەپێزە، کە هەڵگری خەیاڵ و سۆزێکی بەتین و بەربلاوە، هەر وا سەرپێی نەوتراوە، بەڵکو لە ئەنجامی هەڵچوون و داچونێکی زۆری گڕی دەروون هەڵڕژاوە. (( ئەوەتا واقیع یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کە بەشێکی زۆر لەڕەخنەگران بایەخیان پێداوە لەبەر گرنگی ئەو کاریگەرییە گەورەیەی کە لە پێکهاتەی وێنەدا هەیەتی ))(گەردی، ٢٠٠٤: ٧٨) واتا ئەو شیعرەی لایەنی واقیعیەت بەجۆرێک لەجۆرەکان تیایدا ڕەنگی دابێتەوە بە وێنە و جەوهەرێکی جوان خۆی نمایش دەکات.

لەگەڵ ئەو هەموو ڕونکردنەوانەی (ئەحمەد هەردی) لەسەر ناوی (ست فاتمە)دا (د. عزەدین مستەفا ڕەسوول) دەڵێت: (( خەڵک دەیانوت فلان ست فاتمەیە، بەڵام بۆ شاری سلێمانی ناگونجێ تۆ ناوی یەکێ بهێنی بەناوی خۆیەوە کەسوکاری هەیە مێردی هەیە، هەردی خۆی دەیوت ڕەمزە بۆ ژنێکی جوان، بەڵام ڕەمزە بۆ چی؟ هەردەبێ ناوی فاتمە بێ، ئێمە دەمانزانی لەو چەند ست فاتمانەی هەبوون چوار پێنجێک دەناسم کە معەلیمە بوون، ئێمە دەزانین هەردی لە کامیانەوە نزیک تر بوو وەکو گەڕەک وەکو ناوچە، ڕەنگە بڵێن کامیان جوانتربێ و بۆ کێ وتراوە، بەڵام لەو دووایە لێیان پرسی وتی: ئەوەی ئێوە لێی دەپرسن هەر نەماوە.)) (ڕەسووڵ، ٢٠١٠/٢/٢٣)، کەواتە دکتۆر عزەدین ئاماژە بەوە دەکات، لەنێو کۆمەڵگەی کوردەوارییی شتێکی نەگونجاوە شیعر لەسەر کچێک دابنرێت، دوای ئەوەی مێردی کردووە، منداڵی هەیە، ناوی بهێنیت و بڵێت فلان کەسە. شێرکۆ بێکەس لەبارەی شیعری (ست فاتمە) دەڵێت: (( من بڕوام وایە، کە شتەکە تەنها پەیوەندی بە خەیاڵی شاعیرەوە نەبووە، ئەبێ ئەزموونێکی

ڕاستەقینەی حەزلێکردن و خۆشەویستی تیابێ، دیارە ئەو کاتەی شاعیر شیعر دەنوسێت، واقیع وەک خۆی نەقل ناکات، هەموو شیعرێک بێ خەیاڵ ناکاتە شیعر، بەڵام بەلای منەوە ئەم شیعرە پەیوەندی بە تەجروبەیەکی ڕاستەقینەوە هەیە، بە حەزێکەوە بۆ خۆشەویستییەکەوە بە عەشقێکەوە، ئەوەش یەکێکە لەو هۆیانەی، کە ئەم شیعرە گەرم و گوڕە و تەقینەوەیەکی زمان و خۆشەویستی تێدایە ))(دیدەنی: بێکەس: ٢٠١٠/٢/٨) ئەوەتە هەردی لە شیعری دوو چەشن دڵداریدا دەڵێت:

ئەو دڵەی وەک بت پەرستی ڕوو ئەکاتە چاوەکەت
نوێژئەکا بۆ: تیشکی چاو و زوڵفە تێکئاڵاوەکەت
گەرچی ئەیشێلی بەزەبری قۆندەرە و پێڵاوەکەت
قەت بەدڵڕەق باست ناکەم، نایزڕێنم: ناوەکەت

(هەردی: ١٩٨٤: ٧٠)

ئەحمەد هەردیش تا دوا ساتی بەر لە مردنیشی لێیان پرسیوە، ئەو (ست فاتمە) کێیە؟ ئاشکرای نەکردووە و ناوی نەهێناوە، نهێنی و ڕازی دڵی خۆی هەر تەنها بۆ خۆی هێشتۆتەوە و گەورەیی و خۆشەویستی شاعیر ناونیشانی (ست فاتمە)ی لەگەڵ خۆی پێچایەوە و ماڵ ئاوای کرد. هەردی لە تەمەنی هەشتا و شەش ساڵی لە ڕێکەوتی ٢٠٠٦/١٠/٢٩ لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد و ئەو کۆمەڵە شیعرە جوانەشی وەکو دیاری بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد بەجێهێشت، کە نەوە دوای نەوە چێژی لێوەردەگرن و لێیان بەهرەمەند دەبن. کە دەڵێت: نایزڕێنم ناوەکەت... کەواتە حەزی نەکردووە، ناوی کەسەکە ببات و ئاشکرای بکات، بۆیە لەگەڵ خۆی خستییە ژێرگڵ.

## ١. ٣ ئیستاتیکای شیعری ( چەپکە گوڵێک بۆ ست فاتمە) لە دیدی شاعیران و نووسەراندا:

هەڵبەتە هەر کەسێک دیوانی (ڕازی تەنیای) ئەحمەد هەردی خوێندبێتەوە، شیعری (چەپکە گوڵیک بۆ ست فاتمە) کاری تێکردووە و بەلایەوە جوان بووە، بەڕای زۆر کەسانیشەوە، کە بە شا شیعری هەردی دانراوە، هەرچەندە جوانی و کاریگەری شیعر لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی و لە شیعرێکەوە بۆ شیعرێکی دیکە جیاوازە، بۆیە بیرو ڕای چەند نووسەر و شاعیرێک دەهێنینەوە، کە لە جوانی و نایابی ئەو شیعرە دواون. لەوانە کەمال میراودەلی لەبارەی ئەم شیعرەدا دەڵێت: (( چەپکە گوڵەکە هەڵبەتە، هۆنراوەکە خۆیەتی بەم پێیە دەبێ هۆنراوەکە هۆنراوەیەکی خۆشەویستی بێ و پێشکەشی ست فاتمە کرابێ ))(میراودەلی، ٢٠٠٧: ١١٥) نووسەری ئەم شیعرە هەر لە خودی ناونیشانەکەیەوە وردتردەبێتەوە ئەو دێرە ڕەنگاوڕەنگ و پڕ وێنەی جوان و مۆسیقاداری وەک چەپکێ گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و پڕ بۆن و بەرامە دێتە بەرچاوی، کە پێشکەش بە دڵدارەکەی دەکات.

خورشید ڕەشید ئەحمەد لە بارەی ئەم شیعرەوە دەڵێت:(( ست فاتمە وێنە و تابلۆیەکی ڕۆمانتیکییە، خەیاڵی شاعیر خۆی دروستی کردووە، لە ڕووخسارێکی جواندا ناسکترین وەسفی لەش و لاری نەرم و نۆڵی تیا کردووە ))(ئەحمەد، ١٩٨٩: ٢٨٧) دواتر دەڵێت: (( ئەم شیعرەی هەردی بۆ ماوەیەک وێردی سەر زمانی لاوانی کورد بوو، لە شیعرەکە چەشنە مۆسیقایەکی گۆرانی تایبەتی نازکی تیادا هەیە، هەردی وەسفیکی هەستی تیا بەکارهێناوە، کە لە واقیعی کۆمەڵەکەوە سەریهەڵداوە))( ئەحمەد، ١٩٨٩: ٢٨٩) د. عیزەت مستەفا ڕەسول لەبارەی ئەم شیعرەوە دەڵێت ((ست فاتمە لوتکەیەکە لە لوتکەکانی شیعری

دڵداری کوردی))(دیدەنی: ڕەسووڵ: ٢٠١٠/٢/٢٣) شیرکۆ بێکەس لەبارەی ئیستاتیکا و جوانی ئەم شیعرە کە ئایا شا شیعری هەردیە، جۆری ئیستاتیکی ئەم شیعرە لەچی دایە؟ بۆچی زۆربەی خوێنەوار و نەخوێندەواری کورد پێی ئاشنان و سیحری جوانی ئەم شیعرە لەچی دایە؟ و دەڵێت: ((بێگومان شیعری ست فاتمە ئێمە ناتوانین بڵێین شا شیعریەتی، بەڵکو یەکێکە لە شیعرە جوانەکانی ئەو، چونکە ڕەنگە شۆڕشی نائومێدی بەلای منەوە شا شیعر بێت، ڕەنگە بەلای یەکێکی ترەوە وانەبێ، خۆی هەردی هەر کەمی نوسیووە، بەڵام کەمەکەی کەمێکی پوخت و جوان بووە، شیعری ست فاتمەش یەکێکە لەو شیعرانەی بەربڵاوە لەناو خەڵک دیارە، کردنی ئەم شیعرە جوانەش بەگۆرانی لەلایەن گۆرانی بێژی گەورە (عەلی مەردان) بووە هۆی ئەوەی زیاتر شیعرەکە بکەوێتە سەر زمانی خەڵکی و بڵاوببێتەوە، شیعرێکە لە شیعرە هەرە جوانەکانی لەناو شیعری غەزەلی کوردیدا کۆمەڵێ هەڵبژێرین پێم وایە ست فاتمە یەکێکیان ئەبێت، بەڵام شا شیعر یان نا من پێم وایە شیعرێکی جوانە مەسەلەی ئەوەی کامیان شا شیعرە وەک وتم مەسەلەیەکی نسبییە، لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، ڕەنگە دڵدارێک ئەوە بە شا شیعر بزانێت، لەبەر ئەوەی خۆی ڕەنگە بە نەوعێک لەو تەجروبانە تێپەڕێت و کاریگەری بەسەرەوە بێت، لە هەموو حاڵەتێکدا بەو کەمە شیعرە توانی ڕەفەیەک لە ئەدەبی تازەی کوردی دابنێت، شیعرەکە بەزمانێکی سادەی بەهێز نوسراوەتەوە، تەعبیر لە ساتە وەختی کەسێکی دڵدار ئەکا، توانیویەتی لە ڕێگەی وێنەی جوانەوە تەکسیدی ئەو ئەحساسیە بکات))(دیدەنی: بێکەس ٢٠١٠/٢/٨)

سدیق بۆرەکەی لەبارەی شیعری ست فاتمە دەڵێت (( ئەم پارچە هەڵبەستە لەگەڵ ئەوەی پارچە شیعرێکی دڵدارییە، بەڵام لەو پەڕی

شیرینی و ڕەوانییەوە هۆنراوەتەوە))(بۆرەکەیی، ٢٠٠٨: ١٤٦). دەبینین ئەم کۆمەڵە نوسەرە بەشێوەیەکی جوان هەریەکە لە تێروانین و دیدی خۆیەوە، جوانی و نایابی ئەو شیعرەیان خستۆتەڕوو، هۆکاری کاریگەرییەکەشیان باسکردووە. کەواتە لە ئەنجامی تاوتوێکردنی ئەو بیروڕایانە، دەگەینە ئەوەی ئەم شیعرە لە گڕوتینی دڵ و دەروونەوە هەڵقوڵاوە و کات و سات و هۆکاری نووسینی خۆی هەبووە، کە ئەم شیعرە بنوسێت، با لەپاڵ ئەم کچە جوانەش هۆکاریتر و بەژن و باڵای جوان و کچانی چاو تەلیسماویتر گڕ و تینی دەروونی شاعیریان پتر جۆشدابێت و وەک تابلۆی مۆنالیزا شیعرەکەی پڕپڕ لەسیحری ئیستاتیکا کردبێت، هۆکارێکی دیکەی جوانی و ناسکی و تەزووبەخشی و گەرم و گوڕی ئەو شیعرە لەوەدایە، کە هەردی ئەو شیعرەی لەناو جەرگەی ڕۆمانسییەت و کاریگەری شەپۆلی ڕۆمانسییەت و خەیاڵ و سۆز نوسیووە و وێنەی ڕۆمانسی زۆر جوانی لێدەتکێت، لە هەمان کاتیش سەر بە جیهانی ڕیالیزمە و واقعی کۆمەڵگای ئەوکاتە دەخاتەڕوو.

## ٢. ئیستاتیکا لە شیعری (چەپکە گوڵێک بۆ ست فاتمە)ی هەردیدا:

### ٢. ١ ئیستاتیکا لەڕێی زمان و وێنەوە:

زمان پێکهاتەی سەرەکی دەقی ئەدەبییە، ((زمانی شیعر، یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی دەقی شیعری، کە توانا و بەهرەی شاعیر دیاری دەکات))(محەمەد، ٢٠١٧: ٨٣) لە چۆنیەتی دەربڕین و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو زمانە لە شاعیرێکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت. ئیستاتیکای ناونیشانی دەقەکە، ناونیشانەکە تا کۆتایی لە گەڵ دەقەکە پەیوەست دەبێتەوە، چونکە بابەتەکە پەیوەستە بە ست فاتمەوە.

ناونیشانەکەش لە زەینی خوێنەر دەبێتە دوو بەش: (چەپکە گوڵێک + بۆ ست فاتمە)، دەبینین هەریەک لەم دوو لەتە لە چوار بڕگە پێکهاتووە. چەپکە گوڵەکەش هەڵرشتنی کۆمەڵێک وشەی جوانە و خواستنە لە بری کۆمەڵێک وشە بەکارهاتووە. وەک لە کوردەواریدا دەڵێن: وشەی جوان گوڵە. ((ناونیشان وەک سەرە بۆ جەستە))(حمداوي، ١٩٩٧: ١١)وەک دەلاقەیەک وایە، لەوێوە جیهانی ناوەوە دەبینین. لە ناونیشانەکەوە هەست بە ڕۆمانسیەت و ناسکی و بەخشین و جوانی دەقەکە دەکرێت، کە گوڵ ڕەمزێکی جوانی نێو دونیای ئەدەبیاتە.

ڕەنگە زۆربەمان ئەم پرسیارەمان لەلا دروستبێت، ئایا سیحری جوانی ئەم شیعرە لەچی دایە؟ بۆچی هەندێک شیعر بە نەمری دەمێننەوە و نەوە دوای نەوە دەیخوێننەوە و کۆن نابن؟ نهێنی ئەمە لەچی دایە؟ ئەی بۆچی زۆر شیعر هەیە وەک هەواڵەکانی ناو ڕۆژنامەکان تەنها یەک جار بیخوێنیتەوە ئارەزوو ناکەی جارێکیتر بگەڕێیتەوە سەری؟ دەقی نەمر دەبێ چۆن بێ؟ ئەمانە پرسیار گەلێکن، لەڕێی توێژینەوەی ئیستاتیکاوە دەگەینە بنج و بنەوانیان. ((گۆڕانی زمانی شیعری لە ئاڵۆزەوە بۆ سادە بە یەکێک لەو دیاردە گرنگانە دادەندرێت، کە لەگەڵ دەست پێکردنی تازەکردنەوەی شیعری کوردی لەلایەن شاعیرانەوە کاری بۆ کراوە))(عەزیز، ٢٠٠٦:١٥٢) ئەحمەد هەردیش لە ناوجەرگەی ڕۆمانسیەت ئیشی لەسەر ئەم زمانە سادەیە کردووە، بەڵام زمانێکی سادەی قوڵی بەرهەمهێناوە. ئەم شیعرە بەزمانێکی سادە و بەکوردییەکی پەتی نووسراوەتەوە، دوور لە وشەی بێگانە، وشەکانیش هەڵگری مۆسیقایەکی جوانن، چۆنیەتی ڕیزکردنی وشەکانیش شێوازی شاعیر دەردەخات، کە چەندە پابەندی

مۆسیقای بەهێز بووە،(( زۆربەی هۆنراوەکانی هەردی کوردییەکی پەتین و کەمتر وشەی بێگانەی تێدا بەکاربردووە و هۆنراوەکانی هەتا حەزکەی پوخت و جوان و شیرینن ))(بۆرەکەیی،٢٠٠٨: ١٤٢) لە فەرهەنگی هەموومان‌دا وشەکانی: (فاتمە، چاو، مەست، تەلیسم، خەیاڵ...هتد) هەیە، بەڵام چۆنیەتی تێکەڵکردن و پاش و پێش خستن و مشتوماڵ کردنی وشەکان هەر لە توانای شاعیر بووە و هونەری جوانی لێ دروستکردووە، وەک ئەوەی بۆیەی ڕەنگاوڕەنگمان لەبەردەست بێت، بەڵام ئەگەر وێنەکێش نەبین، ناتوانین وێنەیان لێ دروستبکەین، خۆ وێنە کێشانی وێنەکێشێک لە وێنەکێشێکی تریش جیاوازە، بەو ئەندازەیەش شێوازی شاعیرێک لە شاعیرێکی دیکە جیاوازە، ئیستاتیکاش کۆمەڵێک بنەمای تێکەڵن، وەک باندێکی مۆسیقا ئاوێتەی یەک دەبن و دەنگ و سەدایان بەسەر یەکەوە دەبێت، چونکە زمانی شیعری هەڵگری خەیاڵ و سۆز و هەست و نەست و وێنە و واقعە، دواتر لەڕێی شێوازێکی تایبەت دەردەبڕدرێت، بڕوانە ئەو هێڵکارییەی خوارەوە، کە زمان بۆتە چەقی دەقی ئەدەبی و بابەتەکانیتر بەدەویدا دەسووڕێنەوە و ئیستاتیکای دەقیش لەڕێی هەڵوەشاندنەوە و چوونە بنج و بنەوانی ئەم پێکهاتانەوە بەدەردەکەوێ:




هێڵکاری ئیستاتیکای دەقی شیعری

ئەم شیعرە لەدوازدە دێڕ پێکهاتووە، هەر سێ دێڕەی بەجودا ئەستێرەی لەبن دانراوە، بەشێوەی شەش خشتەکی نووسراوەتەوە، لە شێوەی چوار کۆپلە نیشاندراوە.

کۆپلەی یەکەم: هەردی دەڵێت:

فاتمە دووچاوی مەستت، پڕ تەلیسمی جوانی یە
پڕ شەرابی خۆشەویستی و عارەقی یەزدانی یە
بەژن و باڵاکەت نموونەی: هەیکەلی یۆنانی یە،
لار و لەنجەت مۆسیقایە، بەستەیە گۆرانی یە
بووکی ڕازاوەی خەیاڵم، گیانەکەم ست فاتمە!
تاقە پڕشنگێکی چاوت ئەو پەڕی ئاواتمە (هەردی، ١٩٨٤: ٦٨)

شاعیر زمانێکی پاراو و جوانی بەکارهێناوە، وشەکانیش وەک تەرازو یەکتر کێش دەکەن، بیری شیعرەکەش وەسفکردنی ست فاتمەیە، کە ئەو ست فاتمەیە، هەرچەندە خەیاڵ دروستی کردووە، بەڵام لە واقیعی ڕۆژانەماندا بە دەیان ست فاتمەی دیکە هەن، بەڵام لە ژێر ناوی تردان، لە یەکەم دێرەوە هەست بە سۆزێکی بەرز دەکەین، لە کاتی خوێندنەوە توشی تێرامان و خورپە و تاسەمان دەکات،

چونکە سۆز پردێکە لە نێوان دەق و خوێنەر، شیعرهەرچەندە سۆزەکەی بەهێز بێت، ئەوەندە کاریگەری دەبێت. شاعیر کاتێک وەسفی چاوەکانی ست فاتمە دەکات، وەک شاعیرانیتر ڕەنگی چاوی ناڵێت، یاخود چاوەکانی بە ئەستێرە و بادەم و...هتد بچوێنێت، بەڵکو هەوڵیداوە وێنەی نوێ بدۆزێتەوە، چونکە بەهێزی شیعر تا ئاستێکی زۆر لەوەدایە، ئایە شاعیر چەند وێنەی نوێی دۆزیوەتەوە؟ نەک بەکارهێنانی وێنەیەک بە سەدان شاعیر پێشتر بەکاریان هێنابێت. شاعیر لە وەسفی دووچاوی (ست فاتمە)دا بە دووچاوی مەست و خەیاڵاوی و جوان وەسفیان دەکات، چاوێک، کە ئەوەندە مەست و خەیاڵاوی بێت، کە هەر کەسێک بیبینێت و بیخاتە شنەی سۆز و تەلیسمێکی سیحراوییەوە، ئێمە نازانین ڕەنگی ئەم چاوانە چۆنە، بەڵام هەر یەکەی بیخوێنێتەوە ڕەنگی چاوی (ست فاتمە)ی خۆی دێتەوە بەرچاو.

ئەم چاوە مەست و پڕ لە تەلیسم و خەیاڵاویانەش، پڕن لە شەرابی خۆشەویستی و عارەقی یەزدانی، لە نیگای ئەم چاوە مەستانە، کە تیشک و بلێسەیان لێدەبێتەوە، ئەم چاوانە لێوان لێون لە شەرابی خۆشەویستی و عارەقی یەزدانی، هەر کەسێکیش سەیریان بکات ئەم شەراب و عارەقە یەزدانییە کاری تێدەکات و مەست و سەرخۆش و حەیرانی دەکات.

لە گوتەی (شەڕابی خۆشەویستی) وێنەی بەتەن کردن هەیە، چونکە شاعیر خۆشەویستی لەنێو شەرابدا کۆدەکاتەوە و قەبارە و بارستەییەک بە خۆشەویستی دەدات، چونکە خۆشەویستی شتێکی ڕۆحییە و بارستەیەکی نییە، لەم جۆرە دەربڕینە بارستاییەک بە خۆشەویستی دەدات لە شێوەی شەراب پێشانمان دەدات.

شاعیر وێنەیەکی نوێی بۆ بەژن و باڵای (ست فاتمە) دۆزیوەتەوە، کە بە هەیکەلی یۆنانی چواندووە، دیارە کە یۆنانییەکان لە زۆربەی هونەرەکاندا دەست پێشخەرییان نواندووە و داهێنەر بوین لە دروستکردنی پەیکەر هونەری بەرزی خۆیان نواندووە، شاعیر نەهاتووە بەژن و باڵای (ست فاتمە) بەچنار و دارحەیزەران و...هتد بچوێنێت، چونکە ئەم وێنانە بەسەدان جار بەکارهاتوون و تام و چێژێکی وایان تیا نەماوە، بۆ کاتی خۆیان لێکچواندنی جوان بووبن، بەڵام شیعر هەمیشە داوای وێنەی خودی و وێنەی نوێمان لێدەکات، وێنەیەک لە زەین و ئەندێشە و ئیلهامی شاعیرەوە هەڵقوڵابن، وێنەیەک بۆ یەکەم جار هاتبێتە نێو دەقێکی شیعرییەوە و پێشتر لە هیچ شیعرێکی تری خۆماڵی و بێگانە بەکارنەهاتبێت. ئەوسا ئەم وێنە نوێیە هەڵگری ئیستاتیکایەکی نوێ دەبێت بۆ خوێنەر.

شاعیر لارو لەنجەشی بە مۆسیقا و بەستە و گۆرانی چواندووە، بەڵام ئەم جۆرە لێکچواندنە لە شیعری ((لادێ))ی گۆران بەدی دەکرێت.

گۆران دەڵێت:-

... ئەڕۆی بەعیشوە، بەلەنجە، بەوەزنی گۆرانی

ئەڕۆی زڕەی کەمەرت دێ هەتاکو بەرکانی! (گۆران، ١٩٨٠: ٦٠)

گۆران ڕۆیشتی بە ناز و لەنجە و لاری ئەم ئافرەتەی بە ئاوازی گۆرانی چواندووە، دیارە ئەمەش وێنەیەکی نوێیە، کە لەنجەولار بەئاوازی گۆرانی بچوێندرێت، وێنەیەکی جوانی لە سەر بنەمای ((شێوازی هەست گۆڕکێ)) دروستکردووە، گۆڕینەوەی هەستی بینین بە بیستنەوە، چونکە لار و لەنجە بەچاو دەبینرێت، بەڵام بەم شێوە دەربڕینە ڕۆڵەکەی بە گوێچکە دەدرێ، چونکە گۆرانی و مۆسیقا دەبیسترێن، ((گۆران)) هەمیشە لە هەوڵی دۆزینەوەی وێنەی نوێ

دابووه لـه زۆر شـوێن لار و لەنجـەی بە کۆتر و تـاوس و مامز...هتد چواندووه، بەڵام هەمیشه لـه هـەوڵی دۆزینـەوەی وێنـەی نوێ دابووه، ئەمجارەیان لار و لەنجـەی بەگۆرانی چواندووه کە پێش گۆران ئـەم جـۆره لێکچواندنـه نـەبووه، کەواتـه گـۆران وێنەیـەکی خـودی جـوانی دۆزیوەتـەوه، (هـەردی)ش لەبـەر ئـامێزی ئـەم دێـڕه شـیعرەی گـۆران ئیحای بۆ هاتووه و ئەم دێڕه شیعرەی نووسیوه، بەڵام وەکو خۆی وەرینـەگرتووه، بـەڵکو هەویرەکـەی هەڵشـێلاوەتەوه و جـارێکیتر لـه قـالبی داوەتـەوه و ڕوحێکـی گەشـتر و جـوانتری پێـداوه، چونکـه ڕۆیشتنی بەعیشووه لای گۆران بە وەزنی گۆرانی چوێنراوه، بەڵام لای هـەردی لار و لەنجـه بـه(( مۆسـیقا و بەسـتە و گـۆرانی)) چـوێنراوه و بـەڕەنگ و بۆیـه و چڵ و لیباسـێکی تـر پیشـانی داوه و جوانکاری خۆی تیا نواندووه، لـه دێره شیعرەکەی (هەردی)شدا ئـەم جـۆره لێکچواندنـەش دووجـۆره وێنـەی لـەخۆدا چڕکردۆتـەوه. یەکـەم وێنـەی لێکچوانـدنی لێکـدراوه، چونکـه لار و لەنجـه بـه سـێ شـت چوێندراوه به:( مۆسیقا و بەسته و گۆرانی)




ئەم وێنەیە لێکچواندنی لێکدراوی کۆی موئەکەدە

لەهـەمان کاتیشـدا وێنەکـه بەشـێوازی هەسـت گـۆڕکێ دروسـتبووه، گۆڕینـەوەی هەسـتی بینین بـه بیسـتنه، چونکـه لار و لەنجـه بـەچاو دەبینـرێ، بـەڵام بـەم جـۆره دەربڕینـه ڕۆڵەکـەی دەگوازرێتـەوه بـۆ گوێچکه، چونکه(( مۆسیقاو بەسته و گۆرانی)) دەبیسترێن، کەواته لەم

دێڕەدا وێنەی شیعری چڕبوونەتەوە لە  زمان و بیر و ئەندێشە و سۆز و نەست، بەشێوەیەکی خەیاڵاوی جوان خۆیمان پیشاندەدات.
کەواتە دەبێ (ست فاتمە) چ ست فاتمەیەک بێت؟ بەئاشکرا دیارە لە نێو هونەرەکان مۆسیقا لە زۆربەیان  سەرنج ڕاکێشترە، چونکە خاوەنی سیحرێکی بەهێزە، هیچ کەسێکیش نییە حەز لە جۆرێک لە جۆرەکانی مۆسیقا نەکات، ئەگەر حەز لە مۆسیقاش نەکات، سرووشت پڕپڕە لە ئاوازی مۆسیقا، ئەوەتا: هاژەی ئاو و وششەی با و لەرانەوەی گەڵاچاڕی سەرپۆپەی درەخت و دەنگی بارینی باران و چریکەی بولبول و ورتە و چپەی دەنگی هەزارەها باڵندە مۆسیقان و کارمان لێدەکەن، کەواتە لەنجەو لاری (ست فاتمە)ش لەوەزیاترە، چونکە لەنجەو لاری هەر بەتەنها مۆسیقا نییە، بەڵکو بەستە و گۆانییە. بێگومان مۆسیقای خۆش لەگەڵ بەستە و گۆرانی یەکبگرێت ئەوەندەیتر خۆشتر و بەهێزتر دەبێت، لەهەمان کاتیشدا ئەم دێرە هێشتا پڕپڕە لە نهێنی، چونکە ئێمە نازانین ئەم مۆسیقایە کام ئالەتی مۆسیقا دەگرێتەوە، ناشزانین کام جۆرە بەستە و گۆرانییە. بۆیە هەرکەسە و لار و لەنجەی ست فاتمە بە جۆرە مۆسیقایەک دادەنێت، کە خۆی حەزی لێدەکات، هەرکەسە و بەو بەستە و گۆرانیانەی دەچوێنێت، کە خۆی دڵی پێی دەکرێتەوە.
(ست فاتمە) بوکی ڕازاوەی خەیاڵی شاعیرە، شاعیرێکی هەست ناسکی وەک هەردی بە خەیاڵی خۆی جوانییەکانی ست فاتمەی دانابێت، ئاخو دەبێت چۆن بێت؟ لێرەش گرێیەکمان لا دروست دەکات، نازانین (ست فاتمە) چ ست فاتمەیەکە، دیارە خەیاڵی مرۆڤ زۆر فراوانە، شتێک خەیاڵ جوانی بۆ دابنێت زۆر بەرز و جوانترە لەوەی واقیع.

بوکێک خەیاڵ ڕازاندبێتیەوە و مکیاج و جوانکاری بۆ کردبێت، دەبێ چ بووکێک بێت، ئەمەیە ئیستاتیکای جوانی ئەم شیعرە، کە دەیان پرسیارت لەلا دروستدەکات و توشی تێڕامانت دەکات. ئەوپەڕی ئاواتی شاعیریش لە تاقە پرشنگێکی ست فاتمە دێتە دی، چاوەکانی ست فاتمە ئەوەندە مەست و تەلیسماوین پڕ شەرابی خۆشەویستی و عارەقی خودایی، کە لە هەر نیگایەکیدا بەهەزارەها تیشکی سیحراوی لێ دەردەچێت لەوهەزارەها تیشکە، یەک تیشک بەر شاعیر بکەوێت، دڵ خۆش دەبێت و دەگاتە ئەوپەڕی ئاواتەکانی، واتا ئاواتەکانی شاعیر زۆرن، بەڵام لە گوتەی: (( ئەو پەڕی ئاوات)) واتا ئاواتە هەرە بەرز و هەرە گرنگەکانی شاعیر لەم تیشکەوە دێتە دی. تیشکێکی بچووک، کە لە چاوی ست فاتمە دەربچێت، دەبێتە شوعلەیەک و ڕووناکییەکی زۆر بۆ شاعیر، لە شەوەزەنگ و تاریکی دەربازی دەکات، لە نێو شاعیرانی کلاسیکیدا وێنەیەکی جوان هەیە، کە ئەبرۆیان بە کەوان چواندووە و برژانگیان بەتیر چواندووە، ئەم تیرەش بەدڵی دڵداران دەکەوێت، ئەمە وێنەیەکی جوانە، بەڵام ئەوەندە بەکارهاتووە و سەدبارە و هەزاربارە کراوەتەوە، بۆیە شاعیر وێنەیەکی نوێی لەم چاوە دۆزیووەتەوە، کە تاڵە تیشکێکی چاوی (ست فاتمە) ژیانی شاعیر پڕپڕ دەکات لە ڕووناکی.

شاعیری داهێنەر ئەو شاعیرەیە، کە لە تنۆکە فرمێسکێک و تەڵە شقارتەیەکی بچووک، وێنەی نوێ بدۆزێتەوە، چونکە هەریەک لە مانە هەرچەندە وێنەیان لێ دروستکردبێت، هێشتا بێ ژمار وێنە ماوەتەوە، کە هێشتا نەدۆزراوەتەوە، ئەرکی شاعیریش دۆزینەوەی ئەم وێنە نوێیانەیە، هەتا دونیاش مابێت، هیچ شتێک نییە دوا وێنەی لێ

وەرگیرابێت، تا چەند شیعر وێنەی نویّ و سەرنجڕاکێشی تێدابێت، ئەوەندە بەرز و جوان دەبێت.
شیعرەکە بە هەستی بینین وەردەگیرێت، لە گوتەی: بەژن و باڵا، دووچاوی مەست، تاڵە پرشنگ... لە سەر ئاستی کۆپلەکە وێنەکان وەستاون و لە گوتەکانی: جوانییە، یەزدانیە، ئاواتمە هەستی پێدەکرێت.

## ٢. ٢ ئێستاتیکا لەڕێی مۆسیقای شیعرییەوە:

### ٢. ٢. ١. کێش:

بنەمایەکی سەرەکی شیعرە و جۆرە مۆسیقایەکی جوان بە شیعر دەدات، جا چ کێشی پەنجە بێت یان کێشی عەروز، ئەم شیعرە بە کێشی (ڕەمەڵی هەشتی مەحزوف)دارێژراوە، کێشی هەزەج و ڕەمەل دووکێشن مۆسیقین و لەگەڵ تایبەتمەندی شیعری کوردی زۆر گونجاون. هەر کۆپلەیەکی شیعرەکە بەسەر چوار تەفعیلە دابەشبووە، واتا هەر نیوە دێرەی چوار تەفعیلەی هەیە، بەلاّم تەفعیلەی چوارەمی هەر نیوە دێرێک دیاردەی مەحزوفی بەسەردا هاتووە، بۆ گونجان و لە قالبدانی شیعرەکە، بۆیە ئێمە تەنها کۆپلەی یەکەمی شیعرەکە دەخەینەڕوو، چونکە کۆپلەکانی دیکەش بەمان پێودان دەخرێتەڕوو و هەمان کێشیان هەیە:

فاتمە دوو/ چاوی مەستت/ پر تەلیسمی/ جوانی یە
– ب – –   – ب – –   – ب – –   – ب –
فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلاتن   فاعلن
پڕ شەرابی/ خۆشەویستی و/ عارەقی یەز/ دانی یە
– ب – –   – ب – –   – ب – –   – ب –

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

بەژن و بالا /کەت نموونەی:/ هەیکەلی پۆ/ نانی یە،

– ب – – – ب – – – ب – – – ب –

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

لارو لەنجەت / مۆسیقایە/ بەستەیە گۆ/ رانیە

– ب – – – ب – – – ب – – – ب –

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

بوکی ڕازا / وەی خەیالم / گیانەکەم ست / فاتمە !

– ب – – – ب – – – ب – – – ب –

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

تاقە پڕ شن/ کێکی چاوت / ئەو پەری ئا / واتمە

– ب – – – ب – – – ب – – – ب –

فاعلاتن فاعلاتن فاعلاتن فاعلن

### ٢. ٢. ٢ سەروا:

سەروا پێکهاتەیەکی سەرەکی شیعرە، د. مارف خەزنەدار لەبارەی قافیەی شیعرەوە دەڵێت: ((دێڕە شیعرەکانی شیعر، بە وشەیەک دواییان دێت، ئەم وشانە لەلایەن کێش یان ئاوازەوە لە یەکتری ئەکەن، وە بەلای کەمییەوە، ئەبێ تیپی دوایی هەموو ئەو وشانەی دێڕە شیعرەکان یەک بن، ئەم وشانە قافیەیان پێدەڵێن، بەڵام ئەگەر هاتوو لە شیعرێکدا قافییەکان گۆڕان، ئەوکاتە هەر بەشە قافیەیەکی لە یەک چوو وتەی سەرەوەی بەسەرا تەتبیق ئەکری))(خەزنەدار،١٩٦٢، ١)

ئەم شیعرەی هەردی لەڕووی قالبەوە بە شێوەی شەش خشتەکی نووسراوەتەوە، تەواوی شیعرەکە لە پێنج شەش خشتەکی

پێکهاتووە، هەر کۆپلەیەی لە شەش نیوە دێڕ پێکهاتووە، دێڕی سێیەمی هەر شەش خشتەکییەکەی شیعرەکە قوفڵ دەدات و بەتەنها ئەم سێ دێڕە مانای تەواوی خۆیان هەیە، بەڵام لە هەمان کاتیش ئەستێرەی لە بن دانراوە وەک دابڕانێکی نیمچەیی، واتا بە تەواوەتی لەگەڵ چوار لەتە خشتەکییەکەیتر دانەبڕاوە، بەڵکو وەک حەلقە و زنجیر دەچنەوە ناو یەک و یەکتر تەواو دەکەن، چونکە هەر پێنج شەش خشتەکییەکە لەژێر چەتری ناونیشانی:(چەپکە گوڵێک بۆ ست فاتمە) کۆبونەتەوە، کاتێکیش شیعرەکە بەسەر یەک دەخوێنینەوە مانای تەواوکەری یەکتری دەبەخشن، بە هەمووی وەسفی ست فاتمەمان بۆ بەرجەستە دەکات و پیشانمان دەدات.

### ٢.٢. ٢ . أ دووبارە بوونەوەی دەنگەکانی سەروا:

١. ڕەوی: سەرنج بدەینە وشەکانی: جوانییە، یەزدانییە، یۆنانییە، گۆرانییە، فاتمە، ئاواتمە. کە وشەی سەروان، دەبینین ڕەوی سێ وشەی یەکەم (ن)ە، ڕەوی، گۆرانییە، (ی)یە. تەنها هی ناوی فاتیمە، (ە)ڕەوییە و ڕەوییەکەی ڕەسەنە و هی خۆیەتی ئەوانیتر پێوەی لکاوە.
٢. پێش ڕەوی: دەنگی بزوێنی درێژی (ا) لە سێ وشەی یەکەم پێش ڕەوییە .لە وشەی گۆرانی: (ن)ڕەویە.
٣. پاش ڕەوی: دەنگی (یی، ە) لە چوار وشەی یەکەم پاش ڕەوین. کەواتە پاش ڕەوی لە سێ دەنگ پێکهاتووە، بەمەش مۆسیقاکەی ساز و بازە.

لە نێوان گوتەی ( جوانی یە، یەزدانی یە، یۆنانی یە، گۆرانی یە ) وشە ئارایەکی جوان هەیە، چونکە لەم دەربڕینانە لە دەنگەکانی ( ا،

ن، ی، یـ ە ) هەموویان هاوبەشن و مۆسیقایەکی ناوەکی جوانی بە شیعرەکە بەخشیوە، ئەم پێنج دەنگە لە دوو دێڕی یەکەم دووبارە بونەتەوە، واتا چوار جار بەدوای یەکدا هاتوون و مۆسیقایەکی ئەوەندە جوانی پێبەخشیوە، هەست بە هیچ گرێ و گۆڵێک ناکرێت و زۆر بەڕەوانی لە ناو گوێچکەی خوێنەردا دەزرنگێتەوە.

**٢.٢.٢ . ب ئاوازی ناوەوە:** دیوی ناوەوەی شیعرەکە دەگرێتەوە، کە سەدا و دەنگدانەوەیەکی جوان بە شیعرەکە دەدات و جوانی پێدەبەخشێت، کاتێکیش خوێنەر دەقە شیعرێک دەخوێنێتەوە، ئەگەر ئەم دەقە ئاوازی ناوەوە و دەرەوەی جوان بێت، ئەوا بە هەردووکیان مۆسیقایەکی جوان بە شیعرەکە دەبەخشێت، ئاوازی ناوەوەش لە چەند بارە کردنەوە ی ( دەنگ ) و ( وشە ) دروستدەبێت.

١- **دووبارە بونەوەی دەنگ :-** دووبارە بوونەوەی دەنگ پێکهاتەیەکی سەرەکی شیعرە لە هەموو سەردەمێک، ((سەرەتای بنەماکانی دووبارە بوونەوە لە شیعر، پێویستە لە ئاستی دەنگسازی دەست پێبکەین، تا گەورەترین یەکەی شیعری کە خودی شیعرەکەیە))(حوسێن، ٢٠٢١: ١١٠) ئەم دەنگانەش بەپێی حیسابێکی ئاماری پێکهاتەی شیعرەکەت بۆ دەردەکەوێت، لە جۆری خێرایی و خاوی مۆسیقاکەیی و کاریگەری ئەو دەنگانە لە ڕسکاندنی ئیستاتیکای مۆسیقای شیعرەکە. بەپێی زۆری دووبارەبوونەوەکان کۆمەڵێک دەنگمان وەرگرتووە، بەتایبەتی ئەوانەی زۆر پاتە بوونەتەوە.

لە کۆپلەی یەکەم ژمارەیەکی زۆر دەنگ چەند بارە بۆتەوە و جوانی و مۆسیقای بە شیعرەکە بەخشیوە، وا یەک یەک ئەو

دەنگانە دەخەینە ڕوو کە زۆرترین دووبارە بونەوە و چەند بارە بونەوە لەخۆدەگرن.

ــ دەنگــی ( أ ) ۲۱جــار دووبــارە کراوەتــەوە لــە وشــەکـانی: ( فاتمە،چاوی، جوانی، شەرابی، عارەقی، یەزدانی ،بالاکەت ، یۆنانی، لارو لەنجەت، مۆسیقایە، گۆرانی یە، رازاوە، خەیاڵم، گیانەکەم، ست فاتمە، تاقە،چاوت، ئاواتمە ).

- دەنگی ( ت ): ۱۲ جار دووبارە بۆتەوە لەم شەش خشتەکییەی یەکەم، لە وشەکانی ( فاتمە، مەست – ت، تەلیسم، خۆشەویستی، بالاکەت، لارو لەنجەت، بەستەیە، ست، فاتمە، چاوت، ئاواتمە ) لە چەند بارە بونەوەی دەنگی ( ت ) مۆسیقایەکی جوانی ناوەکی دروستبووە. لەم ۱۲ پات بوونەوەیە: ٤ دانەیان لەڕێی هێنانەوەی جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاک پاتە بوونەتەوە ئەمانەن: مەستت، بالاکەت، لەنجەت، چاوت.

- دەنگی ( یـ ) ۲۳ جار دووبارە بۆتەوە لەم وشانەدا: ( تلیسم، جوانی– یە، خۆشەویستی، عارەقی، یەزدانی –یە، نمونەی، هەیکەلی، یۆنانی یە، مۆسیقایە، بەستەیە، گۆرانی یە، بووکی، خەیاڵم، گیانەکەم ).

- دەنگی ( ە ) ۳۰ جار دوبارە بۆتەوە لە وشەکانی ( فاتمە، مەست، تەلیسم، جوانی یە، خۆشەویستی، عارەقی، یەزدانی یە، نمونەی، هەیکەلی، یۆنانی یە، لارو لەنجەت، مۆسیقایە، بەستەیە، گۆرانیە، رازاوەی، خەیاڵم، گیانەکەم، فاتمە، تاقە، ئەوپەڕی، ئاواتمە، بەژن و، بالاکەت ).

ـ دەنگی ( و ) ۸ جار دوبارە کراوەتەوە ، لە دەربڕینانەی (چاوی، جوانی یە، خۆشەویستی و عارەقی ، رازاوەی ، ئەوپەڕی، ئاواتمە،

چاوت. دوو سیانیان بە هۆی ئامرازی لێکدەرەوە دووبارە بوونەتەوە، ئەوانیش لە وشەکانی: خۆشەویستی و،لار و لەنجەت، بەژن و بالاتدا دەبیندرێن.

ـ دەنگی ( وو ) ی درێژ ٣ جار پاتە بۆتەوە لەم وشانە ( دوو، نموونەی، بووکی ).

ـ دەنگی ( ۆ ) ٤ جار دووبارە کراوەتەوە لە وشانەدا بەدەر دەکەوێت (خۆشەویستی، یۆنانی، مۆسیقا، گۆرانی ).

– دووبارە بوونەوەی دەنگی لێکنزیک: لەڕووی ئاوازەوە دەنگەکانی ( و، وو، ۆ ) زۆر لێک نزیکن و دەنگ و سەدایان تێکەڵی یەک دەبن و سازگەی دروستبوونیان لێکنزیکە و تارڕادەیەک هاوئاوازن، لەم سێ دێرە شیعرە دەنگی ( و ) ٨ جار دووبارە کراوەتەوە، دەنگی ( وو ) ٣ جار دووبارە کراوەتەوە، دەنگی ( ۆ ) ٤ جار دووبارە بۆتەوە، بە هەر سێ دەنگەکان (و، وو، ۆ )١٥ جار دووبارە بونەتەوە و ئەم دەنگانەش زۆر لە یەک نزیکن و ئاوازێکی دڵگیر بە شیعرەکە دەبەخشن.

ـ دەنگی ( م ) ٧ جار دووبارە کراوەتەوە لەم وشانە:( فاتمە، تەلیسم، نموونەی، خەیاڵم، گیانەکەم، ست فاتمە، ئاواتمە). سێ دانەیان دووبارە بوونەوەی جێناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاکە، کە ئەمانەن:خەیاڵم، گیانەکەم، ئاواتم.

ـ دەنگی ( س ) ٦ جار دووبارە بۆتەوە لە وشەکانی: ( مەست، تەلیسم، خۆشەویستی، مۆسیقا، بەستە، ست).

ـ دەنگی ( ش ) ٣ جار دووبارە بۆتەوە لە وشەکانی: (شەراب، خۆشەویستی، پڕشنگی ) لە نێوان فاتمە و ئاواتمە وشە ئارایەکی

جوان هەیە و مۆسیقا و ڕتمیان لەیەک نزیکە و جوانی بە شیعرەکە بەخشیوە.

دەبینین، ئەم دەنگانە بەشێوەیەکی هونەری ئاوێتەی یەکتر بووین، سیما و خەسڵەتێکی جوانی بەم شیعرە بەخشیوە، دەنگە دووبارە بووەکان، وەک شەپۆلە ئاوازێکی ڕەنگاوڕەنگ بەر گوێمان دەکەون، وەک پۆلێ چۆلەکەی هەڵفڕیوە لە ئاسماندا جریووە و جوکەمان پێدەبەخشن.

٢.٢.٢. پ **دووبارەبوونەوەی وشە:** دووبارە بوونەوەی وشە مۆسیقایەکی جوان و خۆش بە گوێچکەی خوێنەر و گوێگر دەبەخشێت، ئەمانیش دەبن بە دوو بەشەوە :
دووبارەبوونەوەی وشە لە ئاستی ئاسۆیدا واتا لە ئاستی نیوە دێڕێک مامەڵە لەگەڵ وشە دووبارەبووەکان دەکرێت،
دووبارەبوونەوەی وشە لە ئاستی ستوونی: واتا تەواوی دوبارەبووەکان دەگرێتەوە لە ئاستی ستوونی و سەرجەم دووبارەبووەکان وەردەگیرێت.

**١ـ دووبارەبوونەوەی وشە لە ئاستی ئاسۆیدا:**

دووبارە بوونەوەی وشەی تێدا نییە لە ئاستی ئاسۆیی، بەڵام لە نێوان وشەی ( بەژن ) و ( باڵا ) هەرچەندە لەڕووی فۆڕمەوە یەک وشە نین ، بەڵام لەڕووی فەرهەنگییەوە هاوواتای یەکترن و هەردوو وشەکانیش لە دەنگی (ب) هاوبەشن و مۆسیقایەکی ناوەکی بە شیعرەکە دەبەخشن.

**٢ ـ دووبارە بوونەوەی وشە لە ئاستی ستونیدا:**

هەردی لەم کۆپلە شیعرەدا لە ئاستی ستونیدا چەند گوتەیەکی دووبارە کردۆتەوە، ڕۆڵیان بینیووە لە جوانکردنی مۆسیقای ناوەکی شیعرەکە.

ناوی ( فاتمە ) دووجار هاتوە، لەسەرە دێڕی یەکەمی شیعرەکە و لە دووا وێستگەی دێڕی سێیەمیش.

(چاو) دوو جار هاتووە.

**کۆپلەی دووەم:**

گەرچی دڵداری لە خاکی ئێمەدا، ئەفسانەیە
هەر بەتەنیا بۆ کوڕی خاوەن تەلار و عانەیە
گیانەکەم! ئەمما دڵی من لەو دڵە شێتانەیە
بێ ئەوەی هیچ شک بەرێ، کوژراوی ئەو چاوانەیە
هەر بەتەنها خۆشەویستی شک ئەبەم، ست فاتمە!
سەروەتم ناوێ، بزەی تۆ: ئەوپەڕی ئاواتمە...(هەردی: ٦٨)

**٢.٢ . ٢. ت لەڕووی زمان و وێنەوە:**

شاعیر لایەنی هەژاری و نەداری پیشاندەدات، کە چۆن بۆتە ڕێگر و کۆت و زنجیر لەبەردەم دوو دڵدار. هەر لە کۆنەوە وابووە تاکو ئێستاش کەم و زۆر ئەم دیاردەیە ماوە، شاعیر دڵداری لە خاکی خۆی بە ئەفسانە دادەنێت، دیارە کە ئەفسانەش دوورە لە واقع و شتی خەیاڵاوییە، بەڵام ئەو کوڕانەی خاوەن تەلار و پارەن، زیاتر دەتوانن بە مەرامی دڵی خۆیان بگەن. شاعیر تەنها دڵدارییەکی بێگەرد پڕ تامەزرۆی هەیە، شاعیر تەنها خۆشەویستی هەیە، سەرمایەی ئەو تەنها سۆز و خۆشەویستییە و هیچیتر. بێگومان سۆز و

خۆشەویستیش دەوڵەمەندی ناخە و سەرچاوەی ژیان و کامەرانی و خۆشگوزەرانییە. ئەگەر سەرنج بدەینە کۆپلەی یەکەمی ئەم شیعرە، سەراسیمە سەودا لەگەڵ جوانی و ڕۆمانسییەت دەکات، سەرەتا وەک ناساندنێک (ست فاتمە) دەناسێنێت، کە چەند جوان و نایاب و شۆخ و شەنگ و دلڕفێنە... چاو و بەژن و باڵا..دەخاتەڕوو، لە کۆپلەی دووەم تامەزرۆیی داماو و هەژارێک دەخاتەڕوو، کە بەرامبەر جوانی ست فاتمە تاساوە، ست فاتمە خاوەن موچە و پایە بەرزبووە، چونکە بۆ ئەو کات مامۆستا و موچەخۆر لە چینێکی بەرزی کۆمەڵ بوون لە چاو چینی ڕەنجبەر و هەژار و کرێکاران، لەم کۆپلەیەدا لایەنی ڕیالیزمی دەخاتەڕوو، ئەو گەنجە چۆن بگات بە ست فاتمە، کە چەکی ئەو تەنها خۆشەویستییەکی بێڕادەیە، چونکە لە نێو ئەدەبیاتیشدا ئەوە ڕەنگیداوەتەوە، کە زۆر جار کچە ئاغایەک حەزی لە کوڕە شوانێک کردووە، بنەماڵە و دەوروبەر نەیانهێشتووە ئەم کارە ڕووبدات. لە دوو چینی جیاواز دوو دڵدار هەبن ڕێگرییان لێبکرێ، ئەوە چ جای ئەوەی، کە لەو شیعرەی هەردیدا کە هێشتا کوڕە هەژارەکە نەیتوانیوە لەبەر هەژاری و نەداری هەستکردن بە زەلیلی خۆی هەر لەناو خەمە و دووکەڵ و بڵێسە و سوتانی لێهەڵدەستێ. وێنەکانی نێو ئەم کۆپلەیە وێنەی جوڵاون، وێنەی جوڵاو ((ئەو وێنەیەیە بەردەوامی جموجۆڵی نیشاندەدات و وێنەکە لە برست نەکەوتووە))(عیسا، ٢٠٠٩: ١٧٨) لە وشەکانی: ئەفسانەیە، عانەیە، شێتانەیە، شک دەبەم، ئاواتمە. ئەم بەردەوامیە و جوڵاوییە دەبیندرێت. لە دەربڕینی گوتەی: (دڵی من لەم دڵە شێتانەیە) وێنەیەکە بەشێوازی بەکەس کردن دروست کراوە، کە ئەندامێکی جەستە بەتەنها وەک مرۆڤێک وەرگیراوە. لەگوتەی (دڵداری و ئەفسانە) وێنەی ژیرین. لە تەواوی کۆپلەکەشدا هەستی بینین زاڵە

و وێنە وەسفییەکە بە هەستی بینین وەردەگیرێ، وەک لە گوتەکانی: کوژراوی دووچاو، بزەی تۆ... دەبیندرێ.

### ٢.٢.٢ . ج لەڕووی مۆسیقاوە:

**١-دووبارە بوونەوەی دەنگەکانی سەروا:**

وشەکانی: (ئەفسانەیە، عانەیە، شێتانەیە، چاوانەیە، فاتمە، ئاواتمە). سەروای کۆپلەی دووەمی شیعرەکەن.

ڕەوی: لە وشەی: ئەفسانەیە، عانەیە: (ە)ڕەوییە، پێش ڕەوی(ن)ە، پاش ڕەوی (ی،ە)لە وشەکانی: شێتانەیە، چاوانەیە پێش ڕەوییەکان لە ٥ دەنگ پێکهاتووە: (ا،ن،ە،ی،ە)، فاتمە: وشە ڕەسەنەکەیە (ە) ڕەوییە، پاش ڕەوی نییە.

**٢- دووبارەبوونەوەی دەنگ:**

- دووبارە بوونەوەی (أ):

لە وشەکانی: دڵداری، ئێمەدا، ئەفسانەیە، بەتەنها، خاوەن، عانەیە، گیانەکەم، ئەمما، شێتانەیە، کوژراوی، چاوانەیە، بەتەنیا، فاتمە، ئاواتمە. لە ١٢ وشە دەنگی (أ)پاتە بوونەتەوە. کە شەش دانەیان پێکهاتەی سەروای شیعرەکەن، لەوانە: ئەفسانەیە، عانەیە، شێتانەیە، چاوانەیە، فاتمە، ئاواتمە.

- دووبارەبوونەوەی دەنگی (ب): لە وشەکانی: بەتەنیا، بۆ، بێ، بەتەنیا، شک ئەبەم، بزە. دەبینین لە ٦ شوێن دووبارە بوونەتەوە. دوانین وشەن: ئەبم، بزە. چوارەکەیتر ئامرازن: بە، بۆ، بێ، بە.

– دووبارە بوونەوەی دەنگی (ت): لە وشەکانی: تەنیا، تەلار، شێتانەیە، بەتەنیا، ست، سەروەتم، تۆ، ئاواتمە. ٨ جار پاتە بوونەتەوە، تەنیا و بەتەنیا لەسەر ئاستی ستوونی و ئەوانیتر لەسەر ئاستی ئاسۆیی پاتە بوونەتەوە.

–دووبارە بوونەوەی دەنگی (چ):لە وشەکانی: گەرچی، چاوانەیە، هیچ، تەنها لە ٣ جار هاتووە، کە یەکێکیان وشەی سەرواکەیەتی.

– دووبارە بوونەوەی دەنگی(د):لە وشەکانی: دڵداری، دڵی، دڵە. ٣ جار هاتووە. دڵی و دڵە لەسەر ئاستی ئاسۆیی لە نیوە دێڕی دووەم هاتوون.

– دووبارە بوونەوەی دەنگی(ە):لەم دەربڕینانە هاتووە: گەرچی،لە، ئێمە، ئەفسانەیە،هەر، بەتەنیا، خاوەن، تەرار، عانەیە، گیانەکەم، ئەمما، لەو، دڵە، شێتانەیە، ئەوەی،شک بەرێ، ئەو، چاوانەیە، هەر، بەتەنیا، ئەبەم، فاتمە، سەروەرتم، بزەی، ئەو پەڕی، ئاواتمە. ٣٨ جار پاتە بۆتەوە، لە هەندێک وشەیان زیاتر لە (ە)تێدایە.

لە وشەکانی: هەر، هەر. دەبینین تەنها وەک ئامراز ٢جار هاتووە.

– دووبارە بوونەوەی دەنگی(و):لە دەربڕینەکانی: تەلار و، لەو ، کوژراوی، خۆشەویستی، سەروەرتم، ئەو پەڕی، ئاواتمە. ٨ جار هاتووە، دانەیەکیان هی سەرواکەیەتی. لار و لەنجە: لێرەدا و:- وەک ئامرازی پەیوەندی هاتووە.

– دووبارە بوونەوەی دەنگی(س):لەم دەربڕینانە هاتووە: ئەفسانەیە، خۆشەویستی، ست، سەروەتم. دەبینین ٤ جار هاتووە، کە یەکێکیان هی قافیەکەیەتی.

– دووبـارە بوونـەوەی دەنگی(ش):لـەم دەربڕینانـە هـاتووە: شـێتانەیە، شک بـەرێ، خۆشـەویستی، شک ئەبـەم. دەبینین ٤ جار پاتە بۆتـەوە، یەکێکیان هی قافیەکەیەتی.

– دووبـارە بوونـەوەی دەنگی(ز):تـەنها لـەم دەربڕینـە: بـزەی: تـەنها ١ جار هاتووە.

– دووبارە بوونەوەی دەنگی(ژ):تەنها لەم دەربڕینە هاتووە: کوژراوی.

دەنگەکانی(س،ش، ز، ش) سازگەیان زۆر لێکنزیک و دەنگ و ئاوازیان تێکەڵی شەپۆلی یەک دەبن، لەم کۆپلەیەش دا: س: ٤جار، ش: ٤جار، ز: ١جار، ش، ١ جار، بە هەمووی =١٠ جار دەنگی لێکدی نزیک.

– دووبـارە بوونـەوەی دەنگـی (ی): لـە وشـەکانی: (گـەرچی، دڵداری، خـاکی، تـەنیا، کـوڕی، گیانەکـەم، دڵـی، ئـەوەی، کـوژراوی، تـەنیا، خۆشەویسـتی، ئەوپـەڕی، لـە وشـەی: خۆشەویسـتی: دووجـار. لـە سـەرواکانی: ئەفسـانەیە، عانەیـە، شـێتانەیە، چاوانەیـە، چـوار جـار. بەهەمووی ١٧ جار پاتە بۆتەوە.

کۆپلەی سێیەم:

خۆشەویستی وا کەنامەی خوایە بۆ پێغەمبەران
بەرز و ناسک، وەک هەناسەی پڕ گوڵاوی دولبەران
نەک وەکو حەزکردنی دینار و گەوهەر پەروەران
ئەو کەسانەی بۆ قرانێ، چەندە دڵیان هەڵوەران!
خەڵقی تر، پارە پەرستی، با بکەن، ست فاتمە!
من بەتەنیا، تۆپەرستی، ئەو پەڕی ئاواتمە...(هەردی: ٦٨-٦٩)

دڵدار و شـەیدا دڵـی خـۆی وادەداتـەوە، بـەوەی کـە خۆشەویسـتی نامـەی خوداییـە چ بـۆ پێغەمبـەر چ بـۆ دڵـداران، کەسـی شـەیدا مەسەلەکەی خۆی بەرزدەکاتەوە بۆ بەهێزکردنی بابەتەکە و بەخشینی

مزداقیـەتێکی بـەهێزتر و دەڵێـت: خۆشەویسـتیت نامـەی خودایـە بـۆ پێغەمبـەران، بـەم شـێوەیەش بـەرز و ناسـکە وەک ئـەو هەناسـە بۆنخۆشەی کە بۆنی گوڵاوی پێوەیە بۆ دولبەران، واتا نامەی خودا بۆ پێغەمبەران خۆشەویستی بۆ مرۆڤیش وەک ئەو هەناسە خۆشەیە بۆ عاشقان، وەک چۆن پێغەمبەران شەیدای خودا و ئەو ئایینە بوونە بـۆ بڵاوکردنـەوەی خۆشەویسـتی و پـەیام بیریـان لـە پـارەوپول و سامانی دونیا نەکردۆتەوە، بەڵکو تەنها بیریان لە شەیدابوون بەخودا و بڵاوکردنـەوەی پەیامـەکانی مـەرامی سـەرەکی و بنـەڕەتی بـووە، شـاعیریش لـەو سـۆنگەیەوە هەسـتی خـۆی دەردەبـڕێ و مـادە و پارەوپوول بێ بەها و بێ نرخ دەکات و خۆشەویستی بەرزدەکاتەوە بۆ ئاستێکی بەرز و پارەوپوولیش وەک چرکی دەست بە قەرپ و پوچ دادەنێت. شاعیر گوێ بەوە نادات خەڵکیتر خەریکی پارەپەرستی و ماڵ کۆکردنەوەن و بەدوای پارەدا کەوتوون، قیبلەی شاعیر تەنها خۆشەویسـتییە لـە تـای تەرازووێکـدا پـارە و سـامانی دونیـا دێنێتـە خـوارەوە و بـێ نرخـی دەکـات، خۆشەویسـتی بەرزدەکاتـەوە و نرخـی بۆدادەنێت. دەبینین ئەو شیعرە لە چوار شەش خشتەکی پێکهاتووە، دوو لـە دێڕەکـان تـەرخانکردووە بـۆ دەردی نـەبوونی و بـۆ ئـەو ڕێگرییـە زۆرەی لـەنێوان دوو کـەس کەسـامان دەبێتـە دێوەزمەیـەکی ترسـناک و هەمیشـە لێکیـان دووردەخاتـەوە و تووشـی سـەرەڕۆیی و کارەسـاتیان دەکـات. زمانەکـەی زمـانێکی قەناعـەت پێکـەرە، چونکـە لایـەنی مـادی و لایـەنی ئایدیا بـەراورد دەکـات، کەلایـەنی ئایدیا، کـە دواتر دەبێتە خۆشەویستی کە بەسەر جیهانی مادی زاڵی دەکات. لەم کۆپلەیەدا وێنە بەپێی هەستی بۆنکردن لە گوتەی: هەناسەی پڕ گوڵاو،

هەستی پێدەکرێ. لە گوتەی دڵیان هەڵوەراند، خواستن هەیە، هەڵوەراندنی لە درەختەوە گواستۆتەوە بۆدڵ.

**١-دووبارە بوونەوەی دەنگەکانی سەروا:**

لە وشەکانی: پێغەمبەران، دولبەران، پەروەران، هەڵوەران، فاتمە، ئاواتمە.

ڕەوی دەنگە ڕەسەنەکانی وشەکەیە لەوانە: پیغەمبەر، پەروەر، (ر)ڕەویە،(ە)پێش ڕەوییە، (ا،ن) پاش ڕەوین. هەڵوەران: لە (هەڵوەرین)ەوە هاتووە، لەگەڵ فاتمە: ن–ە دەبنە ڕەوی. ئاواتمە: ت: ڕەویە، (ا)پێش ڕەوییە، (م–ە)پاش ڕەوین.

**دووبارە بوونەوەی دەنگ:**

– دووبارە بوونەوەی (أ): لە وشەکانی: وا، نامەی، خوایە، پێغەمبەران، ناسک، هەناسەی، گوڵاوی، دینار، پەروەران، کەسانەی، قرانێ، دڵیان، هەڵوەران، پارە، با، فاتمە، بەتەنیا، ئاواتمە. ١٨جار پاتە بۆتەوە: دوانیان هی قافیەکەن: فاتیمە، ئاواتمە. دوانیان ئامرازن: وا، با.

– دووبارەبوونەوەی دەنگی (ب): لە دەربڕینەکانی: بۆ، پێغەمبەران، بەرز و، دولبەران، بۆ، با، بکەن، بە تەنیا. دەبینین ٨ جار پاتە بۆتەوە، ٣ جار وەک وشەی قافیە: پێغەمبەران، دولبەران، هەڵوەران. ٤جار وەک ئامراز: بۆ، بۆ، با، بە. ١ جار وەک وشە: بەرز.

– دووبارە بوونەوەی دەنگی (پ):لەم دەربڕینانە: پێغەمبەران، پڕ، پەروەران، پارە، پەرستی، تۆپەرستی. ٦جار پاتە بۆتەوە، دووجار وەک قافیە: پێغەمبەران، پەروەران. دەنگی (ب،پ)سازگەیان لێکنزیکە بۆیە بە هەردوو دەنگەکە ١٤ جار پاتە بوونەتەوە.

– دووبارە بوونەوەی دەنگی (ت): لە وشەکانی: خۆشەویستی، خەڵکیتر، پەرستی، ست، بەتەنیا، تۆ، پەرستی، ئاواتمە. ٨ جار پاتە

بۆتـەوە، ٢ دانـەیان هـی قافیەکـەن: فاتمـە، ئاواتمـە. دانەیەکیان ڕانـاوی سەربەخۆیە بۆکەسی دووەمی تاک: تۆ.

- دووبارە بوونـەوەی دەنگی(د):لـە وشـەکانی: دولبـەران، حـەزکردنی، دینـار، دڵیـان. ٤ جـار پاتـە بۆتـەوە، دانەیـەکیان هـی قافیەکەیـەتی: دولبەران.

- دووبـارە بوونـەوەی دەنگی(هـ):لە وشـەکانی: هەناسـەی، گەوهـەر، هەڵوەران، ٣جار هاتووە، دانەیەکیان هی قافیەکەیەتی: هەڵوەران.

- دووبـــارە بوونـــەوەی دەنگـــی (ە):لـــەم دەربڕینانـــە هـــاتووە: خۆشەویستی، نامەی، خوایـە، پێغەمبـەران، بـەرز، وەک، هەناسـەی، دولبـەران، وەکـو، حـەزکردنی، گەوهـەر، پـەروەران، ئەوکەسـانەی، چەندە، هـەڵوەران، خـەڵقی تـر، پـارە پەرستی، بابکـەن، فاتمـە، بەتـەنیا، پەرستی، ئەوپەڕی، ئاواتمـە. (٣٤)جـار پاتە بۆتـەوە، لـە هەندێک وشـە زیاتر لە یەک (ە)ی پێتێدایە.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(و):لـە دەربڕینـەکانی: وا، خوایـە، بـەرز و ناسک، گوڵاوی، دولبـەران، وەکو، دینار و، گەوهـەر، ئـەو، هـەڵوەران، ئەو پەڕی. ١٢جار پاتە بۆتەوە. ٤جار وەک ئامراز: وا، بـەرز و ناسک، دینـار و، وەکو. ٤ جـار وەک قافیـە: دولبـەران، پـەروەران، هـەڵوەران، ئاواتمە. ١جا وەک ڕاناوی کەسی سەربەخۆ بۆ سەسی سێیەمی تاک: ئەو.

- دووبـــارە بوونـــەوەی دەنگی(س):لـــەم دەربڕینانـــە هـــاتووە: خۆشەویسـتی، ناسـک، هەناسـەی، کەسـانەی، پەرسـتی، سـت، تـۆ پەرستی. ٧ جار پاتە بۆتەوە.

- دووبـــارە بوونـــەوەی دەنگی(ش):لــەم دەربڕینــە ١جــار هــاتووە: خۆشەویستی. بـەڵام لـە گـەڵ دەنگـی (س)ەکـان مۆسـیقای لێکنزیـک دەبێتەوە.

- دووبـــارە بوونـــەوەی دەنگی(ز):لــەم دەربڕینانــە هــاتووە: بــەرز و ناسک، حـەزکردنی.٢جـار هـاتووە، دەنگـی (ز،س)سـازگەیان لێکنزیکـە وەک لە وشەی: (بەرز، ناسک) دەردەکەوێت.

کۆپلەی چوارەم:

زۆر کەرەت هانم ئەدا، داخی دەروونی پڕ گڕم
بۆتی هەڵڕێژم: سکاڵای ناسکی گەرم و گوڕم...
داخەکەم، کاتێ کە دێمە بەردەمت، واقی وڕم
وام ئەشێوێنێ بە جۆرێ نایەڵێ هیچ دەربڕم..!
بووکی ڕازاوەی خەیاڵم! گیانەکەم ست فاتمە..!
گوێ یە بۆ ئەم ڕازە شل کەی، ئەو پەڕی ئاواتمە..(هەردی: ٦٩)

لە دوای ئەوەی شـاعیر لـە کۆپلـەی یەکەمدا بـە جوانی سـت فاتمـە هەڵـدەڵێ و لـە کۆپلـەی دووەم و سـێیەم باسـی کێشـەی هـەژاری و نەداری دەکات، کە کۆمەڵگای دابەش کردووە بەسـەر چەندین چین و تـوێژدا، لـە دوا کۆپلـەی کۆتایـدا، باسـی کێشـە دەروونییـەکانی مـرۆڤ دەکات بەرامبەر بەیەکتری، ئەوەتا دەروونی شاعیر پڕ گڕ و بڵێسـەیە و دڵی پڕ لە سکاڵای کەرم و گوڕە، دواتر باس لە لایەنی ئەم شـەرمە زۆرە دەکات، کە لەلایەن ئەم تاکە هەیە، ئەم عاشقە شـەرم و ترسـی کۆمەڵایەتی هێندە بەسەریدا زاڵە، نازانێت بە چ شێوازێک پێی بڵێت. لـە کەمەڵگای ئەوکاتی کوردەواری، تـرس و عـەیب و شـەرم ڕێگـر بووە، شـەرم لـەچی؟ بـەم شـێوەیە شـاعیر گرێگـوێرەی دەروونـی عاشـق ناکاتەوە و هەر بەتاسـە و کەسـەر و شـەرمەوە دەیهێڵێتـەوە، ئەوە لـە

کۆتایدا دووبارە دەبێتەوە. شاعیر بەو هیوایەیە ست فاتمە گوێ بۆ ئەو حەز و ئارەزوو و تامەزرۆییە شل بکات، چونکە عاشق وەک دەروێشێکی تەریقەی عیشق تەنها ست فاتمەی گەرەکە، هێشتنەوەی ئەو گرێیە دەروونییە، نەوێرانی دەربڕینی ڕازی خۆشەویستی خۆیی و بۆ یەکلاکردنەوەی بوون و نەبوون مەیسەربوونی مەیسەر نەبوونی کارەکە، جۆرە کەسەرێک و حەز و خولیایەکی هەمیشەیی دەهێڵێتەوە.

لەم شیعرەدا لایەنی ڕۆمانسییەت و ڕیالیزمی دەبیندرێت، شاعیر ڕۆمانسییەت و ڕیالیزمی ئاوێتەی یەکتر کردووە. دەتوانین بڵێین کۆپلەی یەکەم تەواو ڕۆمانسییە و لایەنی جوانی و لەشولاری ست فاتمەی بەدەرخستووە، بەلام لە سێ کۆپلەکەیتر کێشەیەکی کۆمەلایەتی لایەنێکی کەتواری کۆمەڵگای پیشانداوە، بەشێوەیەکی جوان هەردوو لایەنەکەی تێکەڵ کردووە. لەم کۆپلەیەدا وێنەکان بە هەستی بینین و بیستن وەردەگیرێن، لە گوتەی دیمەبەردەمت، هەستی بینینە. لە گوتەی گوێ بۆ ئەم ڕازە شلکە، هەستی بیستنە.

لەسەر ئاستی تەواوی شیعرەکەدا بە هەستی: بینین، بیستن، بۆنکردن دەبیندرێت، بەلام زۆربەی وێنەکان بەر هەستی بینین دەکەون، چونکە وەسفی جوانی ئافرەتێک دەکات، کە هەستی بینین بەشدارییەکی زۆر دەکات لە ڕووماڵکردنی جوانییەکان.

شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

ئەو بەتەنها بۆ گوڵی سەرمێز و بادە تۆی ئەوێ
هەر کە جارێ بۆنی کردی، جا گوڵێکی نوێی ئەوێ! (هەردی: ٧١)

لەم شیعرەشدا دەڵێت: دڵت خۆش نەبێت بەوەی تاهەتایە دەحەسێیتەوە، بەڵکو ئەو پارە و سامانە دەتسوتێنێ و ڕیسوات دەکات، چونکە لە بنەمادا بنچینەی خۆشویستی لە نێوانیان نەبووە.

عاشق هەستی بە کەمی کردووە، لەوەی کە هەژار بووە، کەم و کوڕی خۆی بە شتێکیتر پڕکردۆتەوە، کە ئەویش خۆشەویستییە. لەبری پارەوپوول خۆشەویستی بە چاوگی دەوڵەمەندی دەروونی و خۆشی ژیان دادەنێت، نەک پارە و ماڵ و سامان، ئەدلەر لەم بارەیەوە دەڵێت: ((بۆئەوەی هەست بکەین کە مرۆڤین، دەبێ لە خۆماندا هەست بەکەمی بکەین))(شلتز، ٢٤٤)ئەو هەست بەکەمی کردنە، وادەکات بیر لە پڕکردنەوەی کەم و کوڕییەکانمان بکەین. جارێکی دیکە ئەدلەر دەڵێت: ((داهێنان لای داهێنەرهەولێکی قەرەبووکارییە بۆ پڕکردنەوەی هەستکردن بەکەمی))(قتوس، ٢٠١١: ٦٧)کەواتە هەستکردن بەکەمی قوڵبوونەوەیە لە ناخی دەروون و دەربڕینی هەست و سۆزە.

چونکە شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا بەشێوەیەکی دی هەستەکانی دەربڕیوە، ئەوەتا لە شیعری دوو چەشن دڵداریدا دەڵێ:

چونکە ئەیزانی تەلاری یارە خواپێداوەکەت

مەستی کردووی، بۆیە نابینێ لە عاستم چاوەکەت(هەردی: ٧٠)

باسی خۆشەویستی دوو کەس دەکات، کە ماڵ و سامان پێکەوەی بەستوونەتەوە، بەتایبەتی ئافرەتەکە، کە مەست و شەیدای تەلار و سامان بووە و کەسیتر نابینێ.

**١-دووبارە بوونەوەی دەنگەکانی سەروا:**

هەریەک لە دەربڕینەکانی: گرم، گورم، ورم، فاتمە، ئاواتمە. وشەی سەروان. لە وشەکانی: گرم، گورم، ورم: (ڕ)ڕەوییە، لە وشەی، گرم و گورم(گ) دەبێتە پێش ڕەوی، لەوشەی ورم: (و)دەبێتە پێش ڕەوی.

پاشڕەوی هەرسێ وشەکان (م)ە. فاتمە ڕەویەکەی (ە)هی خۆیەتی و ڕەسەنە. ئاواتمە، (ت)ڕەوییە، (ا)پێش ڕەویە، (م-ە)پاش ڕەوییە. لەنێوان وشەکانی: گرم، گورم، ورم: ڕەگەزدۆزی نافەرهەنگی دروستبووە، لەنێوان گرم، ورم تەنها یەک دەنگ گۆڕاوە. بەس لە وشەی گورم: ڕەگەزدۆزییە لەجۆری زیاد، کە دەنگێکی لەوانیتر زیارە و هاوسازن لە مۆسیقادا.

## ٢- دووبارە بوونەوەی دەنگ:

- دووبارە بوونەوەی (أ): لە وشەکانی: هانم، ئەدا، داخی، سکاڵای، ناسکی، کاتێ، واقی، وام، نایەڵێ، ڕازاوەی، خەیاڵم، گیانەکەم، فاتمە، ڕازە، ئاواتمە. ١٨ جار پاتە بۆتەوە، لە وشەکانی: فاتمەو ئاواتمە ٢ جار. لە دەربڕی: سکاڵای: ٢جار.

- دووبارەبوونەوەی دەنگی (ب):لە وشەکانی: بۆتی، بەردەمت، بە جۆرێ، دەربرم، بووکی، بۆ. ٦جار پاتە بۆتەوە، ١جار وەک قافیە: دەربڕم. ٢جار وەک ئامراز: بە، بۆ.

دووبارە بوونەوەی دەنگی (ت): لە وشەکانی:کەڕەت، بۆتی، بەردەمت، کاتێ، ست، ئاواتمە. ٦جار پاتە بۆتەوە.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(د):لە وشەکانی: ئەدا، داخەکەم، کە دێمە، دەربڕم. ٤جار.

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(هـ):لە وشەکانی: هانم، هەڵڕێژم، هیچ. ٣جار

- دووبارە بوونەوەی دەنگی(ە):لەم دەربڕینانە هاتووە: کەڕەت، ئەدا، دەرونی، هەڵڕێژم، گەرم، داخەکەم، کەدێمە، بەردەمت، ئەشێوێنێ،

بەجۆریٚ، نایەڵیٚ، دەربڕم، ڕازاوەی، خەیاڵم، گیانەکەم، فاتمە، گوێیە، ئەم ڕازە،شلکە، ئەوپەڕی، ئاواتمە. (٢٨)جار پاتە بۆتەوە.

–دووبارە بوونەوەی دەنگی(و):لە دەربڕینەکانی: کەرم و گوڕ، واقی، وام، ڕازاوەی، ئەو پەڕی. ٦ جار پاتە بۆتەوە، لە دەربڕی: گەر و ، وەک ئامراز هاتووە.

– دووبارە بوونەوەی دەنگی(وو):لە دەربڕینەکانی:دەروونی،بووکی. ٢جار هاتووە، لەگەڵ یەک(و)هاوسازگەن بۆیە بە هەردووکیان ٨ جار پاتە بوونەتەوە.

– دووبارە بوونەوەی دەنگی(س):لەم دەربڕینانە هاتووە: سکاڵا، ناسکی، ست. ٣جار پاتە بۆتەوە.

– دووبارە بوونەوەی دەنگی(ش):لەم دەربڕینانە هاتووە: ئەشێوێنیٚ، شک کەی. ٢جار هاتووە.

– دووبارە بوونەوەی دەنگی(ر):لەم دەربڕینانە هاتووە:دەروونی، گەرم، بەجۆریٚ، دەربڕم. ٤ جار پاتە بۆتەوە.

– دووبارە بوونەوەی دەنگی(ڕ):لەم دەربڕینانە هاتووە:کەڕەت، پڕ، هەڵڕێژم، گوڕم، وڕم، دەربڕم، ڕازاوەی، ڕازە، ئەو پەڕی. ٩ جار پاتە بۆتەوە. (ر)سوک ٣جار پاتە بۆتەوە، بە هەردووکیان ١١جار پاتە بوونەتەوەو بەشێکی بەرچاوی مۆسیقای ئەم کۆپلە شیعرەیان دابینکردووە.

– دووبارە بوونەوەی دەنگی(ز):تەنها لەم دەربڕینە:زۆر، ڕازاوەی، ئەم ڕازە. ٣جار پاتە بۆتەوە.

لەسەر ئاستی شیعرەکە، دوا نیوەدێڕی کۆپلەی یەکەم لە دوا نیوەدێڕی کۆپلەی چوارەم بە دەسکارییەوە دووبارە بۆتەوە، لە کۆپیلەی یەکەم: تاقە پرشنگێکی چاوت ئەو پەڕی ئاواتمە. لە

نیـوەدێڕی کۆتـایی کۆپلـەی چـوارەم: گـوێ بـۆ ئـەم ڕازە شـلکەی، ئەوپەڕی ئاواتمە. کەواتە: ئەو پەڕی ئاواتمـە. وەکو گرێیـەک لـە سـەر ئاسـتی شـیعرەکە پاتـە بۆتـەوە. لـە سـەر ئاسـتی شـیعرەکەش ٥ جار ناوی فاتمە پاتەکراوەتەوە.

عەزیز گەرد لەبارەی بزوێنی کورت و درێژەوە دەڵێ: ((ئەگـەر بزوێنـە درێژەکـانی(ا،وو،ۆ،ی،ێ) زۆر دووبـارە بکرێنـەوە ئیقـاعی شـیعرەکە خاودەبێتـەوە، چونکـە بزوێنـی درێـژ کـاتی زیـاتری دەوێـت لـە چـاو بزوێنی کورت، بەڵام بزوێنی کورت(ە، و) ئیقاعی شیعر توند دەکـەن، چونکـە گۆکردنیان کـەم دەخایـەنێت و زوو دەگوازرێتـەوە بـۆ بڕگـەی داهاتوو)(گەردی، ١٩٩٢: ٦٥) بۆیە دەبینین لە سـەرەوای شـیعرەکە زۆربـەی دەنگـەکان بزوێنـی درێـژن و لـە نـاوەخنی شـیعرەکەش بزوێنـی درێـژ زۆرە، بۆیـە ئیقـاعی شـیعرەکە نـەرم و خـاوە، کـاتێ لەلایـەن عـەلی مەردانـەوە کراوەتـە گـۆرانی بـەڕیتمێکی خـاو وتوویـەتی، چونکـە پێکهاتـەی شـیعرەکە وایـە. لـە هـەمان کـاتیش بـە مەبەسـت خـاوتری کردۆتەوە، بۆنموونە، (فاتمە)ی کردووە بە فاتیمـە، واتـا بزوێنـی دێـژی (ی)بۆزیـادکردووە، نـەبرەی خسـتۆتە سـەر دەنگـی بزوێنـی(ا) لـە دەربڕینـەکانی: یەزدانییـە، گۆرانییـە...وا هەسـت دەکرێ (ا) دوو دانـەی تری لەسەر بارکراوە، بەوەش ڕتمەکە خاوتر بووە. لە گۆرانی وتن ئەو حاڵەتانە زۆرن، بۆ نموونە سەیری ئەم دێڕە شیعرە بکەن کە بـەم شێوەیە:

چەندی گەڕام لە شاران

نەمدی کەس وەک تۆ جوان بێ...کە دەبینین (٧)دەنگی بزوێنی کورت و (٨)دەنگی بزوێنی دێژی تێدایە کەچی هۆمەر دزەیی گۆرانی بێژ

زۆر بەخاوی گوتوتییەوە لە بەر ئەوەی دێڕەکەی بەم شێوەیە گۆ کردووە:

چاندی گاڕام لە شاران

نامدی کەس وەک تۆ جوان بێ

واتا سێ جار دەنگی (ە)کە بزوێنی کورتە، کردوویەتی بە بزوێنی (ا)دێژ و دەقەکەی خاوتر کردۆتەوە.

**ئەنجام:**

١. شیعری چەپکەگوڵێک بۆ ست فاتمە، بەکێشی (ڕەمەڵی هەشتی مەحزوف)نووسراوە، وشە سەرواوادارەکان ڕەوی و پش ڕەوییان هەیە، لە پاش ڕەوییەکان، کۆپلەی یەکەم سێ دەنگی پاش ڕەوی هەیە، کۆپلەی دووەم دێڕی یەکەمی دوو دەنگی پاش ڕەوی هەیە، دێڕی دووەم پێنج دەنگی پاش ڕەوی هەیە، دێڕی سێ یەم و چوارەمیش دوو دەنگی پاش ڕەوی هەیە، بۆیە وشە سەرواوادارەکان زۆر مۆسیقی و خۆش دەبیسترێن. وشە سەرواکان زۆربەیان لە شەش پیتی هاوقافییە پێکهاتوون.

٢. دەنگی (أ)لە کۆپلەی یەکەم (٢١)جار پاتە بۆتەوە.لە کۆپلەی دووەم (١٢)جار پاتە بۆتەوە، لە کۆپلەی سێیەمدا، (١٨)جارە پاتە بۆتەوە. لە کۆپلەی چوارەم (١٨)جارە پاتە بۆتەوە. لەسەر ئاستی شیعرەکە دەنگی (أ) (٦٩)جار پاتە بۆتەوە. کەواتە دەنگی بزوێنی دێژی (أ)زۆر دووبارە بۆتەوە، لە قافیەکانیش، بزوێنی درێژی: (ی)لە زۆربەیان دووجار هاتۆتەوە. بۆیە مۆسیقای دەقەکەی نەرم و خاو کردۆتەوە.

٣. شاعیر لەم شیعرەدا وێنەی نوێی خستۆتە ڕوو، هەر لە چواندنی بەژن و بالا بە پەیکەری یۆنانی، کە پێش ئەو زیاتر بە عەرعەر و چنار و هەنار جوێندراوە، پاشان شێوازی هەست گۆڕکێی بەکارهێناوە لە چواندنی لار و لەنجە بە مۆسیقا و بەستەو گۆرانی، واتا شاعیر زمانێکی پڕ جوڵەی بەکارهێناوە.شیعرەکە بە هەستی بینین و بیستن و بۆنکرن وەردەگیرێت. هەستی بینین بەشدارییەکی زۆری هەیە، لەدوای ئەوە هەستی بیستن، هەستی بۆنکردنیش یەک جار بەکارهاتووە، واتا لە پێنج هەستەکەی مرۆڤ سێیان بەکارهاتوون.

٤. هەستی ڕۆمانسی و کەتواری تێکەڵ کردووە، لەڕووی ڕۆمانسییەوە وەسفی جوانی ست فاتمە دەکات، دواتر بەدیدێکی ڕیالیزمی واقعی کێشەی هەژاری و دەوڵەمەندی دەخاتەڕوو.

٥. کاتێ لەلایەن هونەرمەند عەلی مەردان ئەم شیعرە کراوەتە گۆانی زیاتر چووە نێو دڵی بیسەرانی و بە دەنگ و ئاواز کالای بەبەر بالا دابڕا و هەوادار و شەیدایانی زۆر بوو.

٦. لەڕووی مۆسیقای ناوەکییەوە گرنگییەکی زۆری بە مۆسیقای ناوەکی داوە، لە دووبارە بوونەوەی دەنگەکان، بەلام لە دووبارە بوونەوەی  وشە کەمتر گرنگی بەم لایەنەوە داوە، لە دووبارە بوونەوەی وشە لە ئاستی ستوونی ناوی ( فاتمە ) پێنج جار پاتکراوەتەوە، (چاو)(بەتەنها) دووجار هاتوون.

٧. زمانی ئەم شیعرەی هەردی زمانێکە ئاوێتەی واقیع و خەیاڵ و سۆز و نەستە، بۆیە لە کاتی شیکردنەوەی دەقەکە لەڕووی

زمـان و وێنـەوە، ئـەم ڕەگەزانـەش بەسـەر کراونەتـەوە و شێوازی نووسینی شیعرەکە خراوەتەڕوو. هەروەها زمانێکی کوردی پەتی بەکارهێناوە دوور لە وشەی بێگانە.

## ژێدەرەکان:

### یەکەم: ژێدەری کوردی:

#### أ- کتێب:


١. ئەحمەد، خورشید ڕەشید، ١٩٨٩،ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنوەی کوردی، بەغدا.

٢. ئەحمەد، سافیە محەمەد(د)، ٢٠١٣،لادان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٣. ئەحمەد، محەمەد نوی، ٢٠٠٢، ئەلف تێکست–رەخنە، چ١، چاپخانەی داناز، سلێمانی.

٤. ئەحمەد، پەخشان عەلی، ٢٠٠٩، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٥. بۆرەکەیی، سدیق، ٢٠٠٨، مێژووی وێژەی کوردی، ب٣،چ١، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٦. حوسێن، نزار محەمەد، ٢٠٢١، شێوازی زمانی شیعری لە شیعرەکانی جەوهەر غەمگیندا، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٧. خەزنەدار، معروف، ١٩٦٢، کێش و قافیە، چاپخانەی الوفاء، بەغدا.

٨. فەتاح، ڕزگار عومەر، ٢٠٢٢، تێزی دکتۆرا، بەشی کوردی، زانکۆی سۆران. سۆران.

٩. عەزیز، شەرمین ئیبراهیم، ٢٠٠٦، پەشێو و تازەکردنەوە لە شیعری کوردیدا، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.

١٠.عیسا،هاوژین صلیوە،٢٠١٠، بنیاتی وێنەی هونەری لەشیعری شێرکۆبێکەس دا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١١.کاکەی فەللاح، ١٩٧٨، کاروانی شیعری نوێی کوردی، ب١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

١٢.گەردی، سەردار ئەحمەد حەسەن، ٢٠٠٤، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردی دا(١٩٧٠-١٩٩١)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٣.گەردی، عەزیز، ١٩٩٢، سەروا، چ١، دەزگای ئاراس، هەولێر.

١٤.گۆران، دیوانی گۆران،١٩٨٠، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، ب١، مطبعه المجمع العلمی العراقی، بغداد.

١٥.الماضي، شكري عزيز(د)، و. د. سەردار ئەحمەد گەردی، ٢٠١٠، تیۆری ئەدەب، چاپخانەی ماردین، هەولێر.

١٦.شڵتر، دوان، و. ڕێبوار ئەحمەد، ئەدلەر و سایکۆلۆژیای تاکەکەسی.

١٧.قتوس، بەسام (د)،و. د. محەمەد تاتانی،٢٠١١، دەروازەیەک بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، چ١، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

١٨.محەمەد، محەمەد عوسمان، ٢٠١٧، ڕوخساری شیعری هێمن لە دیوانی ناڵەی جودایدا، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

١٩.میراودەلی، کەمال، هەردیو ڕۆمانسیزمی خود،چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی،کەرکوک.

٢٠.هـەردی، ئەحمـەد، ١٩٨٤،ڕازی تـەنیایی، چ٢، بەڕێوەبەرایـەتی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.

**ب. دیدەنییەکان:**

١. دیدەنی هاوژین صلیوە لەگەڵ شێرکۆبێکەس، سلێمانی، ڕۆژی سێ شەم، ٢/٨ / ٢٠١٠.

٢. دیدەنی هاوژین صلیوە لەگەڵ د. عزەدین مستەفا ڕەسوڵ، کۆیە، ڕۆژی سێ شەم ٢٠١٠/٢/٢٣.

**دووەم: ژێدەری عەرەبی:**

١. بیرجیرو، ت.د. منذر عیاش، ١٩٩٤ الاسلوب الاسلوبیة،الرکز القومي، بیروت.
٢. الحمداوي، جمیل، ١٩٩٧، السیمیوطیقا و العنونة، مجلة عالم الفکر، عدد٣، الکویت.

**سێیەم: ژێدەری فارسی:**

١. زیبایی شناسی چیست؟
/https://www.honarist.com/2020/11/26/aesthetic
٢. حسین هاشم نژاد، سید جواد نعمتی
https://jop.ut.ac.ir/article_35804.html
٣. http://tahoor.com/fa/article/view/112125
٤. https://research.iaun.ac.ir/pd/fanaie/pdfs/UploadFile_9256.pdf

## ملخص البحث

عنوان بحثنا: علم الجمال في الشعر(چەپکە گولێک بۆ ست فاتمه)للشاعر احمد هردي. هدف البحث تحليل جانب من استاتيكا لهذا الشعر. منهج البحث: منهج وصف تحليلي. مكونات البحث، يتكون من فصلين، كل منها تتكون من عدت مباحث:

فصل الاول يتكون من ثىثة مباحث:

مبحث الاول: مصطلح و مفهوم استاتيكا

مبحث الثاني: اسباب كتابة الشاعر لهذا الشعر

مبحث الثالث: استاتيكية الشعر في النظرة الشعراء والكتاب

والفصل الثانى يتكون من مبحثين:

مبحث الاول: استاتيكية اللغة و صورة الشعرية لهذا النص

مبحث الثانى: استاتكية الموسيقا لهذا الشعر.

وفي الختام ذكرنا عدة نتائج، وذكرنا المصادر التي استعملناها.

## Abstract

The title of the research: Aesthetic in a poem of abunch of flower to mrs. Fatima Hardy.

The aim of our study is to exhibit the beautification side of this poem that analyzed in all aspects.

The method of the research: method of descriptive analyzation has been used. The structure of research: consists of two chapters.The first chzpter contains thre setions: first section: The term of Aesthetic. Second section: The reason behind writing this poem.

Third section: The aesthetic of the poem from the poets and writers point of view.

The second chapter contains two sections first section: Aesthetic language and poem image in the text. Second section: Aesthetic music in the poem.

# ڕەنگدانەوەی کەلەپووری میللی لە شیعری گۆراندا

کلیلە وشەکان: key words

Goran گۆران، Poetry شیعر، کەلتووری کورد Kurdish in culture
folkloreفۆلکلۆر

## کورتەی باس:

شیعرەکانی گۆران هەڵقوڵاوی زمان و کەلتووری کوردین، بەڵام متوربەی کردوون بەکەلتوور و ئەدەبیاتی جیهانی، بۆیە هەمیشە بۆن و بەرامەی خۆماڵی بوونیان لێدێ و کاریگەری کەلەپووری کوردی بەسەرەوەیە، بەڵام زیرەکانە شتەکانی وەرگرتووە و ڕەنگ و ڕووی نوێی پێبەخشیون. لە هەمان کات زیرەکانە کەلەپووری میللەتی کوردی گواستۆتەوە نێو شیعرەکانی و پاراستوویەتی. ئەو وەسفانەی کە گۆران کردویەتی زۆر واقیعی بووین و بۆیە نەک هەر تەنها سوودی لە گۆانی و شیعر و پەندی پێشینان و ئیدیۆم... وەرگرتووە، بەڵکو سوودی لە هەڵسوکەوت و کەسایەتی و چۆنەیەتی ژیان و بیرکردنەوەی نەتەوەی کوردیش وەرگرتووە.

**پێشەکی:**

توێژینەوەکەمان لە ژێر ناونیشانی(ڕەنگدانەوەی کەلەپووری میللی لە شیعری گۆران)دایە. هۆی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەوەیە: گۆرانی شاعیر گرنگییەکی زۆری بە کەلەپووری کورد و کەلەپووری بێگانان داوە و کەسێکی ڕەچەشکێن بووە و سوودی لە کەلەپوورە جیاوازەکان بینیوە، ئێمەش حەزمان کرد، سەبارەت بە ڕەنگدانەوەی کەلەپووری میللی کورد توێژینەوە لە شیعرەکانی بکەین، چونکە پێشتر زۆر شیعرەکانمان خوێندبووەوە و ئەو بنەمایانەمان ڕەچاو کردبوو.

سنووری لێکۆڵینەوەکە: سەرجەم شیعرەکانی گۆران کراونەتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە و ئەو نموونانەمان هەڵبژاردووە کە چوارچێوەی توێژنەوەکەمان دەگرێتەوە.

ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: ورد بوونەوە و قوڵبوونەوەیە لە شیعرەکانی گۆران، هەرچەندە توێژینەوە و نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرای زۆر لەبارەی شیعرەکانی گۆران کراوە، بەڵام باسیان لەم لایەنە نەکردووە، کە ئێمە لێی دەوێن، یان باسیان کردووەو بەیەک دوو نموونە کۆتاییان پێهێناوە، ئێمە زیاتر لێی قولبووینەتەوە، چونکە شاعیرە داهێنەرەکان شتی جوانیان بە وردەکارییەوە نووسیوە، بۆیە ئەوە هەڵدەگرێ بە لێوردبوونەوە توێژەر بابەتی نوێی لێبدۆزێتەوە.

میتۆدی لێکۆڵینەوەکە: میتۆدی دەقئاوێزانی ئەدەبی و مێژووی ئەدەبیمان گرتۆتە بەر.

ستراکتۆری لێکۆڵینەوەکە: توێژینەوەکەمان کردووە بە سێ تەوەرە.

تەوەرەی یەکەم: پێناسە و چەمکی کەلەپووری میللی. بە کورتی باسی کەلەپووری میللیمان کردووە و چەمک و مەبەستەکەمان خستۆتە ڕوو.
تەوەرەی دووەم: کاریگەری کەلەپوور لە بواری ئەدەبیاتدا: لەم تەوەرەیەدا باسی گرنگی و کاریگەری کەلتوور و فۆلکلۆرمان کردووە لە بواری خزمەت کردنی بابەتی ئەدەبی.
تەوەرەی سێیەم: ڕەنگدانەوەی کەلەپووری میللی لە شیعری گۆراندا. سەرەتا باسی دەقئاوێزان و لایەنی کاریگەری گۆرانی شاعیرمان کردووە بە کەلەپووری کورد، دواتر ئەم تەوەرەیان نۆ باسی لێبۆتەوە کە ئەمانەن: شیعری فۆلکلۆری کوردی، داستان، حیکایەتی فۆلکلۆر، ئەفسانە، ئیدیۆم، پەندی پێشینان، داب و نەریت، سروشت، واقیع. بەنموونەی شیعری جۆری کاریگەرییەکەمان خستۆتە ڕوو.
دواتر ئەنجام و لیستی ئەو سەرچاوانەی کە سوودیان لێوەرگیراوە داندران و لەگەڵ کورتەی باس بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی. هیوادارم توانیبێتم خزمەتێکی بچوون بە بواری ڕەخنەی ئەدەبی کردبێ.

**تەوەرەی یەکەم: پێناسە و چەمکی کەلەپووری میللی:**

سەرچاوەی کەلەپووری میللی هەموو بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان دەگرێتەوە لە گۆرانی و حیکایەت و پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و ئیدیۆم و داب و نەریت و داستان و ئەفسانە و بەسەرهاتی مێژوویی... کە شاعیران سوود لەو سامانە گەورەی نەتەوایەتیان وەردەگرن و بەشێوەیەکی تر بەرگی لەبەر دەکەن و ڕۆحیکی دیکەی پێدەبەخشن.(عیسا،٢٠٠٩: ٢٥٣)نزار قەبانی دەڵێ: ((کەلەپوور ئەو منداڵدانەیە کە هەموومانی تێدا پەروەردە دەبین))(نزار

قەبانی،و.تەهابابان،٢٠٠٠: ٢٠٦) کاریگەری لە ناخمان دروست دەکات، ئەدیب هەرچەندە جیهانی بێت، سەرەتا مەشاعیری و خۆیی و نەتەوەکەی خۆی دەنووسێتەوە، شۆڕدەبێتەوە بۆناو کەلتووری نەتەوایەتی، ئەدیبی ڕەسەن دەبێ وابێ، دواتر بەها کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکان و ستاتیکای نووسین، نووسینی نەتەوایەتی دەکاتە نووسینێکی جیهانی.
کامەران موکری دەڵێ: ((گەلێک جار فۆلکلۆر ئەبێتە مایەی دروست بوون و پەیدابوونی گەلێک بەرهەمی هاوچەرخ و سەرکەوتوو، ئەمەش پەیوەندی بە ویژدانی مێژووی هەموو نەتەوەیەکەوە هەیە، سیفات و خاسیەتی فۆلکلۆر کە لە کەلەپووری نەتەوایەتی هەر نەتەوەیەک تەعبیر لە هەڵکەوتنی باری مێژوویی و قۆناغی گۆڕانی ئەکات))(موکری،٢٠٠١، ل١١٥)زۆر گرنگە بناغە و بنەمای ئەدەبیات ئاویتەیەکی قوڵی کەلتوور بێ، بەڵام هەمیشە دەبێ هەست بە نوێبوونەوە لەبەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە کەلتوور ببیندرێت.
سەلاح سەعدی لە پێشەکی کتێبی ژیانی کوردەواریدا دەڵێ: ((کلتوور و زمانی هەر گەلێک پێویستی بە زیندووکردنەوەو تۆمار کردن و پاراستن هەیە.))(ڕەشاش، ٢٠١٧: ٥) ئەدەبیاتیش ئەرکێکی گەورەی پاراستن و زیندوو بوونەوەی ئەم کەلتوورەی گرتۆتە ئەستۆ، هەم لە پووکانەوە دەیپارێزێ هەم گەشەی پێدەکات، تۆ بڕوانە تەنها داستانی شیرین و فەرهاد لە شیعری کوردیدا چەندین ڕەهەند و مەدلوولی پیبەخشراوە، لای هەر شاعیرێک تام و بۆ و پێکهاتەی خۆی هەیە.

**تەوەرەی دووەم: کاریگەری کەلەپوور لە بواری ئەدەبیاتدا:**

کەلەپوور ڕۆڵی هەیە لەبواری ئەدەبیاتدا، ئەدەبی هەرنەتەوەیەک پەیوەست بێت بە کەلەپووری خۆی، تام و بۆی نەتەوەکەی لێوەدێ، چونکە ئەم کەلەپوورە کەڵکەچنی هەزارەها ساڵە، بەلاّم نوێکردنەوەی پێویستە، محەمەدی مەلا کەریم داخوازی ئەوەیەو دەڵێ: ((هەموو نووسەران و ئەدیبان، پێویستە پەند و قسەی نەستەق بۆ ڕازاندنەوەی زمانی بەرهەمە ئەدەبییەکان بەکاربهێنن.))(ڕەسووڵ،١٩٨٤: ٤٧) بەکارهێنانی ئەم بەرهەمانەش بەهیچ شێوەیەک کۆنەپەرستی نییە، بەڵکو ڕۆڵی هەیە لەڕازاندنەوەی زمان و بەخشینی جوانی بەدەقەکان، بەلاّم چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەل کەلتوور شارەزایی و سەلیقەی خۆی دەوێ. ((کەلەپوور و فۆلکلۆری نەتەوەیی سەرچاوەیەکی گرنگن بۆ نووسەر و وەرگێڕەکان، بۆئەوەی ڕەمز و هێمای لێوەربگرن و لەنێو دەقەکانیاندا بەکاریبهێنن))(ئەحمەد، ٢٠١٩: ٢١٠) زۆر جار ئەم وەرگرتنانە بە گۆڕانکارییەوە دەبن، یان ڕەهەندێکی دیکەی فیکریان دەبێ، واتا شاعیر لەبنەمای کلتوورەوە جۆرێک لە دەق ئاوێزان دەخوڵقێنی. ((هەرمیلەتێک داب و نەریتی خۆی هەیە و لەسەر هەندێ ڕێ و شوێن دەڕوا و دەست بەرداری نابێت. میللەتی کوردیش داب و نەریتی خۆی هەیە کە لە باب و باپیرانەوە گوازراوەتەوە و لە هەندێ شوێن زۆر بەوردی لەسەری دەڕۆن و باوەڕی تەواویان بەم شتانە هەیە))(گەردی، ٢٠٠٤: ٣٣٠) زۆر لە گوتراوەکان و پەندەکان، ئەزموونی ژیان دروستی کردوون و بیرتیژی داپیرە و باپیرانمانە لەئەزموون، بۆیە زۆر جار وەک دەقێکی باوەڕپێکراو لە کار و باری ڕۆژانەدا پشتیان پێدەبەستریت. هەموو بابەتە کەلتوورییەکان هەوێنی پێکهێنانی دەقی ئەدەبین، ((شوێن و

فەترەیەکی زەمەنی هەر میللەتێک وەربگرین، ئەو ماوە زەمەنییە لە خۆرا نارِوات، بەڵکو دەبێتە مێژوو و شتی لێدروست دەبێت))(المحمدي، ١٩٩٦: ١٢٩)ئەوە ججای ئەوەی کە بابەتەکە فۆلکلۆر بێت، دەبێ ئەوماوە زەمەنییە چەندبێت؟ بێگومان کەڵەکەبوونی سەدانساڵەی ژیان و ژیاری نەتەوەیەکە. ئەگەر سەیرێکی بەرهەمەکانی گرووپی ڕوانگە بکەین دەبینین سوودیکی زۆریان لە فۆلکلۆر وەرگرتووە و زۆر جوان تەوزیفیان کردووە و ڕەهەندی نوییان پیبەخشیوە.

**تەوەرەی سێیەم:ڕەنگدانەوەی کەلەپووری میللی لە شیعری گۆراندا:**

فۆلکلۆر کۆمەڵێ هونەری کۆنن لە شیعر و حیکایەت و ئەفسانە کە لە چوار چێوەی عادەت و تەقالیدی نەتەوەیەک ڕەنگ ڕێژ دەبن.( )
https://ar.wikipedia.org/wiki

دەق ئاوێزان یان کاریگەری ئەدەبی زۆر باس و خواسی هەیە بەپێی قوتابخانەکانی بەراوردی فەرەنسی و شۆشیالیستی و ئەمریکی جۆری مامەڵەکردنیان لەگەڵی جیاوازە، لایەنی هاوسەنگی ئەدەبیش بەراوردی دوو دەقی خۆماڵییە. ((چەمک و پرەنسیپەکانی دەقئاوێزان، لە جیاتی ئەمە زیاتر جەختیان لە دزی و وەرگرتن دەکردەوە. کەلتووری رۆشنبیری ئەمرۆمان خۆی لە تاک مەرزدا قەتیس ناکات، بەڵکو پەل دەهاوێژێت بۆ کلتوورە جیهانییەکان))(بەرزنجی، ٢٠٢٠: ١٦٦)، بۆیە وەرگرتنی کەلتووری خۆماڵی و کاریگەر بوون بەم کەلتوورە ئەدەبیاتی نەتەوایەتی جوان و پێشکەتووی دەکات، ((دەقئاوێزان دەلالەت و واتای تەواوی بوونی پەیوەندی نێوان دوو دەق دەگەیێنێت، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە و بوونی ئەو کاریگەرییەش بەشێوەیەکی دوولایەن دەردەکەوێ، چونکە لەنێوان دوو دەقە ئاوێزانکراوەکەدا جۆرێک لە پێویستی هەیە کە لەلایەن دەقە بەرهەم هاتووەکەوە هانای

بۆ دەبرێت و لەلایەن دەقە بنەڕەتییە ئاوێزانکراوەکەشدا جۆرێک لە وەڵامدانەوە هەستی پێدەکرێت بۆ تەواوکردنی واتای دەقە بەرهەم هاتووەکە))(ئیبراهیم، ٢٠١٧: ٥٧٩)ئەگەر بە شێوەیەکی کارامە دەقئاوێزانەکە دروست بووبێ دەبێتە داهێنان، چونکە لەبەر ئامێزی دەقێک دەقێکی دیکە لەدایک دەبێت. هەڵبەتە ئێمە سنوورەکەمان بەرتەسک کردۆتەوەو تەنها پەیوەستمان کردۆتەوە بە فۆلکلۆر و کەلتووری کورد، ئەگەر نا گۆران سوودی لە کەلتوور و ئەفسانە جیهانییەکانیش وەرگرتووە.((دەقئاویزان سیمایەکی دیاری دەقە بەو پێوەرەی دەق ڕەگ و ڕیشەکەی تێکەڵە بەدەقی تر و هیچ دەقێکیش لە هیچەوە دروست نابێت))(س.پ.ل١٦٨)ئەو شاعیرانەی بەبەردەوامی بەرهەمی شاعیرانی تر و بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان دەخوێننەوە دەکەونە ژێر کاریگەری ئەوانەوە، بەڵام وەرگرتنی زیرەکانەی ئەم دەقانەو هەڵمژینی بیر و ڕا و ناوەخنیان شتێکی گرنگە. ئیمە بۆچی دەخوینینەوە؟ بۆئەوەی زانیاری وەربگرین. کە زانیاریمان وەرگرت لەکاری ڕۆژانە و لە نووسینەکانمان ڕەنگ دەدەنەوە. ((لایەنی ئەفسانەیی یەکێکە لەو لایەنە گرنگانەی هۆنیاری هاوچەرخ زیاتر لە هۆنیاری کۆن سوودی لێدەبینێ))(گەرمیانی، ٢٠٠٠: ٢٠٥) گۆران زۆر بەوردی کاری لەبارەی ئەفسانەکان کردووە و زیرەکانە شیعرەکانی خۆی پێڕازاندۆتەوە. کەلەپووری میللی سەرچاوەیەکی گرنگی شاعیران بووە، بۆیە لە زانستی دەقئاوێزاندا بەواتای بوونی دەقێک لە دەقێکی تردا، یاخود کاتێک خوێنەر دەقێک دەخوێنێتەوە، هەست بەوە دەکات ئەم دەقە بەدەقێکی تر دەبەستریتەوە، یاخود بلێین سەربەجیهانی بابەتێکی فۆلکلۆرە(مەحموود،٢٠١٢: ١٦) د. شنۆ محەمەد دەڵێت: ((جۆرێک لە نزیک بوونەوە و لێکئالان لەنێوان شیعری گۆران

و چەند نموونەیەکی شیعری جیهانی و فۆلکلۆر و بەیتی کوردیدا سەریهەڵداوە، واتا پەیوەندییەکە لە چوارچێوەی دەقئاویزان ڕوویداوە))(س.پ. ل٢٠١)هەرچەندە ئاماژەی بەوە داوە، بەلاّم لەتەواوی تێزی دکتۆراکەی تەنها لەتەوەرەی دەقئاوێزانی شیعری گۆران لەگەڵ ئەفسانەی کوردی وەرگرتووەو تەنها دەقێکی لەبارەی ئەژدەهاک هێناوەتەوە، لایەنەکانی تری کەلەپووری میللی گۆران فەرامۆش کراوە. بڕوانن لەم چەند وێستگەیەوە گۆران سوودی لە کەلپووری کورد وەرگرتووە.

**١.شیعری فۆلکلۆری کوردی:**

شیعری فۆلکلۆری کوردی کەڵەکەچنی هەموو ئەو شیعرانەن کە لە باباب و باپیران و دایک و داپیرانمانەوە بۆمان بەجێماون و بوونەتە موڵکی گشتی نەتەوەیەک، کە شیعرەکان بە زمانێکی سادە دەربڕدراون و گوزارشت لە ژیانی خەڵکی ئەو سەردەمە دەکەن.

گۆران لە شیعرێکدا دەڵێ:

کانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو
لەبنیا بلەرزێ مرواری زیخ و چەو (گۆران،١٩٨٠: ٤٦)

گۆران لە شوێنێکی شیعری (ئەنجامی یاران)دا دەڵێ:

لە کانی و پلووسکی ژێر سێبەری دار،
کە زیخی مرواری و ئاوی وەک زیوە؟(گۆران،١٩٨٠: ٣٤٧)

لە شوێنێکی دیکە دەڵێ:

ئاوم خوارد، سرنجم دا لە باسکی ڕووت،
پووزی هەڵکراو
لەسەر وردە زیخی مرواری و زمڕووت
وەک مەڕمەڕ تاشراو...(گۆران،١٩٨٠: ٣٤٩)

ئەوەی جێی مەبەستە چواندنی زیخ و چەوی بن ئاوی کانی بە مرواری، زمڕووت، ئەم درەخشانەوە و جوانییەی زیخی نێو ئاو جا لەبەر تریفەی مانگەشەو بێت، یا لەبەر تیشکی خۆرەتاو، ئەم جۆرە بیرۆکە و وێنەیە لە شیعری فۆلکلۆر بەم شێوەیە بەرچاو دەکەوێ:

کانیەکەی بەرماڵ زیخ دانەدانە

ئامۆزا گیان

یارم دانیشتووە و سولفەکا شانە

ئامۆزاگیان...(hawler.ts کانییەکەی بەرماڵ زیخ دانەدانە)

ئەوەی لە هەردوو شیعرەکە دەبیندرێ، کانی و جوانی زیخی ناو کانییەکەیە، کە لە هەردوو شیعرەکەش وەسفی جوانییەکەی دەکرێ. لای گۆران درەوشانەوەی زیخەکەیەو بەمرواری چواندووە، لە شیعرە فۆلکلۆریەکەش پیشاندانی جوانی کانییەکەیە بە زیخەکەی بنییەوە.

شاعیر لە شیعری (مەحکەمەی مام چەوەندەر)کە شیعرێکی تەنزئامێزی شانۆییە و لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٥٣ نووسراوە و دەڵێ:

-ناوت چییە.

-مام چەوەندەر...

-لەکوێوە دێی؟

– لە دەشت و دەر...

– بە چی هاتی؟

– بە پشتی کەر...

– کێ هانیتی؟

– لالە ڕنجدەر

– چۆنی هانیت؟

- بەدەردی سەر..
- بۆکێی هانیت؟
- ئاغای سێبەر..
- ئاغا چی وت؟
- ئیلا کێزەر!
کەڵکی نەگرت
تکای ڕەنجدەر،
بەر شەقیان دا
دەستەی نۆکەر:
ئیلا گێزەر
ئیلا گێزەر(گۆران، ١٩٨٠: ٣٧٣-٣٧٤)
لە گۆرانی منداڵانی فۆلکلۆری کوردی واهاتووە:
عەلی بان بان بان
- منداڵەکان بۆکێ چوون؟
- بۆباغی میری
- بەچی چوون؟
- بە عەرەبانە
- چەند پێچکەبوو؟
- سەت
- چەندی من و چەندی تۆ؟
- پەنجای من و پەنجای تۆ
- بوکەکەمان ناوی چییە؟
- مینا خان
- بە دۆر یان بە زووڕنا

– بە دۆر و زوورِنا
– ڕیورِیورِیو... بم بم بم... (دیدەنی لەگەڵ بەفرین عەزیز، لەدایک بووی ١٩٥٤)
بنـەمای هـەردوو شـیعرەکە پرسـیار و وەڵامـە، لـە هەردووکیشـیان پرسـیارەکان و وەڵامـەکان کـورتن و هـەردوو شـیعرەکەش جـۆری کورتن، لە هەردوو شیعرەکە بنەمای شیلەبزەبەخش و تەنز و پێکەنین دەبینـین، کێشـەکەیان لێکنزیکـە و هەسـت بـەو پێکچوونـە دەکـرێ. تەنانەت لە هاتن و چونیان کە ئەوەی گۆران بەپشتی کەرە، ئەوەی فۆلکلۆرەکە بە عەرەبانەیە، کە دەشێ هەر عەرەبانەی کەربێت. ئەوەی گـۆران گفتووگۆیـە لەگـەڵ کەسـێک بـەناوی مـام چەوەنـدەر، ئـەوەی فۆلکلۆرەکە گفتووگۆیە لەگەڵ عەلی بان.

**٢.داستان:**

داسـتان ئـەو سەرگوزشـتانە دەگرێتـەوە کـە سەرکەشـی و بەگژداچوونەوەی موستەحیلە، ئەوانیش دەبنە چەند بەشێکەوە، وەک داسـتانی دڵـداری، داسـتانی قارەمانیـەتی، لـە داسـتانی دڵدارییـەکانیش هەسـت بـە قارەمانیـەتی کارەکتـەرەکان دەکـەین، هەنـدێ جـار هەیـە شاعیر تەواوی داستانێک یان بەشێکی داستانێکی میللی دەخزێنێتە نێو دەقێکـی ئـەدەبی، زۆر جـاریش هەیـە وەک و ڕەمـز تـەنها ئامـاژە بـەناوەکان دەکات. گۆران لـەم شـیعرەی خوارەوە نـاوی مـەم و زیـن دەهێنێ، وەک ڕەمزی دوو دڵداری جەسوور و بەمراد نەگەیشتوو.

گۆران دەڵێ:

کاکەمەمێ، خاتووزینێ...
ئەوسا بەستەی بێ خەمیمان
چ هی پێنووس، چ دەمیمان(گۆران،١٩٨٠: ٣١٦)

**٣.حیکایەتی فۆلکلۆر:**

حیکایەتی فۆلکلۆر دەبنە هەوێنی دەقە ئەدەبییەکان و سەر لەنوێ لە ڕێی دەقێکی نوێوە کرۆکی حیکایەتێکی فۆلکلۆر دەترنجێتە نێو چیرۆکێک یان شیعرێک، شاعیر لەم نموونەیەدا تەنها شێوازی دەست پێکی حیکایەتی فۆلکلۆر لە شیعرەکەی بەکار دەهێنێ، چونکە حیکایەتەکان، بە هەبوو نەبوو دەست پێدەکەن، لە دەقە فۆلکلۆرییەکان بەم شێوەیەیە: (هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو)، کەچی شاعیر بەکاریگەری دەربڕینێکی فۆلکلۆر ڕەهەندێکی دیکەی بە شیعرەکە بەخشیوە، شاعیر لە دەست پێکی شیعری (بت بتەوان)دا دەڵێ:

ڕابووردوو

هەبوونەبوو

سەردەمی زوو

بت بتەوان

پیرە شەیتان...(گۆران، ١٩٨٠: ٢٨٢)

شاعیر بەسوود وەرگرتن لەفۆلکلۆر لەدوای هەبوو نەبوو باسی بت و شەیتان دەکات، لە دەقە فۆلکلۆرییەکان، لەدوای هەبوو نەبوو ناوی خودا دێت.

**٤.ئەفسانە:**

ئەفسانە ڕەگێکی قوڵی مێژوویی هەیە، بیرفراوانی مرۆڤە بۆشتەکان، بۆئەوەی لە ڕێی خەیاڵفراوانییەوە تەعبیرەکانی خۆی دەرببڕێت. ((ئەمانە بەرهەمی کۆنەستی مرۆڤن هەڵگری تێڕوانینێکی تایبەتن))(سیوەیلی، ٢٠١٦،٣٢٤)بۆ ژیان و باسکردنی کۆمەڵێ بوونەوەر و شتی نەبیندراون د. عەبدوڵلا خدر مەولوود ئاماژەی بەم وشە و

لاپەڕانەکردووە، لاپەڕەکان مەبەست دیوانی گۆرانە کە ساڵی ١٩٨٠ چاپکراوە و بەم شێوەیە خستۆتییە ڕوو: ((نەورۆز ل٩، تەلیسم ل١٠، سیحر ١١، پەری١٩،ئەفسوون، ئەفسانە٣٧، جانەوەر٤٣، هوما، حۆری ٦٣، حیکایەت٦٨،عفریت٧١، خاریق ٧٤، دێو ١٢٩، ح.عیس١٦٨، لووت ١٨٥، ئیبلیس١٩٦، ئەهرەمەن٢٠٧، درنج٢٣٦، دەعبا، حووچ٢٥٠، ئەژدەهاک٢٦٨، کاوە٢٦٩، مەجنوون٥٤١))(مەولوود،٢٠٢٢: ٢١٠) لە هەموو ئەو نموونانەی هێناویەتی شیعرەکان ڕەهەندی ئەفسانەیان تێدایە و سوود لە ئەفسانەی خۆماڵی وەرگیراوە، بۆیە یەکە یەکە نموونە شیعرەکان ناهێنین، گۆران نەک تەنها سوودی لە ئەفسانەی خۆماڵی وەرگرتووە، بەڵکو سوودی لە ئەفسانەی جیهانیش وەرگرتووە، لەزۆر شوێن باسی: ڤینۆس و خوای شەڕ و ئەفسانەکانی یۆنانی کردووە، بەڵام ئێمە تەنها وابەستەی ئەفسانەکانی خۆماڵین.

گۆران لەدێرێکی شیعری(ئەڕۆی ئۆغەر)دا دەڵێ:

لە لای خەلقی گەدایە گەردی ژێر پێی مولکی دڵداری

بە سایەت وەک(هوما)تاجم لەسەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغەر؟(گۆران، ١٩٨٠: ٦٣)

لە دێرێکی شیعری (تاوێ نەگەڕا)دا دەڵێ:

دەخیلت بم هومای زولفەینی دلبەر

بەسەر سەرما بکێشە فەیزی سایەت!(گۆران، ١٩٨٠: ٦٩)

شاعیر لە شیعری گوڵە برایمەگری گری چوینە غەزای ناوگاوی، ئاماژەی بەوە کردووە کە لە فۆلکلۆری کوردی وەریگرتووە، ئەوەتا دەڵێ:

ئازادی خواز گری گری

کەوتە ژێر پێی درنج و پەری (گۆران، ١٩٨٠: ٢٣٦)

لەگەڵ سوپای وردە درنج

دایانە بەر دەشتی برنج(گۆران، ۱۹۸۰: ۲۳۹)

ئازادی خواز! گری..گری..

کەوتە ژێر پێی درنج و پەری(گۆران، ۱۹۸۰: ۲٤۱)

خۆت توند بگرە، ئەی ئیستیعمار!

ئەهرەمەنی جەور و ئازار..(گۆران، ۱۹۸۰: ۲٥۰)

مرقی خۆش کردووە ئەم دەزگا جوانە

خاپوور کاو، بایەقوش تیا بگرێ لانە!

بەڵام ئەی باڵداری سپی ئاشتی!

دووبارە پێت ئەڵێم گەرچی پێم وتی(گۆران، ۱۹۸۰: ۲٦۰)

گۆرانی لە شیعری (زندانی ئەژدەهاک)دا دەڵێ:

ئەژدەهاک! زیندانت قەڵا قەڵایە

دیواری کۆنکرێت دەرگای پۆڵایە(گۆران، ۱۹۸۰: ۲۷۸)...

لە شوێنێکی دیکە دەڵێ:

عەباکەم لە سەر داماڵی،

لێی نەئەهات دایکی ئاڵی

گرتم خستم وەک دەڵە دێو،

تفم لێکرد، پێم دا جنێو(گۆران، ۱۹۸۰: ۲۹۰)

ناوهێنانی دێو و دەڵەدێو و درنج و هوما ئەژدەهاک...ئەمانە هیچی بەچاو نەبیندراون و شتی ئەفسانەین، دێو درنج و ئەژدەها شتی ئەفسانەیی ترسناکن، بەڵام هوما باڵندەیەکی ئەفسانەییە کە خێر و خۆشی بە مرۆڤەکان دەبەخشێ.

دکتۆر عەبدوڵڵا خدر مەولوود لە کتێبی، فۆلکۆر لە شیعری کوردیدا، دوو لاپەڕەی بۆ گۆرانی شاعیر تەرخان کردووە، ئەم نموونەیەی هێناوەتەوە:

ئەم عێراقە
دورگەی واق واقە!(گۆران:٣٩٦)

بەم شێوەیە شی کردۆتەوە: ناوی واق واق: جەزیرەیەکە لە چیرۆک و ئەفسانەکاندا شتی زۆر عاجباتی لیدەگێڕنەوە، لە کۆندا بە ژاپۆنیش گوتراوە واق واق(مەولوود، ٢٠٢٢: ٢٠٩)دورگەی واق واق و شاری جابلوقا و قولەی قاف... کە شێخ ڕەزاو چەندان شاعیری تر بەکاریان هێناون، هەمووی شوێنی ئەفسانەین.

**٥. ئیدیۆم:**

ئەو وتەو فرێز و ڕستانەن، کە هێندە وتراونەتەوە، بونتە قالبێکی حاز و ڕستەیەکی حازر لەکاتی قسەکردن دەگوترێن، بۆنموونە کە دەوترێ: لووس و باریک بۆی دەرچوو. یان دەگوترێ: سەری دا لەبەرد، دەست کورت، زمان درێژ...ئەمانە ئیدیۆمی کوردین، وەکو بابەت و ڕستە، ئیدیۆم دەستەواژەی کوردەواری، ئەمانەش لە وێنەی دێرەکاندا هاتوون: ((جریوە و جوکە ل٩، هەزار بەهەزار١١، دەخیلی تۆم ١٤، هەموو کێ یێ کوڕی کێ٣٢، دێوجامە٣٧، ڕێشکە و پێشکە٥٤، سەعات فڕی٥٥، لە تەوقی سەر تا بەرپێ٥٧، دەک لاڵ بم٩٢، میزاجی کوردەواریم تێکچووە١٢٠، سەلامون عەلەیک١٢٨، ئاخ بە با ئەدەین بۆ دنیای فانی١٣٣، لە دووری کەروبار، ڕۆژ ڕمێک بەرز بوو١٣٨، کورت و پڕ ١٤٣، بەردەبازم کەللەیە١٨٦، وەک ئاگر هەڵچوو١٨٧، دەعبای ناو ئەشکەوت١٩١، ژێر چەنەی خەفەت٢٠٦، لات و برسی٢٤١، داو دەرمان، سەگ نایخوا٢٥٥، دوازدە مانگ بەهار٢٥٦، چڵکاوخۆر، هەموو لەش چاون٢٥٧، لە ژێر پێڵاوی دوشمنا٢٦٦، پەڕی باڵی دەردێنن٢٧٨، هەبوو، نەبوو، ٢٨٢، لاپەڕەی کۆنی عومرە٣٣٩، قسەی نەستەق٣٤٠، دەردی بێ دەرمان٣٥١، قوززەڵقورت٣٧٦، خۆت

بەس کەرکە٣٩١، گوێی هونەرتان بردووە٥٤٣))(مەولوود،٢٠٢٢: ٢٠٩-٢٠١٠)هەموو ئەو دەربڕینانە پێشتر بەکار هاتوون و ئێستاش بەکار دێن و بووین بە ئیدیۆمی کوردی، گۆرانی شاعیر سوودێکی زۆری لێبینیون و لە شیعرەکانیدا بەکاری هێناون و زمانەکەی خۆی پێدەوڵەمەند کردووە.

### ٦. پەندی پێشینان:

هەموو ئەو وتە بەنرخانەن کە پشت بەستن بە ئەزموونی ژیان، واتا چیرۆکێک بەسەرهاتێک ئەزموونێکی لەپشتە بۆتە پەند و خەڵک لە شوێن و مەبەستی قسەکردن بەمەبەستی بەهێزکردنی قسەکانیان و بەتوێکڵ کردنی قسەکانیان بەکاری دەهێنن.(( پەندی پێشینان بریتین لە چەند قسەیەکی کورتی کوردی کە واتایەکی بەرزیان هەیە، ئەم پەندانە لە ڕۆژگارێکی زۆر کۆنەوە بە کەلەپوور بۆمان ماوەتەوە))(بۆرەکەیی، ٢٠٠٨: ٣٦)

گۆران لە شیعری (جوانی بێناو)لەم دێرەدا دەڵێ:

لە تەختێک هەڵدەستێ هەزار و یەک نەغمە

ئەوەیان شیرینتر دێتە گوێم زۆر نزمە!(گۆران،١٩٨٠: ٤٦)

لە پەندێکی پێشینانی کوردی واهاتووە: ((دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە)). پێکچوونێکی زۆر لەنێوان هەر دوو دەربڕینەکە هەیە، بەڵام گۆران زۆر بلیمەتانە سوودی لەو پەندە وەرگرتووە، ئەگەر زۆر لێی ورد نەبیتەوە سەرەداوەکەت بۆ نا دۆزرێتەوە. ئەوەی گۆران باسی دەکا، ئامێرێکی پێشکەوتووی مۆسیقایە، جا ئۆرگە یان قانوون، یان هەر ئامێرێکی دیکە، کە چەندان ئاوازی لێهەڵدەستێ، بەڵام بەلای گۆرانەوە ئەوەی زۆر نزمە ئەویان نەرم و خۆشە. دەنگی دەهۆڵیش لەدوورەوە ئارام بەخش و خۆشە. ئەمە مانا ڕاستەقینەکەیەتی،

ڕەهەندێکی تریشی هەیە: زۆرجار کە دەگوترێ دەهۆڵ لە دوور خۆشە. واتا بچۆرە بنج و بنەوانی شتەکان نەک لەدوورەوە بڕیار لەسەر شتەکان بدەیت، بەڵام ئەوەی گۆران هەر مەبەستی ڕەهەندی یەکەمە.

**٧. داب و نەریت:**

له شیعرەکانی گۆراندا زۆر داب و نەریتی کوردەواری دەبینین، کە زۆر بەجوانی تۆماری کردوون و وەک بەڵگەیەکی مێژوویی پێشکەشیان دەکات، ئەگەر چی لە قاوغی هەست و سۆز و خەیاڵی پێچاون، بەڵام ڕووە حەقیقەت و ڕاستییەکەی ون نەکردووە هەست بەم ئیحساسەی داب و نەرت دەکەیت، لایەنە نێگەتیڤ و پۆزەتیفەکانی داب و نەرتی کوردی خستۆتە ڕوو و نموونەی ئەم جۆرە شیعرانەی زۆرن، ئێمەش چەند دانەیەکیان دەخەینە ڕوو:

گۆران لە جومگەیەکی شیعری (بووکی ناکام)دەڵێ:

کوڕی شوانە کە ئەمەی بیست شێت بوو دایە کێو،
زەوی داگرت بەتف کردن، ئاسمان بەجنێو!
چەند جارێ شەو ماڵی ئاغای دایە بەر تفەنگ،
دەغڵی سووتان، باغی بڕی، بۆئەتک و بۆپەنگ
کلک و یاڵی چەند چارەویێ قەل کرد بە خەنجەر
بەسەری ڕانی ئاغایا داو مەڕی دایەبەر(گۆران، ١٩٨٠: ٥٩)

لە کەلتووری کوردەواری تۆڵەکردنەوە و ئەتککردنی یەکتری هەبووە، جا چ لەبەر حەسوودی، یان بەهۆی دوژمنایەتییەوە بووە، بۆنموونە لەکۆندا ئەتکی یەکتریان کردووە بەوەی، دەغڵیان سووتاندووە، خەرمانیان ئاگر تێبەرداوە، درەختیان بڕیوەتەوە. کلک و گوێی ماین و ئەسپی یەکتریان بڕیووە، بۆ نموونە کەسێک ئەسپێکی جوانی هەبووە،

کەسانی تر حەسوودییان پێبردووە، شەو کلک و گوێی ئەسپەکەیان بڕیووە، ئیتر خاوەن ئەسپ پێی شەرم بووە سواری ئەم جۆرە ئەسپە ببێت و ڕمبازی پێبکات، ((لە کۆندا ئەم عادەتە خراپە زۆر بوو، تەنانەت کلک و گوێی کەریشیان دەبڕی))(دیدەنی لە گەڵ هورمز عیسا، لەدیک بووی ١٩٥٧) لە ئێستاشدا ئەم جۆرە کەلتوورە بە شێوەیەکی تر گوازراوەتەوە و بەردەوامە، وەک ئەوەی کەسێک سەیارەیەکی جوان و باشی هەبێ پارچە ئاسنی تیژی پێدادەهێنن و شوختی لێدروست دەکەن، یان تێزاب بەسەر سەیارەکە ڕوو دەکەن. ئەوەی گۆران باسی دەکات ئەوەیە ئاغایەک دەستگیرانی شوانێکی وەرگرتووە، شوانەی بێ پشت و پەنا لەپاڵ گریان و هاوار کردن و جنێودان پەنای بۆ سوتاندنی دەغڵ و گوێ بڕینی وڵاغەبەرزە بردووە.

لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:

تا دەرچوو لە دێ تارای سووری بووک،

ڕمبازی سارد بوو، تەقە تاکو توک(گۆران، ١٩٨٠: ١٤٩)

شاعیر لە شیعری گەشت لە قەرەداغ باسی داب و نەریتی ئەوسای کوردەواری دەکات، کە بە سواری ئەسپ و ماین بووک دەگوازرایەوە، سوارئەسپەکان لە دەوری بووک و زاوا ڕمبازییان دەکرد و بە بڕنە و تفەگی ئەو کات بۆخۆشی و کەیف تەقەیان دەکرد.

گۆران لە دێڕێکی شیعری (بۆسەربازی جومهووریمان)دا دەڵێ:

بێ سەر کا وەک قۆچی قوربان

تاساوی ناو بێشکەی سووتاو(گۆران، ١٩٨٠: ٣٠١)

چاپووک سەید عومەر لەبارەی قۆچی قوربانی دەڵێ: ((لەوەوە هاتووە کاتێ کە حەیوانەکە سەردەبڕدرێت، گۆشتەکەی دەخورێ، جەرگ و هەناوی دەخورێ، پێستەکەی بۆ زۆر شت بەکار دێت، ئەوەی زۆر

بێکەڵک بووەو فڕێدراوە قۆچەکانی بووە، لەوانەیە هەندێ جار سوود لە قۆچیش وەرگیراوە، بەڵام زۆربەی کاتەکە قۆچی قوربانییەکە فڕێدراوە و فڕێیانداوەتە سەر گوفەکان، قۆچی قوربانی بەواتای: لەپێناو هیچ دێت))( عومەر، دیدەنی ٢٠٢٢/٨/١٥) گۆرانی شاعیریش سوودی لەو گوتە فۆلکلۆرییە وەرگرتووە،لە زمانی فارسی (قوچ) بەواتای بەران دێت، واتا بەرانی قوربانی، ئەشێ لەوەوە هاتبێ، چونکە حەیوانی نێر بۆقوربانی گونجاوترە.

شاعیر لە شوێنێکی شیعری (ئەنجامی یاران)دا دەڵێ:

وەنەوش:

نەء ماوە، چ مانێ؟ مێردی کردووە،

بۆ ماڵ و ژن بە ژن باوکی چرووکی

لە دێیەکی دوور

لە بەندی پیرێکی توند کرد بە بووکی،

ژاکا گوڵی سوور(گۆران،١٩٨٠: ٣٥٠)

شاعیر باسی ئەوغەدرەی ئەوکاتە دەکات لێرەدا ڕووی ناشیرینی کەلتوورێکی میللەتی کورد پیشان دەدات، کە بە هۆی ژن بەژنێوە کچێکی گەنجیان داوەتە پیرەمێردێک، کە ژیانی کچەکە یەکپارچە دۆزەخ و ناخۆشییە. شوکر ئێستا ئەم دیاردەیە زۆر کەم بۆتەوە.

**٨. سەرچاوەی سرووشت:**

مەبەستمان لەسەرچاوەی سرووشت بۆدیوە کەلتوورییەکەی ئەوەنییە شاعیر باسی چۆلەکە و دەریا و هەرشتێکی کردبێ وەریبگرین، مەبەستمان ئەوەیە سرووشتی کوردستان بە شاخ و داخ و دۆڵ و دەشت و وەرزەکانییەوە ڕەنگدانەوەیەکی کەلتووری لەبارەی چۆنیەتی ژیان و بیرکردنەوە و تەنانەت دیزاینی خانوو و بەرەو جل

و بـەرگ و هـەڵس و کـەوتی مرۆڤـی کـورد کـردووە، بۆیـە ئێمـە لـە سنووریکی بەرتەسک لەو سروشتە فراوانە ناڕوانین، بـەڵکو لـە ڕووی کەلتوورەوە لە سروشتی شیعری گۆران دەڕوانین. د. مارف خەزنـەدار دەڵێت:((بێگومان دیاردەی جوگرافی کوردستان لە کێو و شاخ و شیو و دەربەند و ئەشکەوت و دارستان و دەشت و مێرغوزار و قەڵبـەز و بەفر و باران و سەرما و گەرما هەندێ خوو و ڕەوشت و خاسیەتی لـەناو کـورددا دروسـت کـردووە، ئـەم خاسـیەتە لـە زۆر شـتدا لـە هاوسێکانی جیای دەکاتەوە و بووە بە جەوهەرێکی تایبەتی لە بوونی نەتەوایەتیدا))(خەزنەدار، ٢٠١٠: ٦٩) ئـەم سروشـتە کاریگـەری لـە دروست کردنی کەسایەتی مرۆڤەکان هەیە حجی جعفر دەڵێ: ((هـەر میلەتـەک ب هـزر و بیرەکـا دەقـا دانـن، هـەر میللەتـەک سـەخمەراتی تشـتەکی ددانیت. دیسـان هـەر میلەتـەک ب ڕێکـەکێ ددانن ئانکو هـەمی میللـەت وەک هەڤ نـادانن، نـە بـە ڕەنگـی، نـە بـە کەرەستێ دانانی، جهـێ دەق دانـانێ ژی))(جعفـر ، ٢٠١٣: ٧)شـاعیر لـە دوو هاوینەگەشـت، گەشـتی هـەورەمان و گەشـت بـۆ قـەرەداغ، لـە ڕێـی وەسـفی سروشـتەوە زۆر جـوان ڕۆچـۆتـە نێـو ژیـانی کـوردەواری و سروشـت و جوانییـەکان دەکاتە باگڕاوندی گێڕانەوەکان، چەند جومگەیـەک لـە شـیعری (گەشت لە هەورەمان)وەردەگرین.

لـە وێسـتگەی سـێیەمی شـیعرەکە، واتـا دوای وەسـف کردنـی دیمـەنی ڕێگاو بان و ڕێگای ناو باخ لە وەسفی (دێ)دا دەڵێ:

کام بەربەرۆچکە زۆر بەسەفایە
چەشنی دڵی شاد دێیە، ئاوایە!
خانووی بەگزادە لەسای درەختا
ئارامی بوکە لە کۆشی بەختا

خانی ئەهالیش زۆریان دوو نهۆم
هەندێ قنج و قیت، هەندێ لار و کۆم ..
یەک لەسەر یەکتر بەرەو لوتکەی کێو
بۆ ئاسمان ئەچن وەک پێ پلکەی دێو
لە دیدا کام جێت گەورە بەرچاو کەوت
ماڵی ئاغایە و خانەقا و مزگەوت!..(گۆران،١٩٨٠: ١٢٩)

شاعیر وەک فۆتۆگراف وێنەکانی گرتووە، کەلتووری خانوو دروست کردنی لە هەوامان پیشان داوە، باسی ئەوە دەکا کە خانووی بەگزادەکان کەوتوونەتە ناو دار و درەختە چڕەکان، خانووی خەڵکانی تر زۆربەیان دوونهۆمن و بەرەو بەرزی هەڵدەکشێن، وەک پێپلکەی دێو، گۆران دێو و درنجی زۆر لە شیعرەکانی بەکار هێناوە، کە دوو بوونەوەری ئەفسانەین و لە زۆربەی حیکایەتە فۆلکلۆرییەکان باس و خواسیان هەیە. کەسێکی بێگانە ئەم شیعرەی گۆران بخوێنێتەوە، یان کە خۆمان دەیخوێنینەوە. کەلتووری خانوو دروست کردن و تولەڕێی باریک و ئەو شێوە دیزاینانەمان دێتە بەرچاو. ئەم شیعرە پێش حەفتا ساڵ نووسراوە. ئێستا بچینە هەورەمان هەست دەکەین خانووی بە بلۆک دروست کراو زۆر بووە بەشێکی توولەڕێگاکان بە شۆفل تەخت کراون، دیزاین و شێوەی نوێی بیناسازی هاتۆتە هەورەمانەوە. کەواتە ئەم شیعرەی گۆران گەڕانەوەیە بۆ مێژوو و ڕەسەنایەتی، ئەشێ پاش چەندان سەدەی تر ئەم وەسفە و ئەو دیزاینەی گۆران باسی کردووە لە خانوو دروست کردن سوودی مێژوویی لێببیندرێت.

لە وێستگەی هەشتەمی شیعرەکەی بەناوی (کانی ژنان)ە و دەڵێت:

سەرچاوە ئاوێک: کەڵەکێک لەسەر
ژنێک تێی ئەچێ، ژنێک دێتە دەر

ئەمەش لە دێدا کانی ژنانە،
قیبلەی دڵداری هەرزەکارانە!
ئێواران پۆل پۆل لاوی کاکۆڵ لوول
سەرەڕێ ئەگرن سەرگەرم و عەجوول
هەرچەند هارەی دێ هەیاسەی جوانێک،
لە هێلانەی دەم ئەفڕێ ئامانێک! (گۆران،١٩٨٠: ١٣٣)

شاعیر لەڕێی دیمەنێکی جوانی سروشتەوە، کە کانێکە و کەڵەکە بەردێکی لەسەر هەڵچندراوە، دیمەنێکی نایابی کانییەکە پیشان دەدات، تەواو دەچێتەوە نێو دۆخی کەلتوورێکی جوان، ئەوکاتی ئاوی بەلووعە نەبووە، ئەو کانیەش تایبەت بووە بە ڕەگەزی مێ کە کاسە و کەوچکیان لەسەر ئەوکانییە شوشتووە، ئاویان لەوکانییەوە هێناوەتە ماڵەوە، دەور و پشتی کانییەکە و سەرە ڕێگاکان کانگای هەرزەکاران و لاوان بووە، کە لەوێ توانیویانە ڕاز و نیازی دڵی خۆیان لەگەڵ کچان بگۆڕنەوە. باسی هارەی هەیاسە و ئەو جۆرە خشڵە جوانەی کردووە. ئەم جۆرە دەربرینە لەڕێی سروشت و پێگەی ناوچەیەک ڕەنگرێژ بووە، کە گۆران بە واقعی بینیویەتی، شاعیرانی ئێستا کە باسی گۆزەی سەرشانی ئافرەتان دەکەن کە لەڕێی کانی دێنەوە، ئەو ئیحساسەی تێدانییە، چونکە دەیانەوێ وەک تەقلیدێک بێ و بێ ئەوەی خۆیان ئەو دیمەنەیان بینیبێ و بیخەنە ڕوو.

**٩.واقیع(کەتوار):**

واقیع یان کەتوار، هەموو ئەو شتە بیندراو و بیستراو و هەست پێکراوەن، کە شاعیر لە ئان و ساتی خۆی بینیویەتی و باسیان دەکات، بەشێک لەو باسکردنانە، گێڕانەوەی بابەتەکانی کەلتوورە بە زمانی شیعر، کە گەڕانەوەیە بۆ سەردەم و ژیان و بیرکردنەوەی خەڵکی ئەوکات، مەبەستیشمان هەموو جۆرە ڕووداوێک و واقیعێک نییە، بۆنموونە ئەو شیعرەی گۆران بۆهیوای کوڕی نووسیوە، شتێکی واقعییە و شیعرێکی جوان و بەپێزە، بەڵام ڕەهەندێکی کلتووری نییە، بۆیە ئێمە ئەم نموونانە وەردەگرین کە ڕەهەندێکی کلتووری کوردیان هەبێ.

گۆران لە شیعری گەشت لە هەورەمان لە کۆپلەی (ژینی دیوەخان)ە دەڵێت:

گەیشتییە بەردەرگای گەورە
هەر خزمەت کارە لێتدەدا دەورە
ڕێت پیشان ئەدەن تاکو دیوەخان
ئێتر دیوانە و مەرحەبای میوان
دەستەی خزمەتکار: فیشەک دان لەمل،
بە چەفتە و مشکی و سەر و تەپلە زل
دەست لەسەر خەنجەر چاوەڕێی فەرمان
چ بۆ سەربڕین چ بۆ سەردانان
هەچ کەسێک تازە بێتە دیوەخان
کڕنۆشێ ئەکا بەسەر دانەوان
گەرمە دیوانی شەوی بەگزادە
تێکەڵ و پێکەڵ بابەت و مادە(گۆران،١٩٨٠: ١٣٠)

لە ڕێگای ئەم وەسفانەوە کەتواریەت و واقعی مرۆڤی کوردت بۆ بەدەر دەکەوێ، کە زیاتر لە نیو سەدە بەر لەئێستا چۆن بووە لە سەردانی کردنیماڵی بەگزادە و ڕیزگرتن لە میوان و پێشوازی کردنی، باسی دەستەی خزمەتکار دەکات کە فیشەکدانیان لەملە، ئینجا باسی پۆشاک و جۆری جامانەیان دەکات: بە چەفتە و مشکی و سەر و تەپلە زل. باسی گورج و گۆڵی و ئامادەباشی بۆ هەر فەرمانێک دەکات. باسی شەونشینی و دانیشتنی دیوەخانی قەدیم دەکات، کە چەندین زاناز و دانا و ئەدیب و قسەخۆش مەجلیسیان ڕازاندۆتەوە و باس و خواسی زۆر شت هاتۆتە گۆڕێ. دواتر لە وێستگەیەکی دیکە باسی مەلای دیوەخان دەکات و دڵێ:

بازی ڕۆحی چەش بە شیعر و ئەدەب
بەڵام شێوەی زووی عەجەم و عەرەب...(گۆران، ١٩٨٠: ١٣٠)

باسی ئەو واقیعەی ئەوسادەکات، کە زۆربەی مەلاکان، جگە لە بابەتە ئاینییەکان شارەزاییان لە زۆر زانستی تر بووە و زۆربەیان حەزی ئەدەبیان هەبووە، بەرهەمی ئەم حەزەش چەندان شاعیری وەکو مەحوی و نالی و سالم ...هەڵکەوتەی ئەو بار و دۆخە ئاینییە و ئەدەبییە بووین.

**ئەنجام:**

١. شیعرەکانی گۆران لە ڕەسەنایەتییەوە هەڵقوڵاون بۆیە کاریگەری کەلەپووری کوردی بەسەرەوەیە، بەڵام زیرەکانە شتەکانی وەرگرتووە و ڕەنگ و ڕووی نوێی پێبەخشیون.

٢. لە ڕووی ناوەرۆکەوە کاریگەری شیعری فۆلکلۆری کوردی بەسەرەوە بووە، گەڕاوەتەوە بۆکێشی خۆماڵی، کاریگەری پەندی پێشینان و سروشت و واقیعی کلتووری کۆمەڵگای کوردەواری بەسەرەوەیە.

٣. لەنێوکەلتوور دا ئەفسانە و ئیدیۆم زۆرترین کاریگەری بەسەر شیعرەکانی هەبووە و نموونەیەکی زۆری شیعری بە ئەفسانە و ئیدیۆم ڕەنگڕێژکردووە.

## سەرچاوەکان:

١. ئەحمەد، د.کەیفی، ٢٠١٩، بنیاتی هونەری داستان لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، چ١، چاپخانەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، سلێمانی
٢. ئیبراهیم، د. سەرکەوت عمر، کانوونی یەکەمی ٢٠١٧ ، دەقئاوێزان لە گێڕانەوەی (هاوارە بەرەو میرزا)ی فەتاحی ئەمیریدا کاریگەری لە پەروەردەکردنی هزری کارەکتەرەکاندا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژ١٣.
٣. بەرزنجی، پ.د. عەلی تاهیر، ٢٠٢٠ ، ئاسۆی دەق، چاپخانەی ئێڤا.
٤. بۆرەکەیی، سدیق، ٢٠٠٨، مێژووی وێژەی کوردی، ب١، چ٢، هەولێر
٥. جعفر، حجی، ٢٠١٣،هندەک ڤەکۆلین ل دۆر فۆلکلۆری کوردی،چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.
٦. خەزنەدار، د.مارف، ٢٠١٠، مێژووی ئەدەبی کوردی، ب١، هەولێر
٧. ڕەسووڵ،د. شوکریە، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، ١٩٨٤
٨. ڕەشاش، حەمید، ٢٠١٧، ژیانی کوردەواری، چ٢، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر
٩. سیوەیلی، ڕێبوار، ٢٠١٦، کتێبی حاجی قادری کۆیی، دەزگای زەریاب،چ١، هەولێر
١٠.عیسا، هاوژین صلیوە،٢٠٠٩، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١١.قەبانی،نزار ،و.تەهابابان،٢٠٠٠، کۆمەڵە وتارێکە لە نووسینی نەزار قەبانی، چاپخانەی داناز، سلێمانی
١٢.گەردی، سەردارئەحمەد، ٢٠٠٤، چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی
١٣.گەرمیانی،عادل محەمەد ٢٠٠٠، تێزی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا
١٤.گۆران،دیوانی گۆران،چاپخانەی المجمع العلمی، بەغدا، ١٩٨٠
١٥.مەحموود، د. شنۆ، ٢٠١٢، دەقئاوێزان لەشیعری نوێی کوردیدا بەنموونەی شیعرەکانی، پیرەمێرد،گۆران، لەتیف هەڵمەت،سلێمانی.
١٦.مەولوود،د. عەبدوڵلا خدر، ٢٠٢٢، فۆلکلۆر لە شیعری کوردیدا، هەولێر
١٧.موکری، کامەران،٢٠٠١، ئەشکی باوان، ئا. ئومێد ئاشنا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر
١٨.ئینتەرنێت (hawler.ts کانییەکەی بەرماڵ زیخ دانەدانە)
١٩.دیدەنی لە گەڵ هرمز عیسا، کۆیە، لەدیک بووی ١٩٥٧، ٢٠٢٢/٨/١
٢٠.دیدەنی لەگەڵ چاپووک سەید عومەر، کۆیە، ٢٠٢٢/٨/١٥
٢١.دیدەنی لەگەڵ بەفرین عەزیز، لەدایک بووی ١٩٥٤، ٢٠٢٢/٧/١٥

سەرچاوەی عەرەبی:

١. https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%81%D9%84%D9%83%D9%84%D9%88%D8%B1

٢. المحمدي، عمر خليل ابراهيم،١٩٩٦ ، بيناء الشعري عند ايبن زيدون، رسالة ماجستير، جامعة الانبار، كليه تربية، فی اللغة العربية و ادابها.

## ملخص البحث

ان بحثنا بعنوان (انعكاس التراث الشعبي في شعر گۆران). السبب في اختيار هذا الموضوع: ان لگۆران اهتمتات كثيرة بتراث الشعبي الكردي و تراث الشعبي الأجنبي. وكان رائدا في هذت المجال واستفاد من ثقافات مختلفة.

قسمنا بحثنا إلى ثلاثة مواضيع:

الموضوع الأول: تعريف ومفهوم التراث الشعبي. لقد ناقشنا التراث الشعبي باللغة الكردية وشرحنا مفهومه واغراضه.

المبحث الثاني: أثر التراث والفولكلور في الأدب. ناقشنا في هذا الموضوع أهمية وتأثير التراث والفولكلور في مجال خدمة الموضوعات الأدبية.

الموضوع الثالث: انعكاس التراث الشعبي في شعر گوران. أولا، ناقشنا الجوانب خواطر النصية والمؤثرة في الشاعر في التراث الشعبي الكردي، ثم ناقشنا تسعة مواضيع: الشعر الشعبي الكردي ، والقصص ، والحكايات الشعبية ، والأساطير ، والعبارات الاصطلاحية ، والأمثال ، والعادات ، والطبيعة والواقع.

ثم تم عرض النتائج وقائمة المصادر المستخدمة مع ملخص البحث باللغتين العربية والإنجليزية.

Abstract

Our research is entitled (The Reflection of National Culture in Goran Poetry). The reason for selecting this topic: Goran is the poet who paid great attention to Kurdish culture as well as foreign culture and was a revolutionary person, who benefited from different cultures. So we wished to write a research on the reflection of Kurdish national culture in his poems.

We have divided our research into three topics:

The First Topic: The definition and concept of national culture. We have discussed the national culture in Kurdish and explained its concept and purposes.

The Second Topic: The influence of culture and folklore in literature. In this topic, we have discussed the significance and influence of culture and folklore in the field of serving literary subjects.

The Third Topic : The reflection of national culture in Groan Poetry. Firstly, we discussed Groan's textual Telepathy and its influential aspects of the on Kurdish culture. Then, the topic is sub-classified into (9) titles: Kurdish folk poetry, stories, folk tales, legends, idioms, proverbs, customs, nature and reality.

At the conclusion, the results and list of sources used are presented with brief discussions in Arabic and English.

# مەبەستەکانی شیعری منداڵان لە گۆڤاری کەکۆندا

کلیلە وشەکان: key words

شیعری منداڵان Children's Poetry، گۆڤاری کەکۆن، Kakon Magazine
مێژووی ڕۆژنامە نووسی لە کۆیە، history of Koya journalism history
مێژوو.

## کورتەی باس:

لەنێو ئەدەبیاتی کوردیدا، شیعر پانتاییەکی زۆری گرتووە، سەبارەت بە شیعری منداڵانیش لە چاو ژاندرەکانی تری ئەدەبی منداڵان شوێنێکی گرنگی بۆ داندراوە، بۆیە لە گۆڤاری کەکۆنیش گرنگی بە شیعری منداڵان دراوە و لە گۆشەی (نەوەکان) بڵاو کراوەتەوە، لەم توێژینەوەیەش بەپێی مەبەستەکان بەشێکی زۆری شیعرەکان کراونەتە کەرەستەی توێژینەوەکە. ئەم گۆشەیەش یەکەم گۆشەی منداڵان بوو لە گۆڤاری کەکۆن لە شاری کۆیە، بۆیە جێگای بایەخی ئێمە بووە.

**پێشەکی:**

توێژینەوەکەمان لە ژێر ناونیشانی(مەبەستەکانی شیعری منداڵان لە گۆڤاری کەکۆندا)یە، گۆڤاری کەکۆن لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠٠٨ تاکو ساڵی ٢٠٢٤ لە قەزای کۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێر دەردەچێت، تا ئێستا ٧٤ ژمارەی لێدەرچووە بەردەوامیشە، بەژمارە سفری ئەزموونییەوە دەکاتە(٧٥)ژمارە. لە ژمارە (٤٨)تا ژمارە (٦٩)گۆڤارەکە گۆشەیەکی سێ چوار لاپەڕەیی ڕەنگاوەنگ هەبووە بەناوی: نەوەکان، لەلایەن د. هاوژین صلیوە ئامادەکراوە و شیعر و چیرۆک و نیگاری منداڵانیان تیدا بلاوکراوەتەوە، ئیمەش تەنها ئەم ٢٢ ژمارەیەمان وەرگرتووە و تەنها توێژینەوەکەمان لە بارەی شیعرەکان کردووە.

هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە ئەوە بووە، کە تاکە گۆڤارە لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کۆیە، کە گۆشەیەکی هەبووە بۆ ئەدەبیاتی منداڵان.

ئامانجی توێژینەوەکەمان: لێوردبوونەوە و توێژینەوە لەو ٢٢ ژمارەیەی گۆڤاری کەکۆن و خستنە ڕووی ڕەنگ و ڕووی شیعرەکان و خستنە ڕووی ئاستی هونەری و تایبەتمەندییەکانی.

گرفتی توێژینەوەکە: گرفتێکی وامان نەهاتۆتە ڕێگا، چونکە هەموو شیعرەکان بەردەست بوون، ئەوەنەبێ نووسەری وا هەبووە، لە تەواوی ئەو ژمارانە شەش حەوت جار شیعری بلاوکردۆتەوە، هەوڵمان داوە کە دانەیەک دوو دانەی لێوەربگرین، بۆئەوەی زیاترین ناوی ئەو کەسانەی شیعری منداڵانیان لەم گۆڤارە بلاوکردۆتەوە بخەینە ڕوو و شیعرەکانیان شیبکەینەوە، توێژینەوەکەمان کردووە بە دوو بەش: بەشی یەکەم چوار تەوەرەی لە خۆ گرتووە: یەکەم: پێناسەو چەمکی ئەدەبی منداڵان: هەوڵمان داوە بەکورتی ئەدەبی

منداڵان بخەینە ڕوو و تایبەتمەندی شیعری منداڵان باس بکەین. چەند پێناسـەیەکی ئـەدەبی منـداڵان هێناوەتـەوە و لێکدانـەوەیان بۆبکـەین و دیـدە جیاوازەکـان بخەینـە ڕوو. دووەم: مێـژووی ئـەدەبی منـداڵان: هەوڵمان داوە مێژووی ئەدەبی منداڵان لە جیهان و لە چەند وڵاتێکی دەورو بەر و لـە کوردستان بخەینە ڕوو و گەشـەو گۆڕان و قۆناغـە مێژووییـەکان دیاریبکـەین، گورگـە ئـاوڕێکیش لـە مێـژووی ئـەدەبی منداڵانی کورد بدەینەوە.

سـێیەم: خەسـڵەتەکانی شـیعری منـداڵان: لـەم بابەتـەش پشـتمان بـە چەنـدان زانـا و شـارەزای بـواری منـداڵان بەسـتووە و خەسـڵەت و تایبەتمەندی شیعری منداڵانمان خستۆتە ڕوو.

چوارەم: باسی مێژووی ڕۆشنامەنووسی و ڕۆژنامە نووسـی کوردی کـردووە و باسـی هەنـدێ وڵاتـانی جیهـان و وڵاتـانی دراوسـێمان کـردووە، دواتـر ڕۆژنامـە نووسـی کـوردی، ئینجا هاتووینەتـە شـاری کۆیە و ڕەنگ و ڕووی مێژووی ڕۆژنامە نووسیمان لەم شارە پیشان داوە، چونکـە بابەتەکـەمان ئـیش کردنـە لـە شـیعری منـداڵان لـە نێـو گۆڤارێکـدا، بۆیـە بەپێویسـتمان زانیـوە ئاوڕێـک لـە مێـژووی ڕۆژنامەگـەری بدەینـەوە و دواتـر پەیوەسـتی بکەینـەوە بـە ڕۆژنامەنووسی منداڵان. کورتە مێژووی ڕۆژنامـە نووسـی لە شاری کۆیە: لەمەشیان هەوڵمان داوە سەرچنێک بەسەر قۆناغە مێژووییەکان بکەین و ناوی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە بنووسین کە لـەدوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لەکۆیە دەرچووین، پاشان ڕۆڵی گۆڤاری کەکۆن لەڕووی بابەتی ئەدەبی منداڵان بخەینە ڕوو.

بەشی دووەم: مەبەستەکانی شیعری منداڵان لە گۆڤاری کەکۆندا، ئەم بەشـەمان هەشت باسـی لـەخۆ گرتـووە، هـەر باسـە و بـە دوو تاسـێ

شـیعر خراوەتـە ڕوو. ئـەنجامی توێژینەوەکـەمان بەچەنـد خاڵێـک دیاریکردووە، دواتر ئاماژەمان بەوسەرچاوانە کردووە کە سوودمان لێوەرگرتوون، پاشان کورتەی توێژینەوەکەمان بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خستۆتە ڕوو.

بەشی یەکەم:

## ١) پێناسە و چەمکی ئەدەبی منداڵان:

وەک زۆربەی زاراوە ئەدەبییەکـان، ئەدەبـی منـداڵانیش قامتێـک پێناسەی فرە ئاوازی بۆکراوە، بەڵام زۆربەیان لە ناوەرۆکدا لەیەکتری نـزیکن: ئەدەبـی منـداڵان ئەو نووسـینە ئەدەبییـانە دەگـرێتەوە، کە گەورەکـان بۆمناڵانیـان نووسـیوە، یـان منـاڵان خۆیـان نووسـیویانە، لەبوارەکانی: شیعر و چیرۆک و شانۆ... تاد، کە گوزارشت لە هەست و نەسـتی منـاڵان دەکـات و بە وشـەی سـادە و ڕەوان مەبەسـتەکان دەخـرێنە ڕوو. سـەبارەت بە هەر ژانرێکـی ئەم بـوارەش پێناسـەی تـایبەت و جیـاواز هەڵـدەگرێ. بەپێـی قۆناغەکـانی تەمەنـیش بـابەت و جۆری داڕشتنەکەیان گۆڕانی بەسەردادێ. هەندێک لە دەروونناسان قۆناغەکـانی تەمەنـی منداڵی بەسـەر (٣) هـۆبە دابەش دەکەن: (٣-٦) سـاڵان،(٦- ٩) سـاڵان وە (٩-١٢)سـاڵان. ((مەبەسـت لەئەدەبی منداڵان ئەوەیە، هەر بابەتێکی نووسراو کە پێشکەشیان دەکرێت، وەکو کتێب و گۆڤـار و ڕۆژنـامە بەشـێوەی چیـرۆک یـاخود هەڵبەسـت یـان شـانۆگەری یـان هەربابەتێکی تـری ئەدەبی))(فەرەج، ٢٠١٣: ٢٣) هەریەک لەمانەش بەخەسلەت و تایبەتمەندی خۆیەوە دەناسرێتەوە. لە هەمان کاتیشـدا لە ڕێـی خوێنـدنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکـانەوە ئاسـۆی بیرکردنەوەی منداڵ فراوان دەبێت و لە ئاخاوتندا قسەزانتر دەبێت و بێ ئەگەرە دەپەیڤێ. حەمە سالح فەرهـادی دەڵـێ: (( ئەدەبـی منداڵان

بـریتییە لەو کـۆمەڵە وتە جوانـانە کە چێـژ و خۆشـییەکی پڕمانـا بەدەروونـی منداڵان ببەخشن و هـۆش و سـۆزیان بـۆلای ئەم مانـایە ڕابکێشن، ئیتر ئەم وتانە بەهۆنراوە بن یان بە پەخشـان، بەزارەکی و بیستن بن یان بەخوێندنەوەو نووسین، یان بە گۆرانی سروودو وتـار دانـان بـن.))(فـەرهادی، ٢٠١٣: ٨) دەبینین زۆربەی پێناسـەکان جەخت لە جوانی وتە و شیرینی زمان دەکەنەوە، چونکە دەروونـی منداڵ پاک و بـێگەردە دەبـێ پەپـوولە ئاسـا گـوڵی بۆنـداری پێشـکەش بکـرێ. سـەبارەت بە پێناسـەی شـیعری منـداڵانیش: ئەوا ئەو شـیعرەیە، کە گوزارشت لە ناخ و جیهانی منداڵان دەکات، بەدەربڕینی وشـەی سادە و مۆسیقادار، لەقالب و دێڕی و کورت کورت و ڕەواندا.

یونس ڕەزایی یە دەڵێ: ((ئەدەبی منداڵان بریتییە لە کۆمەڵە نووسـراو و وێـــژە و گـــوتەی گەورەکـــانی کۆمەڵگـــا، کە بـــۆ منـــداڵ ئامـــادەکراوە.))(ڕەزایـــی، ٢٠١١: ٦١) لای ئـــێمە بـــۆتە نەریـــت کە هەر گەورەکان شـت بـۆ منـاڵان بنووسـن، لـێ لە وڵاتە پێشـکەوتووەکاندا، گرنگییەکـی زۆر بەمنـداڵ دەدرێ و لە دیـوان و نـامیلکەی جیـاوازدا شـیعری منـداڵانی حەوت سـاڵی و هەشـت سـاڵان... بڵاودەکـرێتەوە و پەرە بە بەهرەکانیان دەدرێ. قۆنـاغی سـەرەتای منداڵی هەستیارترین قۆناغە، لەبەر ئەوەی قۆناغی دروستبوونەو بەردی بناغەی کەسایەتی منـــداڵەو دەور و بەری کـــاریگەری زۆریـــان لەڕەنگڕێژکردنـــی کەســـایەتییەکەی ئەو هەیە.(فـــەتاح، ٢٠٠٠: ١٢١) ئەم دەورووبەرەش لە چەنـد سـەرچاوەیەکی ژینگەییەوە بنەوان هەڵدەبەسـتێ، وەک: خێزان، قوتابخـانە، کۆمەڵگـا، هۆکارەکـانی ڕاگەیانـدن( تەلەفزیـۆن و ڕادیـۆ و ئینتەرنێت). بۆئەوەی دەقنووس تاڕادەیەکی باش بتوانی دنیای منداڵ تـاوتوێ بکـات، دەبـێ شـارەزاییەکی باشـی لەمەڕ پەروەردەکـردن و

بارهێنانی منداڵەوە هەبێ، ئەمەش بەبێ شارەزایی باش لە زانستە دەروونییەکان مەیسەر نابێ.
منداڵ زۆر خەیاڵاوییە زۆر جار قسە لەگەڵ خۆی دەکات نەخشەسازی بۆکارەکانی دەکێشێت و بیردەکاتەوە. دیستۆیفسکی دەڵێ: ((لەوانەیە بەهێزترین یادەوەری ئێمە، یادەوەری سەردەمی منداڵیمان بێ))(هەڵمەت، ٢٠١١: ٨١) چونکە زەینی منداڵ لەو تەمەنە ساف و بێگەردە ئامادەی وەرگرتنی زانیاری زۆرە. ((پەیامی هەرە گەورەی ئەدەبی منداڵان ئەوەیە، کە یارمەتی منداڵ بدات کە جیهان بناسن و بیدۆزنەوەو بیگۆڕن.))(مامەند، ١٩٨١: ٢٣) ناساندنی ئەم جیهانەش تەنها شتە بینراوەکان ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە بە پێنج هەستەوەرەکانی هەستییان پێدەکات. یان لەدەرەوەی ئەم پێنج هەستەوەرانەش درکیان پێدەکرێ، پەیامی ئەدەبی منداڵان ئەوەیە کە وایان لێبکات بیربکەنەوە و پرسیار بکەن.
ئەدەبی منداڵان ئەو نووسینانەن لە شیعر و چیرۆک و شانۆنامە و ڕۆمان...کە گەورەکان بۆ منداڵانیان نووسیوە، هەندێ جاریش منداڵیش بابەتی ئەدەبی دەنووسێ. لە ڕووی بیرۆکە و زمان و دارشتنەوە دەبێ بابەتەکان پەروەردەیی و سەرنج ڕاکێش بن. بەزمانێکی سادە بخرێنە ڕوو کە منداڵ حەزی پێبکا و لێی تێبگا و حەزی خوێندنەوەی لا دروست ببێت، ئەمەش بەوە دەکرێ کە بابەتەکان سەرنجی منداڵان ڕابکێشن و چێژی لێوەربگرن، ئەگەر شیعر بوو دەبێ کێشەکە لە حەوت بڕگە و هەشت بڕگەیی زیاتر نەبێ، بۆئەوەی منداڵ هەناسەبڕکێ نەبێ و توانای دەربڕین و خوێندنەوەی هەبێ. ئەدەبی منداڵان بناغەدانەری کەسایەتی منداڵە، تۆ کە منداڵێکت بارهێنا لەسەر ئەوەی گوێ بگرێ و کتێب بخوێنێتەوە،

ئەوا کە گەورەش بوو لە گەڵ قۆناغەکانی تەمەنی خوێندنەوە دەکاتە کارێکی گرنگی ڕۆژانە و بەردەوام دەبێت. پەیامی ئەدەبی منداڵان هەر ئەوە نییە منداڵ بکرێتە ئەدیب و لە دواڕۆژ شیعر و چیرۆک بنووسێ، یان تەنها ئەدەبیاتی خۆش بوێ، بەڵکو لە ڕێی ئەدەبی منداڵانەوە پەلدەهاوێ بۆ زانستەکانی تر. سەلما لاغرلوف(١٨٥٨ – ١٩٤٠) خانمە نووسەرێکی بەتوانای بواری منداڵان بوو لە سوید لە ساڵی ١٩٠٩ خەڵاتی نۆبلی بەدەست هێناوە. لە ساڵی ١٩٠٦ موغامەراتی سەمەرەی نووسیوەتەوە، کە ناسراوە بە (چیرۆکی نیڵس). لەلایەن کۆمەڵێ مامۆستای سویدەوە داوای لێکرا شتێکی وابنووسێ، چونکە هەستیان کرد قوتابییەکانیان لە بواری جوگرافیا لاوازن، دوای بڵاوبوونەوەی ئەم چیرۆکە و کردنی بە ئەفلام کارتۆن، منداڵان ئاستی مەعریفییان لە وانەی جوگرافیا بەرزبووەوە. کەواتە بابەتە ئەدەبییەکان تەنها خودی خۆیان نین، بەڵکو هەڵگری مەدلوولی مرۆڤدۆستی و ئاین و مێژوو و جوگرافیا و ...هەموو زانستەکانی ترن. ئەنشتاین دەڵێ: (ئەگەر دەتانەوێ منداڵەکانتان زیرەک بن، چیرۆکی خەیاڵاوییان بۆ بخوێننەوە، ئەگەر دەتانەوێ زیرەک تربن، زیاتر چیرۆکی خەیاڵاوییان بۆ بخوێننەوە). ئەنشتاین بۆخۆی لە ڕشتەی فیزیا ئیشی دەکرد، بەڵام ئەهمیەت و بەهای ئەدەبیات و چیرۆکی منداڵانی دەزانی.((پەیامی هەرە گەورەی ئەدەبی منداڵان ئەوەیە، کە یارمەتی منداڵ بدات جیهان بناسن و بیدۆزنەوە و بیگۆڕن))( کەمال،٢٣:١٩٨١)بەو واتایەی ئەدەبی منداڵان خەیاڵفراوانی بە منداڵ دەبەخشێ.

## ٢) مێژووی ئەدەبی منداڵان:

لە نێو هەموو نەتەوەکاندا، جۆگەڵەی مێژووی ئەدەبی منداڵان سەروچاوەکەی ئەدەبی فۆلکلۆرە، لەگەڵ ڕۆژگاردا بۆتە بەرهەمێکی فراوان و دەوڵەمەند و فرە ڕشتە و ڕەهەند. چیرۆکی بەر گوێی ئاگردان کە سەرگوزشتەی دێو و درنج و جنوکە و خێوە، لێوان لێوە لە خەیاڵ و فانتازیا و خەون کە منداڵ و مێردمنداڵ و تەنانەت گەورەکانیش چێژیان لێوەرگرتووە.

خاتوو (کارۆلاین هوینز Caroline Hewins ١٨٤٦ ـ ١٩٢٦) کە پسپۆریی کتێبخانە گشتییەکانە، دەڵێ: ((لەوەتەی مرۆڤ فێرە قسەکردن بووە، فۆلکلۆر و چیرۆکی منداڵان هەبووە، ئەدەبی گەورەکان تابڵێیت قەرزاری ئەدەبی منداڵانە.))(https://www.theatlantic.com/author/c-m-hewins/) مێژووی ئەدەبی منداڵان لە گەڵ چرکەساتی لەدایک بوونیدا دەستپێدەکات، ((هەر لەوکاتەی کە دایک منداڵی بووە، جۆرێک لە ئەدەبی منداڵان هاتۆتە ئاراوە، لایەلایە ئەو شێوە باوەیە کە بۆ خەولێخستن و ئارامی منداڵ وتوویەتی.))(مەجید، ٢٠٠٤: ٦٧)هەرچەندە دایکەکە خۆشی جۆرێک لە فەرەحنایەتی و چێژ و دڵنەوایی لەو لایەلایە وەرگرتووە و نەختێ خەمەکانی دەروونی لەڕێی ئەوانەوە بۆ خۆی هەڵڕشتووە و بارە دەروونییەکەی سووکتر بووە.

پەروەردەکاریی ئەڵمانی (فریدریک فرۆبل Friedich Frobel – ١٧٨٢ ١٨٥٢ ) ((لە ساڵی ١٨٣٧ یەکەم باخچەی ساوایانی لەشاری (بلاکنبۆرگ) بۆمنداڵی تەمەن(٣ تا ٧ ) ساڵان کردەوە، لەژێر دروشمی وازمان لێ بێنن با ژیانێکی بەختیار بۆمناڵەکانمان دابین بکەین.))(فەتاح، ٢٠٠٠: ١١٩) جا ئە م دەروازەیە جیهانێکی نوێی بۆ پەروەردەکردنی منداڵ و ئایندەی پڕ هیوا و ئاسوودەیی کردەوە .(ج. د. ڤۆلانتدیون J.

D. Volantdun ١٦٢٣- ١٦٩٥) كە بە باوكی ئەدەبی منداڵانی فەرەنسی ناسراوە، حیكایەتەكانی لەشێوەی شیعر دارشت و پێشكەشی لویسی چوارەمی كرد، لەبواری وەرگێڕانی چیرۆكی منداڵانیش دەست ڕەنگینی خۆی نواندووە.(رمضان، ١٩٨٤: ه ٢٩٧)

ڕۆماننووسی ئینگلیزیی بەناوبانگ (چارلس دیكنز ( ١٨٧٠- ١٨١٢ Chales Dicknes، كە تەمەنی منداڵی خۆی بە شاگردی بردە سەر، كاتێك بووە نووسەر، هەموو جیهانی بە چیرۆك و ڕۆمانەكانی ورووژاند، كە زۆریان تایبەت بوون بە منداڵ.((لە سەدەی حەڤدەهەم لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەدەبی منداڵان سەری هەڵدا، زۆربەی حیكایەتەكانیش میللی و ئەفسانەیی بوون.))(غەمبار و كەسانی تر، ٢٠٠٢: ٨)

لەكۆتایی سەدەی نۆزدە دا نووسەری دانیماركی (هانس كرستیان ئەندرسن Hans Christian Andersen ١٨٠٥–١٨٧٥) گرنگییەكی زۆری بەچیرۆكی منداڵان دا.(( ئەم پێویستییە بوو بەهۆی گرنگی پێدان بەپەروەردەی منداڵ و كەڵك وەرگرتن لە دەروونناسی و كۆمەڵناسی و جوانیناسی بەشێوەیەكی تایبەت و ئەكادیمیك.))(چایچی، ٢٠١٣: ٥٢)

كاتێك كە كۆمەڵگا پێشدەكەوێ و ڕۆشنبیری بڵاودەبێتەوە، چینی منداڵ بەختەوەرتر دەبن. ((پاش ئەوی ئەدەبی منداڵان لە فەرەنسا و ئەورووپا بەشێوەیەكی گشتی گەشەی سەند، لە وڵاتە عەرەبییەكانیش، بەتایبەتی لە میسر، نووسەرانی ئەم وڵاتەش هەوڵیاندا هەندێ چیرۆكی ئەورووپایی وەرگێڕنە سەر زمانی عەرەبی لەوانە: (رفاعە رافع تەهتاوی) و(عوسمان جەلال))(فەرەج، ٢٠١٣: ٢٩) لە ساڵی (١٩٢٢) یەكەم گۆڤاری منداڵان بەناوی (التلمیذ العراقی) دەرچوو. ((سەعید فەیم) ـ كە نووسەرێكی كوردە ـ دەریكردووە. (شێخ مارفی نۆدێ)یش لەساڵی (١٩٢٧) فەرهەنگۆكێكی كوردی و عەرەبی بەناوی

(ئەحمەدی)داناوە. ئەمەیش هەوڵێک بووە بۆ ئەوەی منداڵی کورد فێری زمانی عەرەبی بن.

((لە دوای گۆڤاری گەلاوێژەوە تاکو تەرا شیعر و چیرۆک و شانۆگەری مندالان بایەخی پەیداکرد. لە شیعردا هەندێک شاعیر ئەم بوارەیان فەرامۆش نەکرد وەکو: فایەق بێکەس و کاکەی فەلاح و ع.ع. شەونم.))(حەسەن، ٢٠٠٨: ١١١) دەتوانین بڵێین گۆڤاری گەلاوێژ ١٩٣٩-١٩٤٩ڕۆڵێکی گرنگی لە بواری گەشەدان بە شیعر و چیرۆکی مندالان بینی.(عیسا، بەهای دایک لە دیوانی مندالانی لەتیف هەڵمەتدا: ١١٩) سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدنی ئەم جۆرە شیعرە لەناو کورددا، ئەوا فۆلکلۆر بنچینەیە، نەوبەهاری ئەحمەدی خانی دەست پێکێکی باشە. شێخ مارفی نۆدێ فەرهەنگێکی شیعر ئامێزی کوردی و عەرەبی بەناوی ئەحمەدی داناوە، بۆئەوەی منداڵی کورد فێرە عەرەبی ببێ، زێوەر و گۆران، زەینەب خان(کچە کورد)، چەندان شاعیرتر ڕۆڵی خۆیان هەبووە، بەڵام تاوەکو خوێندن لە قوتابخانەکاندا پەرەی نەسەند و گۆڤاری جۆر بەجۆری مندالان دەرنەچوو، بەشێکی زۆری ئەم شیعرانە لە دوتوێی دەستنووس و دیوانەکاندا خەوتبوون.

((دەتوانین ئەو قۆناغەی سەرەتای بیستەکان درێژبکەینەوە و ناوی لێبنێین قۆناغی (سروود) بۆمندالان.))(ئەحمەد، ٢٠٠٦: ٣٠) ئەم قۆناغەش کاریگەرییەکی زۆری هەبوو، چونکە هەم شاعیرانی تریش دنەدران کە لەم بوارەدا ئیش بکەن. هەم دروست بوونی مۆدێلێکی نوێ، کە مندالانی کورد بەئاوازەوە شیعرەکان بڵێنەوە.

نامیلکە شیعری (نەوبەهاری) ئەحمەدی خانی پێشەنگی شیعری مندالانە. ((ئەگەر گۆڤاری (کرو گاڵی مندالانی کورد)ی مەهاباد ساڵی (١٩٤٦) هەناسە و پێشەنگی گۆڤارەکانی زارۆک و مندالانی

کوردســـتانم بوونیێــت لە ڕۆژهەڵاتــی کوردســـتاندا، ئەوا گــۆواری (ئەستێرە) ئەستێرەی شاری سلێمانی ساڵی (١٩٧٢) بوو.))(عەلی،ساڵ؟: ٢٠) لەدوای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو پتر گرنگی بەم بوارە دراوە. دارا محەمەد عەلی لە کتێبەکەی (منداڵ لە هەندێ بواری ڕۆشنبیریدا) ناوی (٣٦) کتێب دەخاتە ڕوو، کە لەبواری شانۆ و شیعر و چیرۆکی منداڵاندا لەساڵی (١٩٧٨ - ١٩٩٠) چاپکراون.

ئەو ئۆپەرێتانەی بەشێوەی شیعر بۆمنداڵان نووسرابوون دەسپێکێکی باش بوون بۆ سەرهەڵدانی شانۆی منداڵان. لەدوا ڕاپەڕینیش ڕۆژنامە و گۆڤارەکـان زۆر بـوون و منـداڵانیش پشـکی خۆیـان بەرکەوت و چەندان گۆڤاری منداڵان دەرچوون و لە هەندێ ڕۆژنامەش گۆشەی تایبەت بۆ جیهانی منداڵان جێگەی خۆیان کردەوە. جگە لەوەش لە پرۆگرامی پۆلی یەکی سەرەتایی بابەتی خوێندنەوەی کوردی لە شێوەی شیعر و ڕستەی ئاوازەدار خراوەتە ڕوو تا باشتر سەرنجی منداڵان ڕابکێشێت.

## ٣) خاسڵەتەکانی شیعری منداڵان:

ئیمرۆ ئەدەبی منداڵان لە هەموو جیهاندا ڕەفتەیەکی گەورە و سەنگینی لە ئەدەبدا بۆخۆی زامنکردوە، لە زۆر زانکۆ و مەڵەندە ڕۆشنیریی و ئەدەبییەکاندا وەک ڕشتەیەکی سەربەخۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە ئەنجامدەدرێ، ئەوە جگە لەوەی کە بۆتە کۆڵەگەیەکی بەهێزی فێرکردن و پەروەردە.

ڕۆژانەش لە بڵاوکراوەکان و لە سەر سکرینی تیڤی و سینەماکاندا، بەرهەمی هەمەچەشن دەبینین دەربارەی منداڵ، یان جار هەیە قارەمانەکەشیان منداڵن، کەچی، ناچنە ژێر ناونیشانی ئەدەبی منداڵان. یان هێندێ بۆچوونی نادروست دەربارەی ئەو ئەدەبە گوتراوە وەک

((زۆر جار وابیر دەکرێتەوە کە بەهۆی ئەوەی ئەدەبی منداڵان بۆ کەسێک بەرهەم دێ کە لەبارەی تەمەنەوە لە خەڵکی تر کەم تەمەنترن، کەواتە وەک ئەدەبی نزم تێی دەڕوانن))(ڕەزایی،٢٠١١: ٦٢) لە کاتێکدا نووسین بۆ منداڵ زۆر قورستر و ئاڵۆزتر و زەحمەتترە لە نووسین بۆ گەورەکان. ((جیاوازییەک کە لەپێکهاتە و تەکنیکی ئەدەبی منداڵان لەگەڵ ئەدەبی گەورەکاندا بوونی هەیە، ناگەڕێتەوە بۆلاوازی یەکێکیان و سەرتربوونی ئەوەی دیکەیان. بەڵکو ئەسڵی جیاوازیی لە پێکهاتەو تەکنیک و شێوازی دەربڕین و بەسترانەوەی هەرکامیان بە بوارێکی بووتیقای تایبەتەوە.))(هەمان سەرچاوە و لاپەڕە) دەبێ بزانرێت ئەو ئەدەبە بۆ چ قۆناغێکی تەمەنی منداڵان تەرخان دەکرێت، بۆیە ئاساییە لە سەر بەرگی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی بۆ منداڵان چاپدەکرێن، تەمەنەکە دەستنیشان بکرێت، ئەمەیش ئێستا لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا پەیڕەو دەکرێ، چاپکراو هەیە کە لەسەری دەنووسرێ، (بۆ منداڵی دوو ساڵان)ە، چونکە هەر وێنەیە و دەبێ دایک و باوک وێنەکانی بۆ ڕاڤەبکەن، جگە لەوەی کە جۆری کاغەزەکەشی تایبەتە و ژەهراوی و زیانبەخش نییە، چونکە دوور نییە ئەو منداڵە بۆ زاری خۆی ببات. لەدوای تەمەنی یازدە بۆ دوازدە ساڵیشدا منداڵ لەڕووی تەمەنەوە هەراش دەبێت و کەسایەتییەکەی وردە وردە، گەر کوڕ بوو وەک پیاو، گەر کچ بوو وەک ئافرەتێک دەردەکەوێ، جگە لە ماڵ و قوتابخانە، تێکەڵی جیهانێکی گەورەتر دەبێت و ئاسۆی ڕوانینی فراوانتر دەبێت.(مشاطي، ١٩٨٦: ٣١٣)

بە کوردی و کرمانجی ئەدەبی منداڵان دەبێ ئەدەبێکی پەیامدار و مەبەستدار بێ و ڕایەڵەکانی بۆ بونیاتنانی کەسێکی هۆشیار و هۆشمەند و سەرکەوتوو بێ لە ئایندەدا، ئەوە جگە لە بەخشینی چێژ

و خۆشـی و هەسـت و سـۆزداری، لە ڕووی داڕشـتن و هـونەری نووسینیشەوە، شێواز و زمان و داڕشتن و گوزارشتەکانی هەمووی تـایبەتن بە قۆناغەکـانی تەمەنـی منـداڵ و ژینـگەی مـاڵ و دەوروبەرەکەی.

دەکرێ خەسڵەت و خاسیەتەکانی شیعری منداڵانیش، وەک ڕشتەیەکی سەربەخۆی ئەدەب، لە چەند سەرە قەڵەمێکدا چڕ کەینەوە، ((ئەگەر ئەدەبەکە جۆری شیعر بێ، دەبێ لە ئاستی ئەو قۆناغەدابێ کە ئەو منداڵە تێیدایە، سادە و سانابێ، بەڵام کاریگەر و بەچێژ بێ لەبارەی زمـان و داڕشـتن و فـۆرمەوە گونجـاو بـێ، پیتەکـانی چ کـێش و سـەروادار بـن، یـان ئـازاد و مۆسـیقاداربن دەبـێ لەبـڕەگەی کـورت پێکهاتبن، لە سامانی زمانی منداڵانەوە وەرگیرابن))(هەورامی، ٢٠١٠: ١٦٠)

دەنـگ و ئـاواز و زرینگـانەوەی فـۆنیم و حەرف و بڕگەکـان زۆر بایەخدارە لەم ڕشـتەیەدا، چـونکە ((ئەمە خـاڵێکی بەدیهییە کە شـیعر هەرچەندە بەئاهەنگتر و ریتمدارتربێ، قافیەکانی خۆش و سوک بن، زیـاتر مەیلـی منـداڵان ڕادەکێشـێ.))( http://www.ettelaat.com/etiran/?p=142831١٣٩٦) باشتریشـە (( تـاحەدی ئیمکان سادەبێ، ئیقاعەکانی ڕێک و پێک و دووبارەبن، مەقتەعەکانی کـورت بـن، بـۆئەوەی منـداڵ بتـوانێ لەکـورترین کاتـدا مۆسـیقاکەی کەشف بکات.))( http://www.aftabir.com/articles/subcategory )

کێشی درێژ و قورس و هەناسەبڕ لەلای منداڵ پەسند نییە، لە جیاتی ئەوەی بۆخۆی ڕاکێشێ لێی دوور دەکەوێتەوە، چونکە لەگەڵ توانای گەروو و زمـان و هەناسـەی سـییەکانی ئەو نـاجۆرە، ئەو شـیعرانەی بەکێشـی (٥-٦-٧)بڕگەیـی نووسـراون، منـداڵ زیـاتر حەزی لێدەکەن، بەتـایبەتی کێشـی (٧) بڕگەیـی زۆر بـاوەوەو منداڵ دەتوانێ هەر نیوە

دێڕەی لەشێوەی ڕستەیەکی ئاوازدار دەرببڕێت، ئەزبەرکردنیشی ئاسانترە، ئەگەر شیعرەکە شێوەی چیرۆکی یان بابەتەکەی زنجیرەیی بێت، منداڵ زیاتر حەزی لێدەکات و ساناتر لە هزر و زەینیدا دەچەسپێ، خۆ ئەگەر شیعرەکە ئازادیش بوو، دەبێ مۆسیقای دەرەوە وناوەوە وجودێکی زۆریان هەبێ، ئەو دوو مۆسیقایە هاوسەنگی دەنگەکان ڕادەگرن، لێرەداشدا توانست و بەهرەی شاعیر بەدیار دەکەوێ.

واتا ئەدەبی منداڵان وشیاریی و جیهانبینی منداڵ پەرەپێدەدات. ڕەزا شوان دەڵێت: ((شاعیری شیعر نووسی منداڵان پێویستە ڕەچاوی کۆمەڵێک مەرج و پێداویستییەکانی شیعری منداڵان بکات، وەکو: پێویستە شارەزاییەکی باشی لە قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵ هەبێت، هەر قۆناغێکیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، پێویستە وشەکانی سادە و ئاسان بن...))(دەیدەنی: سلێوە و خامۆش، ٢٠٢٢، ل٤٧) پێویستە دێری شیعرەکان زۆر نەبن بۆئەوەی منداڵ تووشی بێزاری نەیەت. باسی کارەساتی ترسناک بۆمنداڵ نەکرێ لە دەقەکاندا، پێویستە شیعری منداڵان سەر بەجیهانی منداڵان بێت و وا لە منداڵ بکات بیخوێنێتەوە و چێژی لێوەربگرێ، لەڕووی دیزاینی کتێبەوە، زۆر گرنگە نامیلکەکانی شیعری منداڵان ڕەنگاوڕەنگ و وێنەدار بن، شیعرەکان بەپیتی گەورە بنووسرێن، بۆئەوەی سەرنجی منداڵ ڕابکێشن.

## ٤. کورتە مێژووی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەنووسی لە شاری کۆیە:

مرۆڤ هەمیشە ویستوویەتی بزانێ پێش خۆی چی بووە، دوای خۆی چی دەبێ و حەزی کردووە زانیارییەکانی تۆماربکات، بۆیە بیری لە زۆر شت کردۆتەوە، بەرلەوەی ئەلف و بێ پەیدابێت، وێنە و ڕەمزیان لەسەر دار و دیوارەکان هەڵکۆڵیوە.

کۆنترین نووسین کە دۆزرابێتەوە لەسەر کاغەزی بەردی بووە، کاغەزی بەردی(أوراق البردي)، ئەو کاغەزەیە لە جۆرە دارێک دروست دەکرێت ڕووەکێکی درێژە، پێش چوار هەزار ساڵ بەر لە ئێستا مسرییەکان زانیارییان لەسەر نووسیوە، نووسینەکانی سەر ئەم کاغەزە وەک ڕۆژنامەیەکی کۆن دێتە بەرچاو. (/https://alasmeh.com/22290-2)

زۆربەی شارستانییە کۆنەکان، لەوانە: سین، ئیغریق، ڕۆمانییەکان، دەست نووسە هەواڵیان هەبووە، ئەویش بە فەرمانی (یۆلیۆس)ی قەیسەر، کە ساڵی ٥٩پ.ز. ڕۆژنامەیەکی دەست نووسی بەناوی ئەکتادییۆرنا(actadurina) بەواتای ڕووداوەکانی ڕۆژانەیان هەبووە. کە تێیدا هەواڵەکانی شەڕ و لایەنی کۆمەلایەتی و هەواڵی تاوانەکانی تێدابووە، پەیامنێریان لە هەموو شوێنەکانی ئیمبراتۆری وڵاتەکەی هەبووە، زۆربەشیان فەرمانبەری میری بوون. (س.پ)لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە کاری ڕۆژنامەنووسی پاداشت و موچەشی لەگەڵ بووە و بەگرنگییەوە لێیان ڕوانیوە.

یەکەم ڕۆژنامەی فەرەنسی لە ساڵی ١٦٣٢ لە فەرەنسا دەرچوو، ئەوە بووە یەکەم ڕۆژنامەی فەرەنسی لەسەر ئاستی جیهان، ناویان لێنابوو(هەواڵەکانی ڕۆژانە).

یەکەم ڕۆژنامەی عەرەبی ڕۆژنامەی (التنبیه)بوو، کە جەنەرال ناپلیۆن لەساڵی ١٨٠٠ لە میسر دەریکرد. (س.پ)لە عێراق یەکەمین ڕۆژنامە لەساڵی ١٨٦٩ دەرچووە. (س.پ).

ئـەوەی زیـاتر بەڵگـەدارە، ڕۆژنامـەی (زهریـرا دبهرا)کـە بـەزمانی سریانی(ئاشـووری) بـوو، بـە دووەم ڕۆژنامـەی ئێران دێتـە ژمـاردن، ڕۆژنامـەی یەکـەم هـیچ ژمارەیـەکی بـۆ بەڵگـە نەماوەتـەوە. (کتـاب و مطبوعات در ایران. مرکز آمار ایران. ١٣٥٢، ص ٦٣)

کەواتـە یەکـەم دەرکەوتـەی رۆژنامـەی سـریانی بـەناوی (زهریـرا دبهرا)واتـا: ڕوونـاکی خۆرەتـاو، کـە یەکـەم ژمـارەی لـە تەشـرینی دووەمـــــی ســـــاڵی ١٨٤٩ لـــــە شـــــاری ئورمیـــــە دەرچووە.(https://www.zowaa.org)

یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەناوی (کوردستان)، لـە ٢٢نیسـانی ١٨٩٨لە لایەن میقداد مەتحەت بەدرخان لە میسر دەرچووە.

شـاری کۆیـە، یەکێکـە لـە شـارە دێرینـەکانی کوردسـتان، دەکەوێتـە ڕۆژهەڵاتی عێراق، لەنێوان هەرسێ پارێزگای: (هەولێر و کەرکوک و سلێمانی)یە، لـە ڕووی کارگێڕییـەوە سـەر بەپارێزگای هـەولێرە. کۆیە بەشاری شاعیران و ڕۆشنبیران ناسراوە، حـاجی قادری کۆیی باسـی ڕۆژنامە و جەریدەی کردووە، بۆنموونە لەم شیعرەدا دەڵێ:

ســـەد قائیمـــە و قەصـــیدە کـــەس نـــایکڕێ بـــە پـــولێ

(ڕۆژنامە وجەریدە) کەوتۆتە قیمەت و شان(کۆیی، ٢٠٠٧: ٥٩)

حـاجی قـادری کـۆیی چـوار جـار نـاوی (ڕۆژنامـە و جەریـدە)ی لـە شـیعرەکانی هێنـاوە.! لـە بەرئـەوەی لـە ئیسـتەنبۆل بـووە و هەسـتی کـردووە ڕۆژنامـە و گۆڤـار چ گرنگییـەکی گـەورەی هەیـە، بۆیـە دنـەی کـوردان دەدات کـە بیـر لـەم بابەتـە گرنگـە بکەنـەوەو و لـە خـەوی خەفڵـەتی هەڵسـنەوە. تـەنها شـیعر و قەسـدە نەنووسـن، بـەڵکو لـەپاڵ

ئەمانەش پەلیان بۆ بوارەکانی تری ژیان هاویشتووە، وێستگەی ئەوکاتی ڕۆشنبیری و زانیاری وەرگرتن لەپاڵ کتێب ڕۆژنامە گۆڤار بووە، کە ڕۆڵێکی مەزنی لەم بوارە بینیوە.

سەبارەت بە ڕۆشنبیرەکانی کۆیە، کە لە سەرەتای گەشەسەندنی بواری ڕۆژنامەنووسی ئیشیان کردووە، ئەوە بەپشت بەستن بە کۆمەڵێ چاوپێکەوتن ئەمە دەخەینە ڕوو. د. هیمداد حوسێن دەڵێت: ((تاهیر ئەحمەد حەویزی لە گۆڤاری دەنگی گێتی تازە لە ساڵی سییەکان چیرۆکی بڵاوکردۆتەوە))(حوسێن، ٢٠٢٢/١/١٦)

سەید برایم ناسراوە بە (برژاو)، دوای ساڵانی ١٩٤٠ پەیامنێری گۆڤاری (نزار)بووە لە کۆیە، جەلال جۆباری شاعیر لەبارەی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە شیعرەکانی دەڵێ: ((من لە تەمەنمدا دوو جار گۆرانی شاعیرم بینیوە، جارێکیان ساڵی ١٩٤٦ ئەوکاتی گۆران لە دائیرەی ئیشغال کاریدەکرد، بۆ وەرگرتنی تەواوبوونی مستەشفای کۆیە هاتبووە کۆیە، یەکەم جارم بوو کە گۆران ببینم، جارێکی دیکەش لە سلێمانی بینیم، کە لەگەڵ پیرەمێرد بوو. جارێکیان شیعرێکم بەناوی (ڕۆژی شەڕ) بۆناردبوون، بۆئەوەی لە ژین بۆمی بڵاو بکەنەوە، مامۆستا گۆران بۆمی چاک کرد و بەناوی(ئەنجامی شەڕ) بۆمی بڵاوکردەوە)) (جۆبار، ٢٠١١/١٠/٦)

ئەحمەد دڵزار لەساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم کتێبخانەی هەبووە و کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەوکاتەی لێفرۆشتووە، جگە لەوەش کتێبخانەکانی ماڵەوەی ئەوکاتی ڕۆشنبیرانی کۆیە پڕبووە لە کتێب و ڕۆژنامە. لە ٢٠٢٠/١٢/٧ لەفەیس بووک گرتە فیدیۆیەکی چەند دەقەیی بڵاوکراوەتەوە، کە پیرەمێردێکی تێرتەمەنی جولەکەی کۆیە، بەڵام ناوەکەی نەزاندراوە، واهەست دەکرێ تەمەنی نزیکەی نەود ساڵ بێ،

باسی کۆیەی جاران دەکات و لەکەس و شوێنەکان دەپرسێ، لە دەربڕینێکیدا دەڵێ: ((مەکتەبەی حاجی قادر ماوە؟ جەریدەی هەموو دونیای لێبوو.) (فەیس بووک/٢٠٢١/١٢/٧)

هەڵبەتە ئەوە ئاشکرایە کە جولەکەکان لەساڵی ١٩٤٨ کۆچیان کرد، کەواتە مەبەستی ساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەمە. کە ئەوکات ڕۆژنامە و گۆڤاری زۆر دەگەیشتە کۆیە.

کاکەمەم بۆتانی یەکەم چیرۆکی خۆی لە گۆڤاری هیوا ساڵی پەنجاکان بڵاوکردۆتەوە. مەسعود محەمەد دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد بووە لەساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستەم و لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوکات بابەتی بڵاوکردۆتەوە. فەرهاد عەونی مدیر ئیدارەی جەریدە (تاخي) بووە لە ساڵانی ١٩٧٠، ئازاد دڵزار لەبارەی کەریم شارەزا و ئەحمەد دڵزارەوە دەڵێ: ((کەریم شارەزا دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نووسەری کورد بووە، کە لە هەولێر دەردەچووە، ئەحمەد دڵزار دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (فكر جديد) بیری نوێ بووە لەساڵی ١٩٧٥ )) (پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ئازاد دڵزار،١٥-١-٢٠٢٢)

د. کەمال غەمبار ڕۆڵی هەبووە لەبواری ڕۆژنامەنووسی کوردی، پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین، بەڵام ئێمە بەکورتی بەسەر قۆناغی پێش ڕاپەڕین گوزەردەکەین و کەمە زانیارییەک دەخەینە ڕوو لەم بارەیەوە د. کەمال غەمبار دەڵێت: (( ساڵی ١٩٧٣ دەستەی نووسەرانی (گۆڤاری ئاماج)بووم. لە گۆڤاری (صوت طلبة)ئەندامی دەستەی نووران بووم. ساڵی ١٩٧٣ لە ڕۆژنامەی (بیری نوێ)، کە بە عەرەبی و کوردی دەردەچوو لە دەستەی نووسەران بووم، زیاتر بابەتە وەرگێڕدراوەکانم بڵاو دەکردەوە. )) (دیدەنی لەگەڵ کەمال غەمبار، ٢٠٢٢/١/٨)

نووسەرانی کۆیە لە دەرەوەی شاری کۆیە هەوڵی دەرکردنی گۆڤاری منداڵانیان داوە، سەعید فەهیم نووسەرێکی کۆیی بووە، توانیویەتی یەکەم گۆڤاری منداڵان لە ساڵی ١٩٢٢ لە عێراق دەربکات، کە بەناوی (التلميذ العراقي)بووە و لەم بارەیەوە د. کەمال غەمبار دەڵێت: ((سەعید فەیم نووسەر و کۆیەکی دڵسۆزبوو، سەرەتای گەنجیم کە دەچوومە بەغدا، واتا ساڵانی ١٩٥٨ بینیومە و چومەتەماڵیشیان))
(دیدەنی لەگەڵ کەمال غەمبار، ٢٠٢٢/١/١١)
سەعید فەهیم لەبنەماڵەی حەویزییەکانی کۆیە بووە. لە پێگەیەکی عەرەبی بەم شێوەیە باسی سەعید فەیم دەکات: ((سەعید فەیم توانیویەتی یەکەم گۆڤاری منداڵان لە عێراق دەربکات، گۆڤارەکەی حەفتانە بووەو وێنەشی لەگەڵ بڵاوکراوەتەوە و توانیویەتی دە ژمارەی لێدەربکات، دواتر لەبەر کێشەی مادی وەستاوە)) ( https://www.almadasupplements.com/view.php?cat=7764)
لەساڵی ١٩٧٠ عەبدولکەریم شێخانی(کۆیی) و، سدیق شێخ مەحموود، ئەحمەد بەرزنجی، رزگار شەوقی لە شاری سلێمانی گۆڤارێکیان بەناوی (ئەستێرە)دەرکردووە، کە دووەمین گۆڤاری منداڵانە لەدوای کرِوکاڵی منداڵانی کۆماری کوردستانی ١٩٤٦ سەبارەت بە چۆنیەتی دەرکردنی گۆڤارەکە عەبدولکەریم شێخانی وتی: ((زۆر هەوڵماندا ئیجازەی بۆدەرکەین چومە لای ساڵح یوسفی، چونکە لە حەپسخانە بەیەکەوە بووین و دەمناسی پیموت: بەتەمای ئیشێکی وام، وتی: باشە دەیکەینە پاشکۆی گۆڤاری رۆژی کوردستان. ساڵح یوسفی ئەوکات وەزیربوو. ئیجازەی داینێ سیفەتی رەسمی وەرگرت، خاوەنی ئیمتیاز ساڵح یوسفی بوو. )) (پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ عەبدولکەریم شێخانی، ٢٠٢٢/١/١٤) لەلایەن رژێمە یەک لەدوای یەکەکان، هەرگیز رێگەیان بەوە نەداوە، کە لەشاری کۆیە رۆژنامە، یان گۆڤارێکی تایبەتیان هەبێ.

دوای ئازاد بوونی هەرێمی کوردستان لە دەست ڕژێمی بەعس لە ساڵی (١٩٩١)، کۆمەڵی ڕۆشنبیری کۆیە هەوڵی ئەوەیان دا کە ڕۆژنامەو گۆڤار دەربکەن.
لە مانگی یازدەی ١٩٩٢ (مودریک ژاڵی)، نووسەر و شاعیری کۆیە، دەکرێتە پەیام نێری (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ)، دەتوانین بڵێن یەکەم پەیامنێری شاری کۆیەیە لەدوای ڕاپەڕین. (دیدەنی لەگەڵ مودریک ژاڵی،٢٠٢٢/١/٨)

لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی شاری کۆیە، چەندان ڕۆژنامە و گۆڤار لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ دەرچووین لەوانە: (١٢) گۆڤار کە ئەمانەن: کۆسار(یەکەم گۆڤارە لە کۆیە، ساڵی ٢٠٠٠ دەرچووە). کۆیە، هوما، هاوچەرخ، فیدڕاسیۆنی ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کۆیە، شارەوانی، کلتووری کورد،ڕاما٢٠٠٦، چاوی گەنج، هەناسە٢٠٠٩، گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆزانستە کۆمەڵایەتییەکان، کەکۆن.
(٧) ڕۆژنامە لە شاری کۆیە دەرچووین ئەمانەن: ڕۆژنامەکانی: هاموون(یەکەم ڕۆژنامە بووە لەکۆیە ساڵی ١٩٩٧دەرچووە)، هەنگاوی نوێ، کۆمەڵەی کوردستانی سەوز –ناوەندی کۆیە،کۆیە. تاک(پێشتر ڕۆژنامە بوو دواتر وەک گۆڤار دەرچوو)، ڕیکلام پۆست ٢٠١٦.ڕیوار(٢٠٢٢...) جگە لە ڕۆژنامە و گۆڤار لەوماوەیەش زیاتر لە (١٠)بڵاوکراوە لە کۆیە دەرچووین.
خۆ ئەگەر باسی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی حیزبی دیموکرات بکەین، کە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان بەسەر بواری ڕۆشنامەنووسی کۆیە هەبوو، چونکە جێنشینی کۆیە بوون، ئەوانیش چ وەک بڵاوکردنەوەی بابەتی نووسەرانی کۆیە، چ وەک خوێنەر کە بە زوویی و بە ئاسانی دەگەیشتە دەستیان، ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ئەمانە بوون: ڕۆژنامەی کوردستان، گۆڤاری ژنان، گۆڤاری لاوان، گۆڤاری منداڵان.... لەبەر

ئەوەی توێژینەوەکەمان سەبارەت بە گۆڤاری کەکۆنە بۆیە پێم باشە ناوی دەستەی گۆڤاری کەکۆن بخەمە ڕوو کە تا ساڵی ٢٠٢٤ ئەمانە بووین، پێشتر م. فازیل شەورۆ و د. دەریا جەما حەویزی لە دەستەی گۆڤار بوون، پێش ئەوانیش پێشڕەوی سەید برایم و پەیوەست خۆشناو... بەڵام دوای ئەمانە مانەوە: خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر: ڕەهبەر سەید برایم، جێگری سەرنووسەر: د. هاوژین صلیوە، بەڕێوەبەری نووسین: هێمن ئیلنجاغی. دەستەی نووسەران: نەوزاد غەفوور، ئاراس عەبدولخالق، سەرپەرشتی چاپ. شێخ تالب سەید عەلی و سەرمەد سەلاح سابیر. ڕاوێژکاری یاسایی: پارێزەر عەبدولڕەزاق حەمەدەمین نادر. دیزاین: توانا ئەحمەد. ئەم گۆڤارە تاکو (٢٠٢٤) بە ژمارەی سفری ئەزموونییەوە ٧٥ ژمارەی لێدەرچووە. تێبینی لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کۆیە، تەنها لە گۆڤاری کەکۆن دەقی منداڵان بڵاوکراوەتەوە و گۆشەی تایبەت بەمنداڵان هەبووە.

**بەشی دووەم:**

**مەبەستەکانی شیعری منداڵان لە گۆڤاری کەکۆندا:**

**١.پەروەردەی نیشتمانی:**

ئەم جۆرە شیعرە پانتاییەکی باشی لە جیهانی ئەدەبی کوردی گرتووە، چونکە لە ئەدەبیاتی جیهانیشدا خۆشەویستی خاک و نیشتمان بەشتێکی گرنگ دانراوە، چجای ئەوەی میللەتی کورد کێشەی ئازادی و وڵات داگیر کردنی هەیە، بۆیە ئەم بوارە لە نێو شیعری منداڵان بەزەقی دەبیندرێ، هەرچەندە پسپۆڕانی بواری ئەدەبیاتی منداڵان پێیاوان وایە ئەم جۆرە شیعرانە بۆ تەمەنی سەرووی هەشت ساڵی دەگونجێ، چونکە ئەوکات منداڵ وردە وردە هەست بەشتەکان دەکات، د. فازل مەجید دەڵێ: ((دەکرێ ئەم جۆرە

پەروەردە کردنەی منداڵ لە ڕێگای شیعرەوە بۆقۆناغی سێیەم (٨ـ١٢)و بەرەو ژوور شیاوبێت))(مەحمود،٢٠٠٤: ١١٨)لەو بیست و دوو ژمارەی گۆڤاری کەکۆن بەشێکی بەرچاو لە شیعری نیشتمانی بۆمنداڵ نووسراوە.

کازم کۆیی لە شیعری (کوردستان)دا دەڵێ:

کوردستانم شیرینە
زۆر دڵگیر و ڕەنگینە
شاخی بڵند و جوانە
پڕ کانی و دارستانە
بەهاران لە گشت لاوە
سەوزەگیا و گوڵ و ئاوە
شوێنی سەیران و گەشتە
بەڕاستی وەک بەهەشتە. (کەکۆن، ژ٥٠، ٢٠١٧، ل٥٠)

هەرچەندە ئاماژەمان بەوە کرد، کە شیعری نیشتمانی بۆسەرووی هەشت ساڵی گونجاوە، بەڵام ئەم شیعرە بە شێوەی حەوت بڕگەیی و بەسادەیی نووسراوە و شیعرێکی چوار دێڕییە، خۆشەویستی نیشتمان لەڕێی وەسف کردنی سروشتەکەی بەجوانی خراوەتە ڕوو، بۆیە منداڵانی تەمەت شەش ساڵیش لێی تێدەگەن و چێژی لێوەردەگرن.

محەمەد دارپاس لە شیعری (ئاڵا)دا دەڵێ:

بژی ئاڵای کوردستان
هێمای بەرزی نیشتمان
بەشێکی ڕەنگی سوورە
واتە کە کورد جەسوورە

ڕەنگی سپی خۆدیارە
کورد ئاشتی لەسەر زارە
سەوزیش مانای دڵنیایی
دانەوێڵە و سەوزایی
تیشکی زەردیش نەورۆزە
جەژنی کوردە پیرۆزە
ئاڵاکەمان زۆر جوانە
جێی شانازی هەموانە
شەکاوە بێ هەموو دەم
دەتپارێزم تاکو هەم. (کەکۆن، ژ٥٢، ٢٠١٨، ل٥٠)

شاعیر بەزمانێکی سادە و بە وشەی ڕەوان وەسفی ئاڵای کوردستان دەکات و یەک بە یەک ڕەنگەکانی دەخاتە ڕوو و مەدلوول و مەبەستی ڕەنگەکان شیدەکاتە و دواتر جەخت لەسەر پاراستنی ئەم ئاڵایە دەکاتەوە، کە ڕەمزی نەتەوایەتی میللەتی کوردە، هەڵبەتە وشەکانی: جەسوور، ئاشتی... زیاتر لەدوای تەمەنی هەشت ساڵی لەو ماناو مەلولانە دەگەن.

**٢.گرنگی دان بە خوێندن:**

لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەهەم شاعیرانی کورد هەستیان بەوە کردووە، کە دەبێ کێشەی نەخوێندەواری چارەسەر بکرێ، هەریەک لەشاعیران ئەحمەد موختار بەگی جاف و پیرمێرد و بێکەس و چەندانی تر، دنەی خەڵکیان داوە کە منالەکانیان بنێرنە بەر خوێندن، لە ئێستادا کێشەی ناردنە قوتابخانە نییە، بەڵکو شاعیران زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە منداڵ بچێتە قوتابخانە پێویستە

بخوێنێ و سەرکەوتووبێت و کتێب و دەفتەرەکانی خۆش بوێ و ڕێز لە مامۆستا بنێ و قوتابخانەی خۆش بووێ.

ڕەزا شوان لە شیعری (خونچە گوڵم)دا دەڵێ:

کچۆڵەی کوردستانم
خونچە گوڵێکی جوانم
دڵپاک و بێتاوانم
وەک بەفری سەر کێوانم
ژیر و وریا و بەهۆشم
بۆ زانین بە پەرۆشم
لێو بەخەندە ڕووخۆشم
جلی کوردی دەپۆشم
لە باخچەی منداڵانم
لەگەڵ براو خوشکانم
هاوڕێ دڵسۆزەکانم
سوپاس بۆ دادەکانم.(کەکۆن، ژ٦٠، ٢٠١٩، ل٥١)

ڕەزا شوان شیعرێکی سادەی چەند ڕەهەندی خستۆتە ڕوو، کە لە زمانی منداڵێکی کچەوە قسە دەکات، جوانی کچەکە بە خونچە گوڵ دەچوێنێ. کە منداڵی تەمەن پێنج ساڵان لەو لێکچواندنە تێدەگات، چونکە زۆر بە منداڵ دەتوری تۆ ئاقڵی تۆ گوڵی. گوتەی: (دڵپاک و بێتاوانم)بۆ قۆناغی باخچە قورسە لە ئیدیۆمی دڵپاک تێناگات. دوای ئەوە وشەکانی تر سادە و مۆسیقین منداڵ لێی تێدەگات و وای لێدەکات کە حەز لە پۆشینی جلکی کوردی بکات و هاوپۆلەکانی خۆی خۆش بوێت.

هەوار وشیا لە شیعری مامۆستادا دەڵێ:

مامۆستا فێرکارەکەم
خۆشم دەوێی چاوەکەم
لە سایەی تۆی میهرەبان
توانیمان فێربین زۆر جوان
زانستی سەردەمیانە
هەمیشە هاوڕێمانە
گەر تۆ هاوکارمان نەبی
ئاوا فێرکارمان نەبی
چۆن فێربین بە ئاسانی
زۆر بەنەرم و نیانی
ژمارەکان و ڕێنووس
هەمووم نووسی بە پێنووس
هەڵەکانت چاک کردم
خۆت باشتر فێرت کردم
سوپاس...سوپاس...مامۆستا
شکۆی داهاتوو و ئێستا. (کەکۆن، ژ٦٦، ٢٠٢١، ل٧٩)

لە ناوەڕۆکی شیعرەکەدا ئەوە بەدەردەکەوێ کە ئەم شیعرە زیاتر بۆقۆناغی ٦-٨ساڵانە، کە مامۆستا لەلای قوتابی خۆشەویست دەکات و وای لێدەکات کە ڕێز لە مامۆستا بگرێت، چونکە مامۆستا ئەو مرۆڤە دڵسۆزەیە، کە قوتابی فێرە ئەلف و بێی نووسین دەکات و ڕێگای ڕاستی پیشان دەدات، کە واجیبە لەسەر قوتابی ڕێز لە مامۆستا بگرێ، چونکە ئەو شکۆی ئێستاو داهاتووە، هەرچەندە وشەی: شکۆ، بۆ منداڵ قوس دێتە بەرچاو، بەڵام لەنێو شیعرەکە تا

ئاستێکی باش مانای وشەکە ڕوون دەبێتەوە، واتا لایەنی باشی و پۆزەتیفی وشەکە بەرجەستە دەبێت.

**٣.پەروەردەی ڕەوشت بەرزی:**

مرۆڤ بەهۆی وشیاری و پەروەردەوە لە بوونەوەرەکانی تر جیا دەکرێتە، ئەم جۆرە شیعرانە پڕپڕن لە بەهای مرۆڤدۆستی و بەخشندەیی و خۆشەویستی و ڕۆحی هاوکاری و گرنگی دان بەکەسانی تر، شاعیرانی بواری شیعری منداڵان هەوڵیان داوە لەڕێی وشەی سادە و بیرۆکەی جوانەوە منداڵان ڕاستەڕێ بکەنەوە و بەرەو پەروەردەیەکی جوانیان ئاراستە بکەن.

هاوژین سلێوە لە لە شیعری (چۆلەکەی یەخسیر) دەڵێ:

پشیلەیەک هەڵتووتابوو
بۆ چۆلەکە دانووسابوو
چۆلەکەی جوانی بەسەزمان
دەیڕوانییە شینایی ئاسمان
پشیلە ئەمەی بە هەل زانی
تاوی دایێ و گرتی و هانی
چۆلەکەی داماو لە ترسان
بە چریکەچریک دنیای هەژان
منیش ڕووم لە پشیلە کرد
دووسێ قسەی نەرمم بۆکرد
وتم چۆلەکە داماوە
بەچکەی لە هێلانە ماوە
من دەتدەمێ سەلکێ پەنیر
تۆ بەردە چۆلەکەی یەخسیر

کە پشیلە چۆلەکەی بەردا
خێرا فڕی و باڵی لێکدا،
من سووپاسی پشیلەم کرد
سەلکە پەنیرێکم بۆبرد. (کەکۆن، ژ٥٠، ٢٠١٧، ل٥١)

ئەم چیرۆکە شیعرە بۆ تەمەنی سەرووی هەشت ساڵان دەگونجێ، چونکە بۆ تەمەنی چوار پێنج ساڵ بخوێندرێتەوە، دوورو و درێژە، لە هەمان کات منداڵ لەوە دەترسێ کە بڵێی پشیلەیەک پڕیدایە چۆلەکەیەک و ویستی بیخوات، بەلام سەرووی هەشت ساڵان تەواو هاتۆتە نێو ژیان و ڕاست و چەوت زیاتر لێکدەکاتەوە، ئەوەشی بۆدەردەکەوێ کە ئەو ژیانە خۆشی و ڕووبەڕووبوونەوە و ناخۆشیشی تێدایە، دەبێ وریابین و تێبگەن لە شتەکان. شیعرەکە بەئاراستەیەکی هوشیاری و نەرم و نیانی خراوەتە ڕوو، خەیاڵفراوانی تێدایە کە کەسێک قسەی لەگەڵ پشیلەیەک کردووە، پشیلەکەش تێگەیشتووە، بەسەلکە پەنیرێک کێشەیەکی چارەسەر کردووە، واتا توندوتیژی بەکار نەهاتووە، وەک ئەوەی بەردێک لە پشیلەکە بدرێت و چۆلەکەکە بفرێت. لەم شیعرەوە منداڵ فێرە ئەوە دەبێت، کە لە ژیانی ڕۆژانەیدا کێشەکان بەئاشتی چارەسەر بکات و ڕووحیەتی بەخشین و گفت و گۆی هەبێت و ژیرانە بیربکاتەوە.

کازم کۆیی لە شیعری (مامۆستا)دا دەڵێ:

مامۆستا دڵسۆزە
وەکو دایکمان بەسۆزە
بە وتە و ئامۆژگاری
بە چیرۆک و بە یاری
فێری ڕەوشتمان دەکا

چاودێری گشتمان دەکا. (کەکۆن، ژ٥٥، ٢٠١٨، ل٥١)

شاعیر باسی سیفاتەکانی مامۆستا دەخاتە ڕوو، لە دڵسۆزی وەک دایک وەسفی دەکا، هەمووشمان دەزانین نزیکترین کەس بۆ منداڵ دایکە، وەک چۆن دایک منداڵەکانی فێرە ڕەوشت دەکات، بەهەمان شێوە مامۆستاش هەمان ڕۆڵ دەبینێ.

زارا ئەحمەد جاف لە شیعری (میوان)دا دەڵێ:

ئێستا لەگەڵ دایە گیان خەریکی کاری ماڵم
چاوەڕێی میوان دەکەین بۆیە ئاوا خۆشحاڵم
ڕوومان دەگەشێتەوە ئاسوودەین کە میوان دێ
بە خەندە و بەپێکەنین هەموو دەڵێین بەخێربێ
کاتی خۆش بەسەر دەبەین تا ئێوارە پێکەوە
میوان جێمان دەهێڵێ بۆماڵ دەگەڕێنەوە
خۆزگە میوانمان نەڕوا هەروا پێکەوە دەبووین
یاخود ئاوا جارجارێ ئێمەش بۆلایان دەچووین
بەوە چەندە ئاسوودەم هاوکاری تۆبم دایە
هەرگیز لە یادی ناکەم ئەرکت لە ئەستۆم دایە.(کەکۆن، ژ٦٨، ٢٠٢١، ل٧٩)

زارا ئەحمەد جاف لە شیعرێکی پێنج دێری کۆمەڵێ پەیامی جوانی خستۆتە ڕوو، سەبارەت بەمیوان دۆستی و حەزکرن بە میوانداری و ڕێز گرتنی میوان، ئاماژەش بەوە دەکات کە منداڵەکە خەریکی ئیشی ماڵەوەیە و هاوکاری دایکی دەکات...ئەگەر چی پەیامی ناوەرۆکی شیعرەکە جوان و سادەن و وشەکان سووک و ئاسانن، بەڵام فۆرمی شیعرەکە قورسە و قافییەکان زۆر لە دێرەکان دوور دەکەونەوە، شیعرەکە ١٤ برگەییە، واتا ٧+٧ ئەم جۆرە شیعرانە بۆ منداڵ قورسن، چونکە منداڵ زۆر توانای ئەوەی نییە دوای ١٤ برگە قافییەکە لە

زەینی خۆی بگرێت و ئینجا لە نیوەدیرێکی ١٤ بڕگەی دیکە بەیەکەوە پەیوەستیان بکاتەوە، بۆیە واپەسندە شیعری منداڵان، ٥-٦-٧-٨ بڕگە زیاتر نەبێت.

**٤.پەروەردەی دەروونی:**

ئەم جۆرە شیعرانە دەگرێتەوە کە گڕ و تین و توانا بە منداڵ دەبەخشن کە سیقەی بەخۆی بێ و لایەنی گەشبینی ژیان هەڵبژێری و ئایندەی خۆی ڕوون ببینێ.

ڕۆستەم خامۆش لە شیعری (ئێمەی منداڵ)دا دەڵێ:

ئێمەی منداڵی دڵ پڕ لە هیوا
گیانمان پڕ ئومێد، پڕ سۆز و نەوا
ناخمان زۆر سپی، وەکو بەفری کێو
هەردەم خەندەمان میوانە لە لێو
دەروونمان پاکە، وەک ئاوی کانی
سۆمای دیدەمان دەبینێ جوانی
گەروومان پڕە لە ئاوازی خۆش
گۆرانی و سروود دەمهێننە جۆش
ڕق نییە لەنێو دڵ و دەروونمان
لێبووردەین هەردەم بەرامبەر هەمووان
پەیامی ئێمە ئاشتی جیهانە
بەختیاری مرۆڤ، جوانی ژیانە. (کەکۆن، ژ٤٩، ٢٠١٧، ل٥١)

شاعیر بەگەشبینیەوە لە زاری منداڵان شیعرەکەی دەربڕیوە، کە خەندە و خۆشی دەکاتە دەستە خوشکی یەکدی و بەکۆمەڵێ وێنەی شیعری هەستەکانی خۆی دەربڕیوە. زیاتر وێنەی لێکچواندنی هەڵبژاردووە.

نـاخ=لێچوو، بـەفر= لـەوچوو، وەک= ئـەوزار، ڕووی لێکچوانـدن= ڕەنگی سپی.
دەروون=لێچـــوو، وەک=ئـــەوزار، ئـــاوی کانی=لـــەوچوو، ڕووی لێکچواندن=پاکی. ئەمانە چەندین وێنەی وەسفی بەکارهێناوە. کە وا لە منداڵ دەکات گوێ لە مۆسیقا بگرێت، حـەز لـەگۆرانی بکات و ڕق و قینـی لـە دڵ و دەروون نـەبێت و مرۆڤـی لێبـووردە و بەخشـندە بێت.شـیعرەکە بـە کێشـی دەبڕگـەیی ٥+٥ و سـەروای جـووت نووسراوەتەوە.
هاوژین سلێوە لە شیعری (بوکە شووشە) دەڵێ:

بوکە شووشەکەم پاکە
هاوڕێیەکی زۆر چاکە
چاوی شین و بیگەردە
قژی زۆر جوان و زەردە
ڕوومەتی دەڵێی گوڵە
جوانییەکەیم بەدڵە
لەسەر جەستەی نانووسم
بە بۆیە و بەپێنووسم
پۆشاکی نادڕێنم
هەرگیز من نایگرێنم
لەگەڵ خۆم دەیخەوێنم
خەمی لێدەڕەوێنم. (کەکۆن، ژ٤٨، ٢٠١٧، ل ٣٨)

شـاعیر وەسـفێکی جـوانی بوکـە شووشـە دەکـات، کـە منـداڵی کـچ حـەزدەکا وەک دایکـی ئـەویش دایکایـەتی بکـات و بوکـە شوشـەکەی لەباوەشـی خـۆی بگرێـت، هەڵبەتـە کـاتێ منـداڵ بووکـە شووشـە لـە

ئامێزی خۆی دەکات دڵی خۆش دەبێت و دەروونی هێور دەبێتەوە، کەچی شاعیر وای نیشاندەدات کە دەروونی بوکە شووشەکە هێور دەبێتەوە و خەمەکانی لەبیر دەکات. لەپاڵ ئەمانەش لەگوتەی: لەسەر جەستەی نانووسم...پۆشاکی نادڕێنم. منداڵ فێرە پاک و خاوێنی دەکات، کاتێ منداڵ ئامادەنەبوو لەسەر جەستەی بووکە شووشەکەی بنووسێ، کەواتە لەسەر دیواریش نانووسێ و پاک و خاوێنی دەپارێزێ، نەدڕاندنی پۆشاک واتا تووڕەنەبوون و هێمن بوونی دەروونی منداڵ پیشان دەدات.

سەلاح نیساری لە شیعری (خلخل) دا دەڵێ:

داریا و لارا چکۆڵەن

هاوڕێی گوڵ و پە پوولەن

خل خل دێن دارە دارە

نەختێ دەترسێ لارا

بۆیان دەگرم پەپوولە

خاڵخاڵۆکەی چکۆڵە

ڕادەوەشێنن باڵان

دەفڕن بۆ باخچەی ماڵان

دەتریقێنەوە تاوتاو

شل شل هەڵدێنن هەنگاو

بەدەم چەپڵە و سەماوە

دێن بۆلای دایە و باوە.(کەکۆن، ژ٦٤، ٢٠٢٠، ل٨٠)

ئەم شیعرەی سەلاح نیساری بە زمانێکی سادەی کێشی حەوت بڕگەیی دەربڕیوە، لەڕێی هێنانی ناوی دوو منداڵ بە ناوەکانی: داریا و لارا، کە دەیانکاتە هاوڕێی گوڵ و پەپوولە و خاڵخاڵۆکە. باسی ئەوە

دەكات كە لارا نەختێک دەترسێ، بەڵام دواتر لە ڕووی دەروونییەوە وا لە منداڵەكان دەكات نەترسێن و چێژ لە دیمەنە جوانەكان ببینن، بەتایبەتی لە دوادێر كە بەدەم چەپڵە و سەماوە دەگەڕێنەوە شوێنە زۆر ئارامەكەی ژیانیان، كە ئەویش گەڕانەوەیە بۆلای دایک و باوكیان.

ڕەنیار مودریک ژاڵی: لە تەمەنی حەوت ساڵان شیعرێكی بەناوی (فرمێسكی چاوت) نووسیوە:

فرمێسكی چاوت
بە قەد ئەڵماسێک نییە
تۆ بۆمنت لەیادكرد،
تۆ هەزار جار من لەیادناكەی
تۆ یەک جار منت لەیادكرد؟
چونكە شتت لەمن دزی
بەڵام هەر ئەم هۆكارەش
نەخێر...
بەڵام من لێت خۆش دەبم
خواحافیز ماڵئاوا. (كەكۆن، ژ٤٩، ٢٠١٧، ل٥١)

لە گۆڤاری كەكەكۆن جگە لەم شیعرە دوو چیرۆكی منداڵی حەوت ساڵانیش بڵاوكراوەتەوە، ئەوە جگە لە كۆمەڵێ نیگاری منداڵان، بەپێی تەمەنی ئەم منداڵە هەست بە جوانی شیعرەكە دەكەین، بەتایبەتی لە دێری كۆتایی كە دەڵێ: بەڵام من لێتخۆش دەبم. ئەمە نیشاندانی ڕۆحیەتی پێكەوە ژیان و خۆشەویستی و بەخشینە، بیرۆكەیەكی میانڕەوی پاكی تێدایە، كە دەیخوێنیتەوە هەست بە ئیحساس و پاكی جوانی ئەم منداڵە دەكەی.

### ٥. پەروەردەی ژینگەپارێزی:

ژینگە ئەو شوێنە و دەورووبەرەیە کە مرۆڤ تییدا دەژی، هەموو بوونەوەرەکان هاوسەنگی سرووشت و ژینگە ڕادەگرن، تەنها مرۆڤە ژینگە پیس دەکات و وێرانی دەکات، لەسەردەمی ئێستادا بەهۆی زۆری ئۆتۆمۆبیل و کارگەکان و فڕێدانی پاشماوەی پلاستیک و ماددەی کیمیاوی ژینگەکەمان زۆر پیس بووە، ڤایرۆس و نەخۆشی زۆر بووە، بۆیە شیعری منداڵان ئەو ئەرکە پیرۆزەی گرتۆتە ئەستۆ کە دنەی منداڵ دەدات کە دار و درەخت و گوڵ بچێنێت و ژینگە بە پاکی بهێڵێتەوە، چونکە کاتێ ژینگە پیس دەبێت هەموو گۆی زەوی زەرەرمەند دەبن بەمرۆڤ و بە ڕووەک و بە ئاژەڵانیشەوە. ئەوە ئاشکرایە تەنها دارستانەکانی ئەمەزۆن سەدا بیست و پێنجی ئۆکسجینی جیهان دابین دەکەن، کەواتە مەسەلەی ژینگە پارێزی پەیوەستە بە هەموو جیهانەوە.

کازم کۆیی لە شیعری (سرووشت)دا دەڵێ:

بەهار وەرزی سەیرانە
کاتی گەشت و گەڕانە
دیمەنی گیا و ئاو و گوڵ
خۆشی دەبەخشێ بە دڵ
ئەم دەشتە ڕەنگاوڕەنگە
پڕ لە پەپوولە و هەنگە
نەغمەی بولبولی دەنگ خۆش
ڕۆشن دەکا بیر و هۆش
ئەم سرووشتە سازگارە
نەخشاوە وەک نیگارە

ماڵێکی ئاوەلایە
بێ پەرژین و دەرگایە
دڵی خۆشە بە میوان
دەڵێ فەرموون سەرچاوان
بگەڕێن سەیران بکەن
بەس ماڵەکەم پیس مەکەن. (کەکۆن، ژ٥١، ٢٠١٧، ل٥١)

شاعیر زۆر بەجوانی وەسفی دیمەنە جوانەکانی بەهار دەکات، باسی خۆشی گەشت و گەڕان دەکات، ئینجا باسی پەپولە و هەنگ دەکات. شاعیر شیعرەکەی بە حەوت بڕگەیی نووسیوە و جوت سەرواى بەکارهێناوە و شیعرێکی خۆش ئاوازى خستۆتە ڕوو، مەرامەکەی خۆی لە دوا نیوە دێر دەخاتە ڕوو، ئاماژە بەوە دەکات ئەم سروشتە جوانە کە نەشئە و خۆشی بە مرۆڤ دەبەخشێ، با بیپارێزین و پیسی نەکەین.

ئەلەند مزووری لە شیعری(ژینگەهامە)دا دەڵێ:

بۆ ژینگەهاکا پاقژ
دێ بین ئاواز و لاڤژ
یابێ دویکێل و کادی
تێیدا بژین ب شادی
لێ نەبرن دار و بار
بر نەکەین چ گیاندار
بپارێزین خەملاوان
هەر وەک بیبیکا چاوان
نەشێلین کانی و ئاڤان
دەلێ خۆش بین سەیران

دالێ بگرژیت ئەڤین
تێدا خۆش ب بیتن ژین
دەشت و چیا و ئاقار
تەڤدا گولشەنەن گولزار
ئارام دکەتن دەروون
پێ شادان مان و هەبوون. (کەکۆن، ژ٦٥، ٢٠٢١، ل٨٠)

ئەلەند مزووری بەشیعرێکی حەوت بڕگەیی هەستەکانی خۆی دەبڕیووە و لە دەست پێکی شیعرەکەوە جەخت لە پاراستنی ژینگە و پاک و خاوێنی دەکاتەوە. یەک بەیەک باسی شتەکان دەکات لەوانە پاراستنی ئاژەلەکان، پاراستنی دار و درەخت. پیس نەکردنی ئاو. کە ئەوانە دەبێ وەک بیلبیلەی چاوان بیانپارێزین. مادام ئەم دیمەنە جوانانەی سروشت ئارامی دەروون و دڵمان خۆش دەکەن، کەواتە دەبێ ئێمەش بە پاکی بیانهێڵینەوە.

**٦. خۆشەویستی دایک:**

خۆشەویستی دایک و باوک بابەتێکی دیکەی ئەدەبی منداڵانە، چونکە دایک و باوک ئەو دووکەسە دڵسۆزەن بەدەوری منداڵەکانیان و هەست و سۆزی خۆیان بەمنداڵەکانیان دەبەخشن، منداڵیش هۆگریان دەبێ. لە نموونە شیعرییەکانی ئەو بیست و دوو ژمارەی کەکۆن نموونەی شیعری لەبارەی باوکەوە نەبوو، تەنها دوو نموونەی شیعری لەبارەی دایکەوە هەبوو، بۆیە لێرەدا باسی دایک دەکەین. ((لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بەگشتی منداڵ لە تەمەنێکی نەختێ هەراشدا، لەلایەن باوکییەوە دەکرێتە باوش، تەمەنێک کە زۆر جیاوازە لەو تەمەنەی کە دایکی لەباوەشی گرتووە))(شەورۆ، سلێوە،٢٠١٩: ٤٣)، بۆیە منداڵ زیاتر وابەستەی دایکییەتی، باوک بۆکار و کاسیبی دەچێتە

دەرەوە، دایک زیاتر لەگەڵ منداڵەکەی دەمێنێتەوە و شیری دەداتێ و دەیشوات و خزمەتی دەکات، بۆیە ئەو شیعرانەی کە باسی خۆشەویستی و جوانی و میهرەبانی دایک دەکەن منداڵ دڵخۆش دەکەن.

محەمەد کیانووش، لە شیعری (لەچاوانی دیکم)دا سۆزێکی بێوێنەی خستۆتە ڕوو، د. هاوژین سڵیوە لەفارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەرزمانی کوردی:

لە چاوانی دایکمدا
سەد دەشتی ڕۆشنی تێدا،
سەد کێوی پڕ لە بەفر،
سەد ئاسمانی شین و چڕ.
لە چاوانی دایکمدا،
باشی و پڕ میهرەبانی
پڕنەشئە و شادومانی
لە چاوانی دایکمدا
ئاوازی با و باران
شادی و خۆشی هەزاران
گوڵزاری نێوبەهاران.
لە چاوانی دایکمدا،
ئومێد و شادومانی
دڵخۆشی و کامەرانی. (کەکۆن، ژ٤٩، ٢٠١٧، ل٥١)

شاعیر هێند بە مەزنی باسی دایکی خۆی دەکات، کە هەر منداڵێک دەیخوێنێتەوە دایکی خۆی دێتە پێش چاو، دەتوانین بڵێن هەموو کەونی لە چاوی دایکی کۆکرۆتەوە، دەشت و کێو و ئاسمان، باشی و

میهرەبانی، گوڵ و گوڵزار و ئومێد و شادومانی. ئەم جۆرە دەقانە دەقی جیهانین و سنوورەکانی کلتوور و نەتەوایەتی دەبەزێنن، چونکە هەموو منداڵەکانی جیهان دایکی خۆیان خۆش دەوێ. چەندان زاناو دانا سەبارەت بە مەزنی دیک وتەیان هەیە، بۆنموونە جاکسۆن براون دەڵێ: ((لەرۆژی جەژنی دایکاندا، دایکت لەبیرنەچێ))(شەورۆ، هاوژین، ٢٠١٩: ٦٦)خەلیل مەتران دەڵێ: ((نەتەوەکان بەدایکەوە نەتەوەن))( شەورۆ، هاوژین، ٢٠١٩: ١٤)

لەتیف هەڵمەت لە شیعری (دایکم)دا دەڵێ:

دایکم گلارەی چاومە
هێزی دڵ و هەناومە
دەست و چاوم دەشۆری
جل و بەرگم دەگۆڕی
فێرمدەکا دڵ پاک بم
سەلار و هاورێی چاک بم
وانەکانم بخوێنم
بەنەرمی خەڵک بدوێنم
لە قوتابخانە و لە ماڵ
شەرناکەم لەگەڵ منال
راستگۆبم رەوشت جوان بم
دڵسۆزی کوردستان بم
دایە گلارەی چاومی
هێزی دڵ و هەناومی. (کەکۆن، ژ٥٣، ٢٠١٨، ل٥١)

لە تەمەنی مێرد منداڵی دایکی لەتیف هەڵمەت ئاگری تێبەربووە و بەبەرچاوی لەتیف هەڵمەتەوە سوتاوە و دواتر مردووە، بۆیە شاعیر دەیان شیعری بۆ دایکی نووسیوە، لەم شیعرەدا وەسفی میهرەبانی و

دڵسۆزی دایکی دەکات، کە مەبەستی دایکی هەر منداڵێکە کە ئەم دەقە دەخوێنێتەوە، دایک دەکاتە قوتابخانەیەک کە منداڵ شتی لێفێردەبێ و ڕەوشت و ئاگاری لێفێردەبێ، دایکی خۆی بە گلارەی چاوی دادەنێ. لەتیف هەڵمەت دەڵێ: ((وێنەی دایک لە لە مێشکی هەرزەکاردا، ڕەگ و ڕیشەی بۆسەردەمی منداڵی دەگەڕێتەوە، دواتر بە شێوازی جیاواز جیاواز ئەو سومبولە لە دەربڕیندا شێوەی خۆی دەگۆڕێت، بەڵام دایک هەروەک خۆی دەمێنێتەوە، ڕەمزەکانیش بێژمارەن.))(شەوڕۆ، سڵیوە، ٢٠١٩: ١٥٩) لەکتێبی دایک لە جیهانبینی شیعری لەتیف هەڵمەتدا، لە نووسینی، فازیل شەوڕۆ و د. هاوژین سڵیوە، ئاماژە بەوە کراوە کە لەتیف هەڵمەت لەتەواوی شیعرەکاندا ١٤٢ شیعری بۆ دایکی نووسیوە. ئەمە بەڵگەی بوونی سۆز و خۆشەویستییەکی زۆری شاعیرە بۆ دایکی.

کازم کۆیی لە شیعرێکدا دەڵێ:

دایە دایکی دڵ پاکم
خۆشم دەوێی وەک خاکم
هەموو کاتێ لەیادی
ئەی مایەی خۆشی و شادی
تۆی بەهەشتی جوانی من
ئەی گوڵزاری ژیانی من
سینەو باوەشی نەرمت
شنەی هەناسەی گەرمت
دڵم گەش دەکاتەوە
هەر زوو خەم دەمباتەوە
بۆیە دەبێ دایە گیان

خزمەتت بکەم لە ژیان. (کەکۆن،ژ٤٨، ٢٠١٧ل ٣٧)

کازم کۆیی دایکی نیشتمان و نیشتمانی دایک تێکەڵ دەکات، وا لە منداڵ دەکات کە وەک چۆن دایکی خۆی خۆش دەوێت، ئەوها نیشتمانەکەی خۆی خۆش بوێت. شیعرەکە بە حەوت بڕگەیی و جۆت سەرواداار نووسراوەتەوە، منداڵ حەز بە خوێندنەوەی ئەم شیعرانە دەکەن، چونکە بڕگەکانیان کورتن و منداڵ بە ئاسانی دەریدەبڕن و تووشی هەناسە سواری نایەن، لە هەمان کاتیشدا لە هەر دێڕێکی نوێ هەست بە مۆسیقایەکی نوێ دەکەن. زمانی دەربڕینی شیعرەکە زمانێکی سادەیە و منداڵ بەئاسانی لێیتێدەگات.

### ٧. بەخشینی زانیاری:

مرۆڤ هەمیشە پێویستی بەوەیە زانیاری و زانستی نوێ وەربگرێت، جا زۆر گرنگە منداڵ باربێت لەسەر ئەوەی کە بە دوای زانیاری بکەوێ و کەڵکی لێوەربگرێ، بۆیە شیعرگەلێک لەبارەی زانیاری بەخشن بە منداڵان نووسراوە، کە پێویستە بە زمانێکی سادە بخرێنە ڕوو، زمانێک بێت منداڵ لێی تێبگات، بابەتەکانیش زیاتر ڕیالیستی بە چاوبیندراوبن بۆ منداڵ خۆشترە و باشتر لەبەر زەینی دەستەبەر دەبێت.

شوان ئەحمەد مام عەلی لە شیعری (مانگەکانی ساڵی کوردی) دا دەڵێ:

منالینە گوێڕاگرن بەوردی
لەناو مانگەکانی ساڵی کوردی
دەبێ ئەو مانگانە بزانن
ئێوە پەپوولەی کوردستانن
ناوی مانگەکانی بەهار ئاسانە

مانگی نەورۆز و گوڵان جۆزەردانە
ناوی مانگەکانی هاوین ببێژە
پووشپەڕ و خەرمانان و گەلاوێژە
ناوی مانگەکانی پایز ئەم وەرزە
ڕەزبەر گەڵاڕێزان سەرماوەرزە
ناوی مانگەکانی زستانێ دەمێ
بەفرانبار و ڕێبەندان و ڕەشەمێ. (کەکۆن، ژ٥٦، ٢٠١٨، ل٥١)

شاعیر هەوڵ دەدات بەزمانێکی سادەی مۆسیقادار مانگەکانی ساڵی کوردی فێرە منداڵ بکات، پەیتا پەیتا هەر چوار وەرزەکانی ساڵ بەتایبەتمەندی خۆیانەوە دەخاتە ڕوو و هەرسێ مانگەی پەیوەست دەکات بە وەرزێک، لە ڕێی خوێندنەوە، یان لەبەرکردنی ئەم شیعرە، منداڵ فێری مانگەکانی ساڵی کوردی دەکات، لە دێڕی یەکەمی شیعرەکە، ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەمە بابەتێکی گرنگە بۆیە دەبێ بە وردی گوێبگرن و فێری ببن. سەبارەت بە مانگەکانی ساڵی کوردی لە نێو ئەدەبیاتی کوردیدا دەقێکی زۆری شیعری منداڵانمان هەیە، سەبارەت بە گۆڤاری کەکۆن، جگە لەم دەقە، ڕۆستەم خامۆشیش لەشیعرێکی هەیە بەناوی (مانگەکانی ساڵ) هەشت دێڕییە و لە ژمارە ٥٢ گۆڤاری کەکۆن بڵاوکراوەتەوە.

هاوژین سلێوە لە شیعری (زمانی کوردی)دا دەڵێ:

زاری کرمانجی ژوور و
کە ناسراوە بەسەروو
ئەویش پێنج شێوەزارە
هەردەم وا لەسەر زارە
بایەزیدی بۆتانی

هەکاری بادینانی
ئەوەی تر شەمزینانی
کرمانجی ناوەڕاسته
بیزانه زۆر مەبەسته
موکریانی سۆرانی
سلێمانی ئەردەلانی
پێنجەم دانه گەرمیانی.
زاری کرمانجی باکور
زمانمان به ئەو پشت ئەستوور
لوڕی لەکی کەلهووڕی
مامەسێنی و بەختیاری
خوا پێی داوین بەدیاری.
زاری دیالێکی گۆران
خۆشەویسته وەک چاومان
گۆرانی ڕەسەن یەکەم
هەورامیش دەبته دووەم
زازایی و باجەلانی
پێویسته تۆ بیزانی.(کەکۆن، ژ٥٤، ٢٠١٨، ل٥١)

ئەم شیعره بۆ تەمەنی سەرووی نۆ ساڵی گونجاوه، بەتایبەتی بۆمێردمنداڵان، چونکه زانیارییەکی زۆری تێدایه، بەداخەوه زۆر قوتابی هەیه دەرچووی بەشی کوردییه له زانکۆ بەتەواوەتی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی نازانێ، بۆیه به لەبەرکرنی ئەم شیعره لەلایەن منداڵانەوه. بەتەواوەتی زار و شێوەزارەکانی زمانی خۆی فێردەبێ، لەبەر ئەوەی ئەم شیعره زانیاری بەخشه، به زمانێکی ساده،

بە شیعرێکی حەوت برگەیی خراوەتە ڕوو. دەتوانم بڵێم بۆ هەموو تەمەنێک گرنگە بیخوێننەوە، بەڵام بۆ منداڵ زۆر گرنگترە، بۆئەوەی بەرلەوەی بچێتە زانکۆ ئەو زانیارییانەی هەبێت.

زرار شێواو لە شیعری (پرتەقاڵ) دەڵێ:

خۆشی پرتەقاڵ ترش و شیرینی
گەلێ بەسوودی پڕ ڤیتامینی
ڤیتامینی (سی)لەناوتا دیارە
بۆ لەشی مرۆڤ گەلێ بەکارە
بەرگری ئەکەی لە زۆر نەخۆشی
خۆزگە بەو کەسە تامت بنۆشی
زەرد و جوانی گەلێ دڵگیری
خواردنی منداڵ و هی گەنج و پیری
بۆیە هەمیشە لام خۆشەویستی
بۆ ژینی مرۆڤ گەلێ پێویستی
خوایە بەزیادبێ لەم کوردستانە
شێوەکەت خڕە، پەلکت دەرمانە.(کەکۆن،٢٠٢١، ژ٦٥، ل٧٩)

شاعیر زۆر بەجوانی وەسفی پرتەقاڵ دەکات و سوودەکانی بۆ منداڵ شیدەکاتەوە، بەتایبەتی لەوی کە ڤیتامین سی تێدایە و ئەو ڤیتامینەش زۆر گرنگە بۆگەشەی ئێسکی منداڵ، دنەی منداڵ دەدات کە زیاتر گرنگی بە خوارنی پرتەقاڵ بدات، خوێندنەوەی ئەم شیعرە جگە لە سوود پێگەیاندنی منداڵ لەوەی کە پرتەقاڵ بەسوودە، کۆمەڵێ وشەی تێدایە، کە منداڵ لەڕێگای خوێندنەوەی ئەم شیعرانە زیاتر زمان پاراو دەبێت. کازم کۆیش لە ژمارە ٦٢ گۆڤاری کەکۆن شیعرێکی بڵاوبۆتەوە بەناوی (سێو)ئەویش سوودەکانی سێو دەخاتەڕوو.

### ٨. ناساندنی باڵدە و ئاژەڵ:

مرۆڤ تەنها خۆی لەو کەونە ناژییێت، یاخود دەتوانین بڵێین بەبێ بوونی دار و دروخت و میوەکان و ئاژەڵەکان مرۆڤ ناژییێت، بەتایبەتی منداڵ زۆر حەز لە بینین و سەرنجدان لە ئاژەڵەکان دەکات، تەنانەت ئەفلام کارتۆنی منداڵان و یارییەکانی منداڵان ڕەنگڕێژکراون بە دیمەنەکانی ئاژەڵان، شاعیرانیش هەوڵیان داوە جوانی ئاژەڵ و پەلەوەرەکان بخەنە ڕوو، لەگەڵ سیفات و تایبەتمەندییەکانیان، بۆئەوەی منداڵان زیاتر زانیاری لەبارەی ئاژەڵەکان بزانن و فێرببن چۆن هەڵس و کەوتیان لەگەڵ دەکەن.

ڕەئوف جەمیل، لە شیعری (کەو)دەڵێ:

کەوەکەمان زۆر جوانە
پەروەردەی کوردستانە
شان و ملی نەخشینە
قاچەکانی ڕەنگینە
بەیانیان دەقاسپێنێ
بە دەنگی خۆش دەخوێنێ
هەرکاتێ کە برسی بێ
دان و ئاوی دەدەمێ
کەوەکەمان خرپنە
زۆریش هۆگری منە.(گۆڤاری کەکۆن، ژ٥٦، ٢٠١٨، ل٥١)

وەسفی جوانی کەو دەکات لەجوانی و نەخشینی و خۆشی قاسپەکەی، وا لە منداڵ دەکات، کە ئەگەر کەویان لەماڵەوە هەبێ دانی بدەتێ و خزمەتی بکات. ڕاستە ئەو دنەی منداڵ دەدات دان بە کەو بدات و خۆشی بوێ، بەڵام لە خۆشەویستی کەوەوە منداڵ بوونەوەر و

پەلــەوەرەکانی دیکەشــی خــۆش دەوێ و بــەزەیی پێیــان دێتــەوە. شــیعرەکە بــە شــێوەی حــەوت بڕگــەیی نووســراوە، مۆســیقایەکی یەکگرتووی جوانی هەیە، لەڕێی ئەم شیعرەوە منداڵ ئاشنای کۆمەڵی وشە دەبێ. شیعرەکە ریایستییە و خەیاڵی تێدانییە، بۆیە منداڵی پێنج ساڵانیش لێی تێدەگەن.

محەمەد دارياس لە شیعری (مراوی)دا دەڵێ:

مراوین تەڕ و وشکین
دەستە خوشکی مریشکین
سوود بەخش و نەرم و نیانین
لەناو ئاو مەلەوانین
هێلکان دەکەین بێ ژمار
بەچکەمان جوان و نازدار
لە ڕێ دەڕۆین بەلەنجە
ژیانیش کۆشش و ڕەنجە
هەر لە زوو تا ئێوارە
لەم چەم و دەم ڕووبارە
دەگەڕێین بەدوای خۆراک
زۆر وریا و چوست و چالاک
هەوڵدەدەین بێ وچان
تاکو ماوین لە ژیان.(گۆڤاری کەکۆن، ژ٥٩، ٢٠١٩، ل٥١)

شاعیر وەسفی مراوی دەکات، لە ڕووی شێوەوە لە مریشک دەچێت و هێلکە دەکات، بەڵام سیفاتی جیاوازیشی هەیە و حەزی لە مەلە کردنە و حەزی لەوەیە نزیک بێتەوە لە جۆگە و ڕووبارەکان. وەسفی ڕۆیشتنە جوانەکەیان دەکات. هەوڵدان بۆ دانەوێڵە پەیداکردن، لە

پێناوی ژیاندایە، بۆیە پێویستە منداڵیش لە ژیانی خۆی هەوڵبدات و گەشە بە بەهرەکانی خۆی بدات و بخوێنێ و لە کۆشش کردن نەوەستێ.

شوان محەمەد مام عەلی لە شیعری (ماسی)دا دەڵێ:

ماسی جوان و لەباوە
گیانەوەری ناو ئاوە
پەڕی لە دەر و پشتن
بۆ لەنگەر و ڕۆیشتن
ئۆقرە ناگرێ لە یەک جێ
بە دوای خواردن دەگەڕێ
تەنیا لە ناو ئاو دەژی
هەوای تواوە هەڵدەمژی
لەناو ئاو بێتە دەرێ
گیانی دەچێتە دەرێ
گۆشتی بەتام و خۆشی
پولەکە دایدەپۆشی.(کەکۆن، ژ٦١، ٢٠٢٠، ل٨٠)

شاعیر وەسفی ماسی دەکات و سیفات و تایبەتمەندییەکانی دەخاتە ڕوو، ئەو زانیارییە بە منداڵ دەدات، کە جگە لەو هەوایەی کە ئێمە هەڵیدەمژین و ئۆکسجینی تێدایە، لەنێو ئاویش هەوای تواوە هەیە و ماسی بەم هەوای تواوەیە دەژێت. ناساندنی ماسی و ئەندامەکانی جەستەی و وشەی نوێ، لەوانە: پەڕ، پولەکە، لەنگەر.

هاوژین سلێوە شیعری (جوجکە)ی لە فارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی:

جوجکەکەم جوان و زەردی

دەنوک خەنەیی و ڕەندی
چۆن هاتیە دەر لە هێلکە
چۆن شکاندت قەپێلکە
وتت جێگاکەم تەنگ بوو
دیوارەکەی وەک بەرد بوو
پەنجەرە و دەرگای نەبوو
کەس ئاگای لەمن نەبوو
وەک ڕۆستەمی پاڵەوان
بە هێز هێلکەکەم شکاند. (کەکۆن، ژ٦٩، ٢٠٢١، ل٧٨)

شیعریکی جوانە منداڵ حەزی لەو جۆرە شیعرانەیە، کێشەکەی سوک و ئاسان و حەوت بڕگەییە، قافییەکان هاومۆسیقایەکی جوانیان دروست کردووە، جگە لە وەسف کرنی جوجکەکەو نیشان دانی جوانی، وا لە منداڵ دەکات بەرامبەر بە ژیان بەهێز و خۆڕاگر بێت، وەک چۆن ئەم جوجەڵەیە بەبێ هاوکاری هیچ کەسێک وەک ڕۆستەمی قارەمان قەپێلکی هێلکەکەی شکاندووە، ئەگەر چی منداڵ لەوە تێناگات ڕۆستەمی قارەمان کێیە و داستان و بەسەرهاتەکەی چییە؟ بەڵام هەست بەوەش دەکات کە ڕۆستەم کەسێکی بەهێز بووە. دەروونی منداڵ بەهێزدەکات، بۆنموونە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان کەوتە ناو قوڕ یان ناوبەفر کەس لە دەور و بەری نەبێت، بەخۆی هەوڵبدات هەڵبستێتەوە. واتا لەو جوجکە بچووکە دەرسێک فێردەبێت. لە قوتابخانەکانی ئەورووپا کاتێ منداڵ دەبەنە ناو بەفر و یارییان پێدەکەن، کاتی منداڵەکە دەکەوێت، ئەوان چاودێری دەکەن و هانی دەدەن منداڵەکە بۆخۆی هەستێتەوە سەرپێ، نەک خۆیان بەرزی

بکەنەوە. بۆئەوەی وردە وردە لەگەڵ سەختییەکانی ژیان ڕابێت و بەهێزبێت.

**ئەنجام:**

١. لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کۆیە، تەنها لە گۆڤاری کەکۆن دەقی منداڵان بڵاوکراوەتەوە، ئەویش لە گۆشەی نەوەکان کە سێ بۆ چوار لاپەڕە بووە و لە ژمارە ٤٨ ساڵی ٢٠١٧گۆڤاری کەکۆن، تا ژمارە ٦٩ بەردەوام بووە، واتا تا ساڵی ٢٠٢١ لەماوەی ئەم شەش ساڵە، ٢٢ژمارەی گۆڤاری کەکۆن دەگرێتەوە.

٢. کۆی ئەو شیعرانەی بۆمنداڵ نووسراون لە گۆڤاری کەکۆن ژمارەیان(٥٦)ە، (٥٢)دانەیان کەسی گەورەساڵ بۆمنداڵیان نووسیوە،(١)شیعریش منداڵێکی حەوت ساڵی نووسیویەتی، (٣)شیعریش لە زمانی فارسییەوە کراونەتە کوردی. (٢٤)شیعریش کراوەتە کەرەستەی ئەم توێژینەوەیە، ئەو شیعرانەی کە بەکار نەهێندراون، هەندێکیان بیرۆکەکەیان دووبارە بووە، بۆیە لەگەڵ نموونە هێندراوەکان ئاماژە بەوە کراوە، کە لە کام ژمارەی گۆڤاری کەکۆن نموونەیەکی دیکەی لەم شێوەیە هەیە و ناوی خاوەنەکەیشمان نووسیوە، شاعیریش هەیە لە تەواوی ژمارەکان شەش حەوت شیعری بڵاوکردۆتەوە، ئێمە بەپێی مەبەستەکانی شیعری هەوڵمان داوە، شیعرێک یان دوو شیعری وەربگرین، بۆئەوەی بتوانین شیعری زۆرینەی ئەوکەسانە بخەینە بەر ڕۆشنایی توێژینەوە، ڕەنگ و ڕوو و سیمای شیعرەکانمان خستۆتە ڕوو.

٣. لەو بیست و دووژمارەیەی گۆڤاری کەکۆن نموونەی شیعری ئاینی و شیعری پەروەردەی وەرزشی، شیعر لەبارەی باوک، بەرچاو نەکەوتن بۆیە ئێمەش لەم جۆرە شیعرانە نەدواین.

٤. شیعری زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی لەخۆگرتووە، هەولێر، سلێمانی، دهۆک، سنە...نموونەی کرمانجی سەروو و شیعری وەرگێڕداوویش کراوەتە کەرەستەی توێژینەوەکە.

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوەی کوردی:


١. ئەحمەد، نەوزاد عەلی، منداڵ و ئەدەب، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٦

٢. شەوڕۆ، فازیل، سلێوە، هاوژین، ٢٠١٩، دایک لە جیهانبینی شیعری لەتیف هەڵمەتدا، چاپخانەی سارا، سلێمانی.

٣. عەلی، دارا محەمەد، منداڵ لە هەندێ بواری ڕۆشنبیریدا، چ١، چاپخانە؟، ساڵ؟

٤. فەتاح، محەمەد ڕەشید، کەسێتی منداڵ لە باخچەی ساوایاندا، گۆڤاری ڕامان، ژ ١٤٩، ٢٠٠٠، ل ١٢١

٥. فەرهادی، حەمە ساڵح ، پێگەی شیعری منداڵان لای شاعیرانی کورد، ب١، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣

٦. فەرەج، خالیدە قادر، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا ١٩٧٠- ١٩٩٠، چ١، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣

٧. کەماڵ غەمبار و کەسانی تر، ئەدەبی منداڵان، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢

٨. مەحمود، د. فازیل مەجید، ٢٠٠٤، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٩. مامەند، کەمال، چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی، چاپخانەی الحوادپ، بغداد، ١٩٨١
١٠.چایچی، سیمین، ئەدەبی منداڵان لە کوردیدا و کێشەی چەندایەتی و چۆنایەتی، گۆڤاری گزنگ، ژ ١٠٠، ساڵی ٢٠١٣، ل ٥٢
١١.مەجید، د. فازڵ، شیعری منداڵان لەئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤
١٢.ڕەزایی، یونس، ئەدەبی منداڵان، چرایەک لەسەر ڕێی داهاتوو، گۆڤاری ڕامان، ژ ١٦٧، ٢٠١١، ل ٦١
١٣.سلێوە، د.هاوژین، خامۆش، ئەکرەم، ٢٠٢٢، ئەدەب و هونەری منداڵان ـ دیمانە و ئامادەکردن.
١٤.کۆیی، حاجی قادر، ٢٠٠٧، ناوەندی بڵاوکردنەوەی سەمیمی، سەردەشت.
١٥.محەمەد ئەحمەد حەسەن، ئەدەبی شانۆی منداڵانی کورد، گۆڤاری ڕامان، ژ١٣٣، ٢٠٠٨، ل ١١١
١٦.مامەند، کەمال، ١٩٨١، چەند وتارێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی حوادس، بغداد.
١٧.گۆڤارارى کەکۆن، ژمارەکانی: ٤٨-٦٩،ساڵی ٢٠١٧-٢٠٢١.
١٨.عیسا، هاوژین صلیوە، بەرگی ٢٣،ژ١،ساڵی ٢٠١٩، گۆڤاری زانکۆ بۆزانستە مرۆڤایەتییەکان.
١٩.هەورامی، حەمە کەریم، مەرجە گشتییەکانی ئەدەبی منداڵان، گۆڤاری ڕامان، ژ ١٦٠، ٢٠١٠، ل١٦٠
٢٠.هەڵمەت، لەتیف، چۆن و چی بۆمنداڵ بنووسین، چ ١، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١١

٢١.پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ عەبدولکەریم شێخانی، ٢٠٢٢/١/١٤
٢٢.پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ئازاد دڵزار ١٥-١-٢٠٢٢
٢٣.پەیوندی تەلەفۆنی لەگەڵ د. هیمدادی حوسێن، ٢٠٢٢٢/١/١٦
٢٤.دیدەنی لەگەڵ جەلال جۆبار، ٢٠١١/١٠/٦
٢٥.دیدەنی لەگەڵ مودریک ژاڵی، کۆیە،٢٠٢٢/١/٨
٢٦.دیدەنی لەگەڵ کەمال غەمبار، ٢٠٢٢/١/١١
٢٧.فەیس بووک/٢٠٢١/١٢/٧ – وتەی جولەکەیەک لەبارەی کۆیە.

**سەرچاوەی عەرەبی:**

٢٨. https://www.almadasupplements.com/view.php?cat=7764)
٢٩.(https://alasmeh.com/22290-2/)
٣٠. ١ـ ٢ https://www.zowaa.org
٣١. https://www.theatlantic.com/author/c-m-hewins/
٣٢.تاليف: جماعه من التربويين، تعريب: انطوان رزقالله مشاطى، دار المجانى، بيروت، لبنان، ١٩٨٦
٣٣.كافيه رمضان- فيولا بيلاوي، ثقافة الطفل، ١٩٨٤

**سەرچاوەی فارسی:**

٣٤. »اولین روزنامه در ایران از زبان مؤسس آن« ١٠ـ پایگاه جامع تاریخ معاصر https://fa.wikipedia.org/wiki/
٣٥. – کامران شرف شاهی، بخش اول، پێنج شەممە، ٢٩ موررداد ١٣٩٦ http://www.ettelaat.com/etiran/?p=142831
٣٦. – شیعری کەکودک دوست، ٢٦ فروووردین، ١٣٩٢ http://www.aftabir.com/articles/subcategory

## ملخص البحث

ان بحثنا بعنوان (أغراض شعر الأطفال في مجلة ككون). صدرت مجلة كەكون في الفترة من ايلول ٢٠٠٨ الى ٢٠٢٢ في قضاء كوية – محافظة اربيل. من العدد (٤٨) إلى العدد (٦٩)، لقد خصصت المجلة عمود من ثلاث أربع صفحات بعنوان: الأجيال، من إعداد الدكتور هاوژين سليوه، خصص لأشعار الأطفال وقصصهم ورسوماتهم. لقد اخترنا هذه الأعداد الـ ٢٢ وقمنا بالبحث عن هذه الاشعار فقط.

والسبب في اختيار هذا العنوان أنها المجلة الوحيدة في تاريخ صحافة كوية التي كان لها فصل لأدب الأطفال.

قسمنا بحثنا إلى ثلاثة مواضيع:

فصل الأول:

الموضوع الأول: تعريف ومفهوم أدب الأطفال.

الموضوع الثاني: تاريخ ادب الاطفال.

الموضوع الثالث: خصائص شعر الاطفال.

الموضوع الرابع: نبذة مختصرة عن تاريخ الصحافة بشكل عام وتاريخ الصحافة في كوية.

فصل الثاني: مقاصد شعر الأطفال في مجلة ككون.

و في الختام، لقد تم تحديد عدة نقاط على أنها نتائج. ذكرت المراجع والمصادر، دونت ملخص البحث باللغتين العربية والإنجليزية.

## Abstract

Our research is entitled (The Purposes of Children's Poetry in the Kakon Magazine). Kakon magazine was published from September 2008 to 2022 in Koya district – Erbil province. From issue (48) to issue (69), the magazine had a three-four-page column entitled: Generations, prepared by Dr. Hawzhin Slewa, which was devoted to children's poems, stories and drawings. We have selected these 22 issues and we have only done the research on poems.

The reason for choosing this title was that it is the only magazine in the history of Koya journalism that had a chapter for children's literature.

We have divided our research into three topics:

Topic 1: A brief history of journalism in general and journalism history in Koya.

Topic 2: Definition and concept of children's literature.

Topic 3: The purposes of children's poetry in Kakon magazine.

At the conclusion several points are identified as results. The references and sources are mentioned, and a summary of the research is taken down in Arabic and English.

((ژیاننامەی نووسەر))



* د. هاوژین صلیوە عیسا کەریم، لە دایکبووی (١/ ٥/ ١٩٧٩)، هەرمۆتە - کۆیە.

* (٢٠٠٤) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە.

* (٢٠٠٨) بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە.

* (٢٠١٢) بڕوانامەی دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی بەدەستهێناوە.

* (٢٠١٧) پلەی زانستی بەرزبۆتەوە بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر.

*(٢٠٢٣) پلەی زانستی بەرزبۆتەوە بۆ پرۆفیسۆر.

* زمانی (کوردی) و (عەرەبی)و (فارسی) و (سریانی) دەزانێت.

* (٢٠١٠) خەڵاتی یەکەمی لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە فێستیڤاڵی گەلاوێژ بەدەستهێناوە.

* (٢٠١٢) لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا لە بارەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی خەڵاتی لاوی ساڵی پێبەخشراوە.

* (٢٠١٦) توێژینەوەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ (فازیل شەورۆ) نووسیوە بەناوی (جگەرە لەجیهانبینیی شیعری شێرکۆبێکەسدا)، لە فێستیڤاڵی گەلاوێژ بەشداریان پێکردووە و خەڵاتی یەکەمیان بەدەستهێناوە.
* جێگری بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (زانکۆی کۆیە)بووە.
* ئەندامی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی (هەنگاوی نوێ) بووە.
* یاریدەدەری بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (شارەوان) بووە.
* بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (کەلتووری کورد)بووە.
* جێگری سەرنووسەری گۆڤاری (کەکۆن)ە.
* ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ڕۆشنبیری کەلدان)ە.
* مامۆستای ڕەخنەی ئەدەبییە لە زانکۆی کۆیە.
* ئەندامی سەنتەری مەلای گەورەیە بووە.
* ماوەی دوو ساڵ (٢٠١٩-٢٠٢٠)سەرۆکی بەشی زمانی کوردی بووە لە زانکۆی کۆیە.

**کتێبە چاپکراوەکانی:**

١. لە پاییزەوە بۆ بەهار، شیعر، چاپخانەی بیریڤان، هەولێر، ٢٠٠٧.
٢. وێنەی هونەری لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، دەزگای سەردەم، ٢٠٠٩.
٣. خوشکە نەسیمۆ، کۆمەڵێ حیکایەتی سریانی، وەرگێڕانی لە زمانی سریانییەوە بۆ زمانی کوردی، چاپخانەی کەمال، ٢٠١٢.
٤. مۆسیقای نامۆیی، شیعر، چاپخانەی کەمال، ٢٠١٣.
٥. ڕەهەندی دەروونی لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣.
٦. خۆری دەق و ئاوێزەی ڕەخنە، ڕەخنەی ئەدەبی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.
٧. مێژووی هەرمۆتە، توێژینەوەیەکی مێژوویی لەبارەی مەسیحییەکانی کۆیە ـ هەرمۆتە، چاپخانەی زانا، سلێمانی،٢٠١٣.

٨. هەڵبژاردەیەک لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس، وەرگێڕانی لە کوردییەوە بۆ زمانی سریانی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٥.
٩. هێما ئاینی و ڕۆشنبیرییەکان، ن: صەبری المقدسی، و. لە عەرەبییەوە: دەلال صلیوە، پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی: د. هاوژین سلێوە، ٢٠١٥.
١٠. پاییزی نیگەرانی، شیعر، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٥.
١١. ئیرۆتیک لەشیعری (حەمام)ی شێرکۆ بێکەسدا، هاوبەش لەگەڵ د. دەریا حەویزی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٥.
١٢. کاریکاتێر لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٦
١٣. جگەرە لە جیهانبینیی شیعری شێرکۆبێکەسدا، لەگەڵ:(فازیل شەوڕۆ) نووسیویانە، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٧.
١٤. موسیقى الاغتراب، شعر، المؤلف: هاوژين صليوه، ترجمة: محترم محمد، مطبعة هاوار، دهوك ، ٢٠١٨.
١٥. ئاوێتەبوونی زمانی کوردی و زمانی سریانی- لە شاری کۆیە(شیعر بە نموونە)، کتێبی هاوبەش لەگەڵ مامۆستا شادان شکر، ٢٠١٨.
١٦. تابلۆی پەپوولان، شیعر بۆمندالان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر،٢٠١٩.
١٧. توتییەکی ژیر، چیرۆک بۆمندالان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر،٢٠١٩.
١٨. ڕەخنەی پراکتیکی، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠١٩.
١٩. دایک لە جیهانبینیی شیعری (لەتیف هەڵمەت)دا، لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی دەروونییە، لەگەڵ (فازیل شەوڕۆ) نووسیویانە، چاپخانەی سارا، سلێمانی،٢٠١٩.
٢٠. ئاگردانێک بەقەد نیشتیمان، ژیاننامەی فاروق شەهید عەلی مەولوود، (یاداشتە ڕۆمان)، لەگەڵ (فازیل شەوڕۆ) دایانڕشتۆتەوە و کردوویانە بە بابەتێکی ئەدەبی،٢٠٢٠.
٢١. دیوانی شێواو، توێژینەوە و ئامادەکرن، چاپخانەی ڕۆژهەلات،٢٠٢٠.

٢٢. بنچینەیەک بۆفێربوونی زمانی فارسی،٢٠٢٠ .
٢٣. خەونی فەرمانبەرێک – چیرۆک– ، ٢٠٢٠.
٢٤. زایەڵەی فلوتە ئەویندارەکەی سەرداری باب سەردار، لەگەڵ م. فازیل شەورۆ و د. هێمن عبدالحمید، ئامادەیان کردووە،٢٠٢٠.
٢٥. چیرۆکەکانی حەسەنۆک، ب١-٢، نووسینی محەمەدڕەزا یوسفی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە بۆ کوردی، ٢٠٢١.
٢٦. حەزم لە مۆسیقایە، شیعری منداڵانی تەمەن (٣بۆ٥)ساڵان،٢٠٢١.
٢٧. بەچکە چۆلەکە، چیرۆکی منداڵانی(٣بۆ٥) ساڵان، ٢٠٢١.
٢٨.کۆبەرهەمی قادر بەشدار، شیعر و پەخشان،(٢بەرگ) کۆکردنەوە و ئامادەکردن و پێداچووە، کتێبی هاوبەش لەگەڵ: د. کەیفی ئەحمەد و د. دەریا حەویزی، چاپخانەی حەمدی،٢٠٢٢.
٢٩. دیداری ئەدەبی منداڵان، چەند توێژینەوەیەکی ئەدەبی و ڕەخنەیی، کۆمەڵێ نووسەر، لەبڵاوکراوەی یەکێتی نووسەرانی کورد– لقی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، ٢٠٢٢.
٣٠. ئەدەب و هونەری منداڵان، دیمانەو ئامادەکردنی لەگەڵ ڕۆستەم خامۆش.
٣١. ئەو قامیشە بەو تلیشە، شیعری فۆلکلۆری کوردی، ئامادەکردن، ٢٠٢٣
٣٢. دیوانی بەیاد، توێژینەوە و ئامادەکردن، لەگەڵ مامۆستا فازیل شەورۆ، ٢٠٢٣
٣٣. لەزاری دایکمەوە(پەند و ئیدیۆم و مەتەڵ و شیعر)، ئامادەکردن، ٢٠٢٤
٣٤. ڕەخنەی تیۆری و پراکتیکی، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆفیا - کۆیە، ٢٠٢٤
٣٥. پێنج توێژینەوەی ئەدەبی، ٢٠٢٤

# Five literary researches

by: Professor, Dr. Hawzheen Slewa

2024

# Five literary researches

Professor, Dr. Hawzhen Slewa

2024